زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر
كۆلیژی ئەدەبیات
بەشی مێژوو
قۆناغی چوارەم / لقی گشتی

# تیرە گەلی و دەولەت لە بیر ئیبن خلدون دا

لیكۆلینەوەكی زانستی یە پێشكەشە بە بەشی مێژووی كۆلێژی ئەدەبیاتی زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر ، گراوە بە بەشێك وەكو پێداویستیەكانی پلەی بەكالۆریۆس لە مێژووی گشتی دا .

ئامادەكردنی قوتابی
ئەمیرە سەعدی سەعید

بەسەر پەرشتی
پ – د : محسن محەمەد حسین

٢٧٠٦ كوردی    ٢٠٠٦ زایینی    ١٤٢٧ كۆچی

میژوو نوسین کاریکی ئەو پەری سەخت و دژوارە چونکە هەرگیزناتوانی لە راستی باس و خواس و رووداوەکان ئاگا داربی هەرچی سەرچاوە زۆر تر دەبن سەرگەردانی میژوونوس زۆرتر دەبی.

ئاناتۆل فرانس

## سوپاس و پێزانین

- له سەرەتادا زۆر سوپاس بۆ مامۆستای بەڕێز و لێهاتوو پرۆفیسۆر ((محسن محمد حسين))، کەوا سەرپەرشتی لێکۆڵینەوەکەی کردین ، وە بەزانیارو سەرچاوە و ووتە بەنرخەکانی سودمەندی کردین.

- سوپاس بۆ خاڵی بەڕێزم ((ئیدریس)) ، کە هاندان و ماندووبوو لەگەڵمان وبەبەخشینی زانیاری بووە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆمان.

- سووپاس بۆ بەڕێز ((کاك قاسم)) هاوکاریی بێ وێنەی کردین .

- سووپاس بۆ کتێبخانەی ((ئاڤێستا)) م . فەرید و م. فازڵ و م.مەعروف،و کتێبەکانیان کە ماڵێکن بۆ بەخشینی زانیاری بۆ قوتابیان.

- سووپاس بۆ مامۆستا ((شیرین)) هاورێ و ئازیزم هاوکاری زۆری کردین.

- سووپاس بۆ تەواوی ئەوانەی هاندەر و یارمەتی دەرمان بوون.

# هێما کورت کراوەکان

- هێما کورت کراوەکان:

ل - لاپەڕە

و - وەرگێڕان

س - سەرچاوە

ژ - ژمارە

ب.م - بەبێ مێژوو (ساڵی دەرچوون)

چ - چاپ

ب - بەرگ

س.پ - سەرچاوەی پێشوو

ه.س- هەمان سەرچاوە

ز-زاینی

- هێما عەرەبییەکان :

ص - الصفحة

ت - ترجمة

ط - الطبعة

ج - الجزء

ب.م.-بلا مكان

ب.ت-بدون تاريخ

م.ن- المصدر نفسه

ه- الهجري

م- الميلادي

ع- عدد

# فەهرەست

| | |
|---|---|
| **لاپەرە** | |
| پێشەکی | -١- |
| **بەشی یەکەم** | |
| ئیبن خلدون و فەلسەفە و ئەفریقایی ژوورو | |
| تەوەرەی یەکەم | -٣- |
| چەرخی ئیبن خلدون | |
| تەوەرەی دووەم | -٧- |
| ئیبن خلدون کێیە ؟ | |
| تەوەرەی سێیەم | -١١- |
| ئیبن خلدون فەلسەفەی مێژوو | |
| **بەشی دووەم** | -١٦- |
| دەمارگیری و دەوڵەت و دەسەلات و دیدی ئیبن خلدون تیایدا | |
| تەوەرەی یەکەم | -١٧- |
| * تیۆری تیرەگەلی –و ئیبن خلدون | |
| • تیۆری دەوڵەت – و ئیبن خلدون | -٢٢- |
| تەوەرەی دووەم | |
| سیاسەت و جۆرەکانی سیاسەت و تێڕوانینی ئیبن خلدون | -٢٦- |
| تەوەرەی سێیەم | -٣٠- |
| مەلیك و تایبەتمەندیەکانی | |
| تەوەرەی چوارەم | -٣٩- |
| چەرخی گەرانەوە و تێك شکاندن | |
| **بەشی سێیەم** | |
| قۆناغەکانی پێشکەوتنی دەوڵەت –شارستانی | ٤٥-٤٤ |
| تەوەرەی یەکەم | |
| قۆناغی سەرهەڵدان و دەست پێکردن | -٤٧- |
| تەوەرەی دووەم | |
| قۆناغی تاکرەوی و پێشکەوتن. | -٥٠- |
| تەوەرەی سێیەم | |
| قۆناغی مەدەنیەت و جێگیری و ئاشتەوای | -٥٦- |
| تەوەرەی چوارەم | |
| قۆناغی گەندەڵی و رووخانی دەوڵەت | -٦٠- |

هەواڵنامەی کتێب

دەرئەنجام -٦٣-

لیستی سەرچاوەکان -٦٤-

- سەرچاوە کوردییەکان
- سەرچاوە عەرەبییەکان
- گۆڤارەکان
- سەرچاوەی ئینتەرنێت


هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

هەرچەندە بیری ئیبن خلدون ڕەسەن و کۆنە، دەتوانێت بەشێوەیەکی گشتی ، پێگەی فراوان بگرێت ، لە مێژووی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیەکان دا , ، وە لەلایەن نووسەرانی عەرەبی هەنگاوی جدی بۆ لێکۆڵینەوەو گەشەپێدان لە کتێبە بەنرخەکەی ((المقدمە ــ پێشەکی)) کە زیاتر لە پێنج سەدەیە نووسراوەنەنراوە ، ڕۆشنبیران و نووسەران لە ناوەڕۆکی بێئاگان ،ئەوەی تێبینی دەکرێت بەشێوەیەکی سیستماتیك نەناسراوە لە لایەن جەماوەری کورد بەتایبەتی .

ئیبن خلدون نووسەری سەدەی چواردەی زایینیە کە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی تایبەتی بۆ چەرخی خۆی کردووە ، چەند ین ڕوونکرنەوەی بۆ لایەنی کۆمەلا یەتی و سیاسی و مێژووی و بوارەکانی تری ئەو سەردەم داوە ،ئەو پیاوە بیرمەندو ڕۆشنبیر بووە ، کە تویبنی مێژوونوس و ڕۆشنفکر ((1889 ــ 1977)) وەسفی کردووە بە ((لەپێشەکیەکەی بۆ مێژووی گەردونی ، ئیبن خلدون لەفەلسەفەی مێژوو تێگەیشت و چوارچێوەی بۆ دانا ، کە بێگومان شك گەورەترین کارە کە تائێستا کرابێت لەلایەن ڕۆحی مرۆڤایەتی لە هەموو سەردەم و شوێنێك دا )) .

لە نوسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ژمارەیەك لە سەرچاوەی کوردی وەك ئەلبیرت عیسی وە عەبدولا ئۆجەلان ...هتد وە عەرەبیمان بەکارهێناوە ،لەپێش هەر هەموو سەرچاوەکان پەرتووکە بەنرخەکەی نووسەر خۆی ((المقدمە)) بووە ، لەگەڵ چەندان سەرچاوەی تری بەنرخ و پڕ لەزانیاری کەلە لیستی سەرچاوەکان زیاتر ئاماژەیان پێ دەکەین .

ئەم لێکۆڵینەوەیەش دابەش کراوە بۆسەر سێ بەش ، کە تیایدا لەبەشی یەکەمدا سەردەمی ئیبن خلدون و چۆنیەتی بار و دۆخی ئەو سەر دەمە کە ئیبن خلدون تیایدا ژیاوە و ژیانی ئیبن خلدون و بنەماڵە و چۆنیەتی خوێندن و پێگەیشتن و مردنی وە کارەکانی و بەرهەمەکانی ،هەروەها ئاماژە کراوە بە چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەم بیر مەندە لەگەڵ فەلسەفەی مێژوودا ، تێڕوانینی لەم بارەیەوە .

لەبەشی دووەمیدا باس لە تیۆریتیرەگەلی و تیۆریدەوڵەت لەپاڵ دید وبۆچوونی ئیبن خلدون لەو بارەیەوە، کاریگەری لەسەر کۆمەڵگاوە ئینجا بوونی سیاسەت و جۆرەکانی خۆیان لە چی دەگرنەوە؟ وە لەسەردەمی ئیبن خلدون تیا ژیاوە سیاسەت لە چ ئاستێك بووە و بوونی گەندەڵی و ڕۆڵی لەنێو کۆمەڵگا چۆن بووە ،لەگەڵ بوونی سیاسەت ، بوونی مەلیك یان دەسەڵاتدارێك دێتە بوون ، دەبێ بزانرێ کێیە و چۆن تاك دەگاتە ئەم پایە لەڕێگای چی ؟ وە تایبەتمەندیەکانی چیە ، کاریگەری لەنێو کۆمەڵگای عەرەبی بەربەری ئەو کات چیبووە ، وە چۆن بەرەو دەسەڵاتی تاکڕەوی دەڕوات ،دواتر کورتەیەك

لەچەرخی گەڕانەوە و تێکشکاندن ، چۆنیەتی دیاردەکانی چەسپاندنی باج و ستەملەلایەن دەسەڵات و کشانەوەی کۆمەڵگا بەرەو دواوە .

لە بەشی سێیەمدا ، قۆناغەکانی پێشکەوتنی دەوڵەت یاخود سەرهەڵدان ، گەشەسەندنی شارستانیەت ، هەر لەقۆناغی سەرەتایی کۆچەری تەواو موڵکی دەمارگیری نیشان دەدا ، دواتر بەرەو قۆناغی گەشەسەندن و پێشکەوتن ، کە دەسەڵات ڕۆڵی پاڵەوان دەگێڕێ ، دواتر بەرەو قۆناغی جێگری و ئارامی و مەدەنیەت ، کەتیایدا خەڵك ئارەزووی ستەم و دەمارگیری نامێنێ، تەنها بایەخ بە جل و بەرگ و ڕازاندنەوەی کۆشك و تەلار دەدات ، دواتریش لەقۆناغی پیری دەولەت خۆی دەبینێتەوە کەتووشی هەرەسهێنان و ڕووخان دەبێت ، دەبێتە هۆی تێکچونی بنیادی کۆمەڵگاکە و شیرازەی تێك دەچێت .

بۆیە لە دوایی دا هیوادارم توانیبێتمان کەمێك لەم بوارانەدا قوڵ بووبینەوە ، لایەنی فەلسەفی و بیرو ڕای ئیبن خلدونمان خستبێتە ڕوو، لەبارەی تیرەگەلی و دەوڵەت ، هەتاکو خوێندەواری کورد و قوتابیانی کوردیش شارەزاییەك لەبارەیەوە پەیدابکەن و ئاشنابن بەو بیرمەندە .

بەهیوای سەرکەوتن

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم :

### ئیبن خلدون و فەلسەفە و ئەفریقایی ژوورو

### تەوەری یەکەم :ــ

### چەرخی ئیبن خلدون

وا پێویستە بۆ تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی تێڕوانینەکان و تێگەیشتنەکانی ئیبن خلدون ، دەبێ بارو دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و لایەنەکانی تری بزانین ادلەم کاتەدا وە لە چ ئاستێکدا بووە ؟ وە چۆن ئەمانە ڕەنگدانەوەیان هەبووە لەسەر هزرو چەرخی ئەو بیرمەندە .

ئەو کاتەی ئیبن خلدون لەدایك بوو ، ئیمپراتوریەتی (مووەحدین) لەبوون نەمابوو ، کە بۆ ماوەی (60) ساڵ یەککگرتنی مەغریبیان پاراستبوو [1] ، لەناوەڕاستی سەدەی (13) زایینی دا بنەماڵەی سەربەخۆ و دژبەیەکتر ، دەستیان کرد بەپڕاکتیزەکردنی دەسەڵات حەفسیەکان : کەلە تونس دەسەڵاتدار بوون لەنێوان ساڵانی (1228 ــ 1574) زایینی دامەزرێنەریان (ئەبو زەکەریا) و(ئەبو عبداللە) بوو، لەسەردەمی ئەوان تونس بووە نێوەندێکی بازرگانی و پێشکەوتنی شارستانیەت و زانست و فەلسەفە و پزیشك ، زۆرجار شاعیرو ئەدیب و فەیلەسوفەکانی لە (ئەندەلوس) دەهاتن ڕوویان لە تەختی حەفسی دەکرد ،بەڵام دوای گەیشتنی لوتکەی دەسەڵات وز شارستانیەت بەهۆی شەڕی ناوخۆیی و پێشبڕکێ لە نێوان سەرکردەکان و کردەی ( action ــ جولان ) زیان بەخشی هۆزە عەرەبیەکان کە هەموو کات ئامادەبوون بۆ سوود وەرگرتن لەدیاردەی کزبوونی دەسەڵاتی مەرکەزی ، ئەوان لە سەدەی (16) زایینی دەسەڵاتیان بەرامبەر عوسمانیەکان و ئیسپانیەکان کوژایەوە ،

عەبدولوەدیدەکان : ئەوانیش میرانگری موحیدیەکان بوون لە (تەلمسان) حوکمیان دەکرد لە ساڵی (1235 ــ 1551) زایینی لە ناوەڕاستی مەغریب تا مەڕاکیش حوکمیان دەکرد ، بەڵام بەهۆی بەرەنگاری حەفسیەکان لە ڕۆژهەڵات و مەریەنییەکان (بنو مرین) لەڕۆژئاوا دەسەڵاتیان فراوان نەبوو [2] .

مەریەنییەکان یا (المرینیون) : حوکمڕانیان کرد تاساڵی (1472) زایینی ، لەترسی حەفسیەکان ڕوویان کردە ڕۆژئاوا ، وە (مەڕاکیش) یان کردە پایتەختی خۆیان لە ناوچەی بیابان دسەڵتی خۆیان قایم کرد ، وەلە سەردەمی ئەوان سەقامگیرترین و خۆشترین سەردەم لەمێژووی باکووری ئەفەریقا دەستی پێکرد، بایەخێکی ڕێژەییان بە کشتوکاڵ دا ، وە دەستیان کرد بەبازرگانی کردن لەگەڵ ئەورووپای خوارو بەهۆی ئەزمونی کۆتاییان لە سیاسەتدا

---

[1] د.محمود عبد المولي : ابن خلدون وعلوم المجتمع ، دار العربيه ــ 1980 ، ص 12 .

[2] د.ئەلبرت عیسی: تیرە گەلی و تبۆری دەوڵەت لەبیری ئیبن خلدون ، وەزارەتی ڕۆشنبیری سلیمانی , 2002, لا 28 .29 .

باشترین ڕێکخستنی حوکمیان هەبوو [1]، هەسێ دەوڵەت ئاراستەی جیابونەوەیان لەسیاسەت گرتبووە بەر ، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی ڕۆشنبیری و ئاینیەکان لەنێوانیان چەسپاوبوو، بەڵام جیاوازی گەورە و زۆر هەبوو لەسیاسەت بۆئەوەی خۆیان یەك خەن .

شارەکان و پایتەختەکان بارو دۆخیان شڵەژاو بوو بەهۆی ململانێی خێزانی لەسەر دەسەڵات ، چونکە هەریەکە هەوڵی ئەوەی دەدا دەسەڵات بگرێتە دەست ، لەگەڵ ئەو هەموو ئاڵۆزی و پەشێویە ، شارە گەورەکان نێوەندێکی بازرگانی گەورە و دەورێکی باڵای دەگێڕا لە ژیانی ئەفەریقای باکوور ،لەهەر دەوڵەتێك ، شوێنی ژیانی دینی و ڕۆشنبیری و سیاسەت و لوتکەی گردبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لە بازرگانانی مەسیحی و ڕۆژهەڵاتەکان ,شارەکان جێگای چڕبوونەوەی دانیشتوان بوون بە پێی ئەو چەرخە[2] . سیستماتیك بەرەو پووچەڵبونەوەو کەوتن دەچوو ، جارێکی تر مەغریب بەش بەش بوو، (وەکو ئاماژەمان پێکرد) ، یەکێتی مەغریب وەك خونێکی ڕابردوو دەهاتە پێش چاو، و ئیسپانیاش بەتەواوی لەدەست کۆنترۆلی ئیسلامی عەرەبی دەرچوو بوو ، لەلایەکی تر هۆکاری ڕق و کینە زۆر بوو ، مردنی هەموو دەسەلا تدارێك دەبووە هۆی کێشەی میراتی ، پێشبرکێ لەنێوان نەوەی ئەو حاکمانەی کە دەمردن ، ئاژاوەیەکی وای دەخولقاند گەر زۆری بخا یاندبا بەکوشتاری زۆر کۆتایی دەهات ,پیلانی کۆشك و کوشتن و کودەتا ، کاری ڕۆژانە بوون ،وە زبرەکان و شێخی کۆشکەکان و حاکمی خێزانە خانەدانەکان پێشبڕکێیان لەگەڵ یەك دەکرد ،لە وەرگرتنی گەورەترین ژمارە لە خەڵکی کۆچەر و پیاوی بەکرێگیراوی عەرەب و مەسیحییەکان لەناو لەشکرەکانیاندا[3] .

هەرچەندە سەرۆك هۆزەکان دەسەڵاتی سروشتی ئاینییان هەبوو ، بەڵام ئەوە نەیتوانی دەسەڵاتەکان نەیانتوانی کاریگەری خۆیان هەبێ, بۆسەر هۆزە (کۆچەرەکان) سەرکەوتوو نەبوون بەسەریاندا ، ئەم هۆزانە بەردەوام بوون لەهێشتنەوەی ئۆتۆنۆمی خۆیان و تەنانەت باجی خۆشیان نەدەدا[4] .

لەمیسریش کە مەمالیکەکان پاراستیان لەڕووخان لەدژی (خاچ دروشمەکان) ، کەزۆر هێرشیان بەرێ کرد لە دەریاوە بۆیان ، بەم هێرشانە توانیان سنورێك بۆ مەغۆلەکانیش دابنێن ، بەڵام لەسەدەی (14) زایینی هەوڵی زۆر درا بۆ لێك هەڵوەشانەوەو پاچە پارچە کردنی سیاسەت ، لەگەڵ ڕۆینی کاتدا بوونە دەوڵەت ی ڕکابەر لەگەڵ یەکتر[5] .

---

(1) د.ئەلبرت عیسی: س.پ. لا 30 .

(2) د.محمود عبد المولى : م. ن. ص, 13 - 14 .

(3) د.ئەلبرت عیسی: س.پ , لا 31 - 32 .

(4) د.ئەلبرت عیسی: ه.س , لا 31 - 32 .

(5) د.محمود عبد المولى : م. ن. ص 15 .

وەلـەبارەی بـارو دۆخـی دەرەوەی چـەرخە ،لەئـەوروپا زۆری شـۆڕش و بـونی ململانێـی نـاوخۆیی و هەڵوەشانەوەی سیاسی ، پێچەوانەی بارو دۆخی سیاسی فەڕەنسا ، وە ژیان و ئابووری ئیتاڵیا دەرکـەوتووبوو لە هەریەکە لەشارەکانی (جەنەوا، میلانۆ، فلۆرێنسا، ڤینیسیا) . وەلەساڵی (1337) زایینـی فەڕەنسا دەسـتی بەشەڕی سەدساڵە کرد ، ژیانی ئابووری و سیاسی لەوپەڕی خراپی دابوو، بەڵام لەئیسپانیا بەتایبەت ئیسپانیای ئیسلامی (ئەندەلوس)، تەنها میرنیشینی (غرناطە) ببووە ژێر دەستەی میرنیشینی قشتالەی (مەسیحی) [1] .

مێژوو لەو چەرخە دەیسەلمێنێ ,ئەوروپا دوو بەش بوو ، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ، وە دیـن و سیاسـەت دوو دەسەڵاتی باڵا دەست بوون ،بەسەر هەردوو پارچـەدا ، پەیوەنـدی کـەم لـەنێوان ئـەم لایـە هـەبوو ، هـیچ وێکچونێك لەنێوانیان نەبوو تەنها لە گەڕانەوە بۆ دواوە و کۆنەپەرستی نـەبێ ، لەهـەردوولا دەرەبـەگ دەسـتی بەسـەر چینەکانی تـری کۆمـەڵگا گرتبـوو، وە چـینی ڕۆشـنبیران کـەم و پـشت گوێخرابـوون ، کەنیـسەش بڕیاردەری ژیان بوو [2] .

ژیان لەئەوروپا بەم شێوەیە بوو ، لەهەمان کاتدا شارەکانی عەرەبی لەدەرکەوتن و پێشکەوتن وبـۆ پێـشکەوتنی تردابوو کە پێی دەوترا (ڕۆژهەڵاتی خواروو یان ناوەڕاست) . لەگەڵئەوەی پاڵەپەستۆی زۆرو تۆقـان و پـشێوی و ئاڵۆزی لەناوچەکە دەبینرا ، وە شارستانی عـەرەبی بـۆ ڕۆژئـاوا دەگواسـترایەوە ، وەك بـیرو ڕاکـانی (ئـیبن ڕوشـد) پەڕیـەوە بـۆ ئـەوروپا [3] . شۆڕشـی ڕۆشـنبیری و دەوڵـەتە بازرگانیـە گـەورەکان ، جیادەکرێنـەوە بەتایبەتمەندی هەڵگەڕانەوەی سیاسی ،ململانێی بازرگانی ،وە زۆری شەڕو شـۆڕ ، هـەتا بنیادنـانی کۆمـەڵگای دەرەبەگایەتی لە ئەوروپا ، لەچەرخی ئیبن خلدون ، جیـاوازی دەبـێ لەگـەڵ پێکهاتـەی کۆمـەڵگای بـاکووری ئەفەریقا ، کەلە تەنگ و چەڵەمەی سەخت و زۆر ژیان ، تاماوەیەکی درێژ بەردەوام بوو .

ئـەفریقیای بـاکوور لـەجیهانی ئیـسلامی زوو جیـابۆوە لەڕۆژهـەڵاتی ئیـسلامی ، وەبزاڤـی خواریـجەکان داوای یـەکسانیـیان دەکرد [4] .

ئەمە بەگشتی بارودۆخ و سیمای چەرخی ئیبن خلدون بـوو ، ئـەو بـارو دۆخـە کاریگـەری زۆری لەسەر ژیانی ئیبن خلدون هەبوو بۆ ئەوەی کەسێکی ئایینی و ڕۆشنبیری و سیاسـی پەیـدا کردبـوو ، چـالاکی زۆریان هەبوو هەر لە سەردەمانی زووەوە ....... هەر لەم بارەوە ماڵی ئیبن خلدون یەوە شوێنی چـاوپێکەوتنی پیاوانی زانست و ئایین و ئەدەب ، دەبێ هێل بەژێرئەوە دابهێنری کە ئەم ژینگە ڕۆشەنبیریـەی ئـیبن خلـدون و بواری باشی بۆ پەوەردەبوونی ،

---

(1) د. محمود عبد المولى : م. ن.ص، 16 - 17 .

(2) د.جورج حنا : قصه الانسان , بيروت , 1973 , ط5 , ص105 .

(3) د.جورج حنا : قصه الانسان , بيروت , 1973 , ط5 , ص 102 .

(4) د. محمود عبد المولى : م. ن.ص, 18 .

لەلایەن پیاوە بەناوبانگەکانی زانست بۆ ڕەخساندن [1].

جگە لەوەی خۆی ئاماژە دەکات و هەڵکەوتەی جوگرافی گرنگی زۆری هەیە لەپێگەیاندن و پەروەردەکردنی مرۆڤ ، وەلە پێشکەوتن و دواکەوتنی ، وەلەسەر شێوازی شارستانیەت ، ئەمەش تەنها هۆکار نیە ، بەڵکو لەپاڵ ئەوە هۆکاری گرنگی تر هەیە وەك : ڕووداوە مێژوویەکان ، باوەڕ , هۆکارەکانی تەکنۆجیا ، هەروەها شارستانیەت [2].

جگە لەمانەی ئاماژەمان پێکرد ، کەسایەتی خۆی ، هەبوونی ژیری هەر لەبچوکیەوە هاوسەنگی خێزانی و کەشی زانستی و سەرچاوەی کتێبخانەی ماڵەوە ، بونە خۆراکی پێگەیاندن ......چوونی بۆ زانکۆی (زەیتونە) تێدا زانستی هزرو ئا ین تیادا دەخوێندرا ، باشترین مامۆستاکانی سەردەم وانەیان تێدا دەوتەوە بۆئەو کات شتێکی کەم وێنەی جیهانی ئیسلامی بوو ، هەروەها تێکەڵبوونی بەزاناکان و بەردەوامی لەگەڵ پەیوەندی پێوەکردنیان ، هەموو ئەمانە وای کرد ، بریاردەرو خاوەن متمانەی زۆری بەخۆیبێ.

لەلایەکی تر شارەزایی زۆری لە نێوەندە شارستانیەکان ، چونکە کوڕی ئەرستۆکرات بوو ، ئەم سروشتەی هەڵگرتبوو ، بەڵام زانیاری لەبارەی (کۆچەریەکان) پەیداکردبوو ،بەهۆی ئەوەی (5) ساڵ لەنزیکیان ژیا لەناوچەکانی (تلمسان) و (بسکرە) ، ئەمانە کاریگەری لەسەر ئیبن خلدون کرد ، لەوێنەکێشانی بنیادنانی مرۆڤایەتی ، دیاردەی بون لەدانانی تیۆرەکەی (تیرەکەی) .

دەست بەکاربوونی لەپلەی دادوەری ، لەمیسر بەتایبەت شارەزای زۆری لەلایەنە شاراوەکانی مرۆڤایەتی ، کێشە کۆمەڵایەتیەکان , باری ئابووری ، کەدواتر شتی زۆری لەبارەیان نوسیە بەشێوەیەکی قوڵ .... وانەوتنەوەشی ، زانیاری زۆری لەلایەنی شەریعەت ، مێژووی ئیسلامی ، عەجەمی ، ژمێریاری فەلسەفە ، پێگەیاند ، ئەوانە وای کرد بەپێوەری چەرخی خۆی لەڕووداوەکان بکۆڵێتەوە ، ڕەخنە لەخودی خۆشی بگرێت ، بۆچاکردنی بۆچوونەکانی [3].

لەپاڵ هەموو ئەمانە لەچەرخی ئیبن خلدون کارێکی ئاسان نەبوو بۆ پاراستنی ڕەوەشت بەرزی ، توانای زۆری دەویست، (ئەبو العلاء معربی) یەکێك بوو لەوانەی لەپێناو پاراستنی سەربەرزی خۆی و مانەوەی بەسەربەخۆیی توانی ، پیاهەڵدانی میرەکانی دەسەڵاتداران ڕەتبکاتەوە ، ئەمەش لەرێگای ڕاکردنی بۆ سوریا . بەڵام ئیبن خلدون جیاوازی هەبوو لەگەڵ (ئەبو العلاء) چونکە ئارەزووی ژیانی دەکرد ، هەوڵی دەدا دەوری کارا بگێڕێت ئەمیش تەنها نەیدەویست ئاگادارو وشیارێ و خاوەن ڕەوشت بێ ، بەڵکو دەبوایە زۆر زیرەك و دبلۆماس بێ ، ئیبن خلدون لەم بوارەش سەرکەوتوو بوو [4].

---

(1) د.نەلبرت عیسى:س.پ., لا 18 .

(2) علاء ابو زیدی : ( مجله الامه ) نظريات في الفكر المنهجي عند ابن خلدون,ب2, ع 38 ,1404ه,ص2 (alajeeb. www.google.com )

(3) على بو عزيز : تعريف بابن خلدون , ص2 (/Int/ www.google.com )

(4) ناشانیل شمت : ابن خلدون مورخ وعالم الاجتماع والفيلسوف ، بغداد - 1999 ، ص90.

## تەوەرەی دووەم:-

## ئیبن خلدون کێیە ؟

عبدالرحمن کوڕی محەمەد کوڕی محەمەد کوڕی محەمەد کوڕی حەسەن کوڕی جابری محەمەد کوڕی ابراهیم کوڕی خلدون[1] ، ناونیشانی (ئەبوزێد)ە ، نازناوی(ولی الدین)ە ، ناوبانگی بە (ابن خلدون) دەرکردووە [2]، (ابن خلدون) هەوەك خۆی ئاماژەی بۆ ڕەچەڵەکی کردوو دەڵێ:(لەبنەڕەت دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکی(یەمەن) عەرەبی (حضرەموت) [3] و لەبنەماڵەی (وائلی کوڕی حجر) کە یەکێکە لە صحابەکان ،لەکاتی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام چۆتە ئەندەلس بۆ جیهادکردن لە (قرمونە) نیشتەجێبووە وە چۆتە (اشبیلیە) دواتر لەناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی کۆچی چوونەتە (تونس) و دەرکەوتن لەڕووی زانست و وەرگرتنی پلەی بەرز لەبواری سیاسەت) [4].

لە بارەی ژیانیەوە لە(1)ی ڕەمەزانی (732ك) لە تونس لەدایك بووە و باوکی پەروەردەی کردووە ،قورئانی پیرۆزی لای مامۆستاکەی (ابێ عبداللە محەمەد کوری سعد کوری برال) خوێندووە ، وانەی زانستی (زمان ، فقه ، نحو ، صرف ، ڕوانبێژی و ئەدەب) ی خوێندووە و قوتابی چەند مامۆستایەکی ناودار بووە ناودارترینیان (ابی عبداللە کوری عنزی الهایری - ابوعباسکوڕی احمد القصار - ابو عبداللە الواد باشی - لبو عبداللە محەمەد الجیانی), وەوانەی زانستی بیر(عقل) یان فلسفە (زانستی ئەودیو سروشت - لۆژیك - زانستی سروشتی - گەردونی) لای مامۆستا (ابی عبداللە محەمەد کوری ابراهیم الابلي) خوێندووە [5].

لە ساڵی 750ك نەخۆشی پەتا ( طاعون) بڵاوبویەوە، دایك و باوکی زۆر لە مامۆستاکانی لەدەست دا , ئەمەش بوە هۆیەك بۆ لەدەست دان و وازهێنان لەخوێندن ، هەروەها حەزکردنی بەگەڕان و گواستنەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر هۆکارێکی تر بووە[6] .

---

(1) ابن خلدون , تاریخ العلاقة ابن خلدون , ج14 , دار الکتب اللبناني ,1983 , لا795 ؛ د.فاضر عقل , التربیة قدیمها وحدیثها , بیروت - لبنان - 1974 , ص63 .

(2) د.زینب محمود الخضیري, فلسفه التاریخ عند ابن خلدون , ط2 , دار التنویر , ص16 .

(3) ابن خلد ون , م. ن.ص, 796 ؛انعام الجندی , دراسات فی الفلسفه الیونانیه والعربیه , بیروت - لبنان , بدون التاریخ , ص198 .

(4) ابن خلد ون : م. ن.ص

(5) ابن خلد ون , م. ن.ص , د.زینب , هەمان سەرچاوە ؛ د.فاضل زکي محمد , الفکر السیاسی العربی الاسلامی بین ماضیة وحاضرة , بغداد, ص27. .

(6) ابن خلد ون , م. ن.ص, د.زینب محمود الخضیري : م. ن.ص..

لەساڵی (752ك) ڕوو لەسیاسەت دەکات بووە سکرتێری دەسەڵاتداری تونس (ابو محمد کوڕی تافراکین) دوای نەمانی ئەم دەسەڵاتدارەبەرەو مەغریبی ناوەڕاست دەڕوات [1]. وە لەساڵی (754ك) خێزان پێك دەهێنێ دوای ئەوەی مغریبی ناوەڕاست لەلایان سڵتانی مغریبی دوور (سوڵتان ابی عنان) داگیر دەکرێ ، خۆی لە سڵتان نزیك دەکاتەوە ، لەساڵی 756ك سوڵتان لەئەنجومەنی زانستی دادەنرێت ، وەلە( 757ك ) (خلدون) تاوانبار کرا بەتۆمەتی پلان گێڕی دژی سوڵتان لەگەڵ (میر محمەد) میری بجایە ، بۆیە سوڵتان بڕیاری دا بەزیندانی کردنی تاوەکو مردنی سوڵتان لە (759ك) ڕزگاردەکرێ گەڕایەوە سەر کارەکەی [2].

لە (764ك) (ابن خلدون) بەرەو ئەندەلس سەفەری کرد خۆی لە سوڵتان (ابی عبدالله بن الاحمر) غرناتە نزیك کردەوە وەئەویش کردئە (باڵیۆز) لەنێوان خۆی و مەلیکی قشتالە ، وەتوانی سەرکەوتوو بێ لەکارەکەی چونکە خۆی پیاوێکی سیاسی بوو .

لەساڵی 766ك دەچێتە (بجایە) ئەمیری ئەم شارە زۆر ڕێزی لێدەگرێ دەیکات بە پەردەدار(حاجب) ی خۆی کە لەپلەی وەك سەرۆك وەزیرانی ئێستا بوو ،لەهەمان کاتدا وانە دەڵێتەوە لە زانکۆی (قصطبة) ، دوای ئەوەی سوڵتان (ابی عباس) دەست دەگرێ بەسەر ئەم شارە ، (ابن خلدون) لەکار لادەدات بەهۆی ئەوەی هاوڕێی ئەمیری ئەم شارەبوو, ئەویش بەرەو (بەسکرە) دەڕوات ، شەش ساڵ خۆی و خێزانەکەی دەمێننەوە لەوێ هەندێ جار دەردەچوو بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی لەمەوەش پەیوەندی لەگەڵ کۆچەرەکان (البدو) پەیداکرد ، توانی زۆر تێکەڵیان بێت شارەزایی زۆر لە داب و نەریت و ژیانیان پەیدابکات وەیارمەتی زۆری دا لە دانانی تیۆرەکەی لەبارەی دەمارگیری و دروست بوونی دەوڵەت ، وەسوڵتانەکانی مغریبی دوور و ناوەڕاست سوودیان لەم کۆچەرانە دەبینی [3].

هەر لەم ساڵە (ابن خلدون) ڕزوو لەقەڵای (بنوسلامە) دەکات ، کەدەکەوێتە ناوچەی (وەهران) لەوڵاتی جەزائیر هەتا 780ك ، لەسیاسەت دابڕا ، گرینگی بەپێشبین کردن و بیرکردنەوە دا خۆی خەریك کرد بەنوسینەوەی کتێبەکەی ((المقدمە)) . لە 780 ك لە(قەڵای بنوسلامە) دێتە دەرەوە سەردانی تونس دەکات ، ئەویش بۆ گەڕان بەدوای هەندێ سەرچاوە و پەڕتووك ، لەلایەکی تر ئارەزووی گەڕان و ڕووبەڕووبونی مەترسی دەکرد ، لەلای سڵتانی تونس مایەوە کتێبەکەی تەواو کرد پێشکەشی بە سوڵتان کرد [4]. لە 784 ك (ابن خلدون) داوای لە سوڵتان کرد دەیەوێت بچێت بۆ حەج کردن و بەرەو مصر بەرێکەوت ، بەڵام بەمەبەستی جێبەجێکردنی فەریزەی حەج نەبوو

---

(1) انعام الجندی : ن.م.ص198 .

(2) ب .ناشانیل شمت : ابن خلدون المورخ وعالم الاجتماع والفیلسوف , بغداد 1999 , ص 83 ؛ د. سعد مرسی احمد , تطور الفکر التربوی , قاهیره , ص289 .

(3) د.زینب محمود الخضیري: م. ن.ص 20 ـ 21 ؛د. فواد البعلی , ابن خلدون وعلم اجتماع الحدیث , سوریا ـ 1997 ,ص 16 .

(4) ب.ناشانیل شمت : م. ن.ص 83 ـ 84 .

بەڵکو خۆرزگارکردن بوو لە مەترسی کە هەستی پێکردبوو [1] ، بۆماوەی 20 ساڵ مایەوە ، ئەمەش شتێکی سەیربوو بەلای مێژوونووسان ، چونکە (ابن خلدون) زۆر حەزی لەسەفەر دەکرد ، تاوەکو مردنی هەر لەمصر مایەوە .

(ابن خلدون) لەمصر هەوڵی دا خۆی نزیك بخاتەوە لەسوڵتانی مصر لەسەردەمی مەمالیکەکان (مەلیك ظاهیر بیبرس البندقداری) داوای لێدەکات یارمەتی بدات بۆهێنانی خێزانەکەی بۆ مصر ، ئەویش یارمەتی دەدات , وەلەزانکۆی (ئەزهەر) وانە دەڵێتەوە ، بەڵام لەکاتی هاتن خێزانەکەی لەناو دەریای ناوەڕاست خنکان و کەوتنە نێو دەریا [2] ، تەنها دووکوڕی (محەمەد و علی) رزگاریان بوو [3] .

له786ك کرا بە (قاضی قضاة) ، لەم کارەی زۆر دادوەر دەبێت ، بەڵام بەردەوام نابێت چونکە لەلای زۆر لەزاناو فەقێیەکانی مصر رەخنەی لێدەگیرێ کەچۆن دەبێ بێگانەیەك ئەم پلەیە وەربگرێ ، بۆیە لە 788 ك لەدەسەڵات لادەدرێت .

دوای مردنی سڵتان (ظاهیر البندقداری) کوڕەکەی (مەلیك ناصر) دێت ، دوبارە کردیەوە (قاضی قضاة) ، بەڵام له791ك لادرایەوە لەکارەکەی وەله 803ك گەڕایەوە سەر کاری وانە وتنەوەو دەستی بەنووسین کرد .

وەله803ك هەواڵی هاتنی (تیمورلەنگ) ی مەغۆل بەرەو شام بڵاو بویەوە ، (سوڵتان ناصر) سوپایەك کۆدەکاتەوە و (ابن خلدون) یش لەگەڵ خۆی دەبات ، دواتر (مەلیك ناصر) بۆ مصر دەگەڕێتەوە ، (ابن خلدون) یش هەڵی چاوپێکەوتنی لەگەڵ (تیمورلەنگ) بۆ دەرەخسێ دوای رێکەوتنی ئاشتی لەنێوان شارەکەو سەرکردەی مەغۆل ، لەچاوپێکەوتنەکەی باسی مغریب و ئەفریقیاو زۆر لەناوچەکانی بۆ دەکات ، بەڵام هیچ پلەیەك وەرناگرێ دەگەڕێتەوە مصرو بۆ سەر کارەکەی [4] ، لە25ی رەمەزانی 808ك ئەم بیرمەندە گەورەیە کۆچی دوایی دەکات , لەگۆڕستانی (صوفیە) نێژرا لە مصر لەدەرەوەی دەرگای قاهیرە [5].

گرنگترین نوسینەکانی ئەم بیرمەندە :ــ

1. کتاب العبر ودیوان المبتدأ والخبر في أیام العرب والعجم والبربر ومن عاصرهم من ذوي السلطان الاکبر .
2. المقدمه
3. کیف عرفت المقدمه في العصر الحدیپ .

---

[1] ابن خلد ون : م. ن.ص 1058 .

[2] ابن خلد ون : ن.م.ص 1060 , د.زینب محمود الخضیري :م. ن.ص 24 .

[3] د. سعد مرسی احمد : م. ن.ص292 .

[4] د.زینب محمود الخضیري: م. ن.ص24 ـ 25 ـ 26 ؛ والتر .ج فیشل ، لقاء ابن خلد ون اتیمورلنك ، بیروت 1952 , ص 69 .

[5] عبدالرشید الصادق : الموسوعه الفلسفه المختصره , بغداد ــ 1983 , ص14 .

4. ما يوخد على المقدمة

5. التعريف بابن خلدون رحلته شرقا وغربا

6. الباب الحصل .[1] في اصول الدين

7. شرح البردة للبوصيري هى الكتاب من مدح الرسول .

8. تخليص الكتاب الفخر الرازي في علم التوحيد

9. الكتاب في الحساب

10. ورسالة في المنطق .[2] . مخلص في المنطق

(11. ملخصات لتاليف ابن رشد

12. شرح لقصيدة ابن خطيب في اصول الفقة

13. وردت هذه الاشارات في اصاطة لابن خطيب )[3].

---

(1) لجنه في وزاره التربيه :بغداد مدخل الى تربيه القديمه , ص58 .

(2) على ابو عزيز :تعريف بابن خلدون (www.google.com) Internet .

(3) د.محمد طالبى :منهجيه ابن خلدون التاريخيه , ط1 , 1981 , بيروت ـ لبنان , ص6 .

## تەوەرەی سێیەم :-

## ئیبن خلدون فەلسەفەی مێژوو

ئیبن خلدون مێژوو نوس و توێژەرەوەو بیرمەندی سەردەمی خۆی بووە ، زانایەکی دووربین ، خاوەن تێبینی ووردو بۆچوونێکی زانستی پێشکەوتوو بووە . بەشێوەیەك سەیری ڕوداوەکانی کردووە لەدەرەوەو ناوەوەی کۆلیەوە ، وە بۆئەوەی ئاکامی باش بەدەست بێنێت ،

مێژوو لای ابن خلدون سەیرکردن و پشکنین و هۆو زانینی بۆچوونەکانە ، سەرەڕای ئەوەش دەڵێن : (مێژوو هونەرێکە لە هونەرەکان کەنەتەوەکان و نەوەکان بەژداری تێدا دەکەن) [1] ، بەمەش لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێتەوە . هەروەها ابن خلدون هەر لەبارەی مێژووەوە دەدوێت : (بزانە کەوا هونەری مێژوو بەباوەڕێکی چەسپاو ، زۆر بەکەڵك ، مەبەستێکی چاك کەوا ڕامان دەگرێت لەسەر باسی پێشینەکانمان ، نەتەوەکان لەڕەوشتیان ، پێغەمبەران لەژیانیان ، وەپاشاکان لە وڵاتەکانیان و ڕامیاریان تابەتەواوی کەڵك وەرگرتن و پشت بەستن بەوەی ئاماژەی بۆ دەکات لە دین و دنیادا) [2] .

ابن خلدون ئەم پرۆگرامەی کردە پاڵپشتی خۆی بۆ دۆزینەوەی ڕاستیەکانی مێژوو ، کە جەختی کردە سەر پەیوەندی نێوان هێزو شیکردنەوەی هۆکارو ئەنجامدا ، بەمەش تەنها دەنگ و باس ناگوازێتەوە بەڵکو شیکەرەوەو ڕەخنەگرێکی وردبین بووە لە نوسینەکانی .... کەکاریگەری هەیە بۆڕەوتی ڕوداوەکان و دیاری کردنی چۆنایەتی ڕاستیە کۆمەڵایەتیەکان کە خۆی لەدروست بوون و نەمانی دەوڵەت دەبینێتەوە ئەمە پەیڕەوی مێژووی نوێی دیاری کرد و سنوورداری کرد کەیاسای تایبەت بۆ ڕاڤەی مێژوو دابنێت [3].

وەلەبارەی دیاری کردنی ڕەوتی مێژوو ، چەندین بیرو ڕای جیاواز هەن کەبەهۆکاری سەرەکیو بڕیاردەرو ڕەوتی مێژوو دیاری دەکەن هەندێك باوەڕیان بەخوایە کەئەو تاکە هۆکارەو بڕیاردەرە لەڕەوتی مێژوو ، وەهەندێکی تر باوەڕیان وایە کەپاڵەوانان ئەوان دروستکەرو جوڵێنەری مێژوون ، هەندێکی تر باوەڕیان وایە کەهۆکاری سەرەکی ئابووریە ، وەلەهەندێ کاتدا تاکە هۆکارە [4]، بەڵام مێژوو بەلای ابن خلدون زانستێکە کە لێکۆڵینەوە لە دیاردە

---

(1) ابن خلدون : تاریخ العلاقة ابن خلدون ، ج14 ، دار الکتب ، لبنان ، 1960 , ص 2 .

(2) ابن خلدون : م. ن.ص.12 .

(3) ڕەحیم سابیر : فەلسەفەی مێژوو , چاپەمەنی گەنج , چ2 , 2005 , لا82 .

(4) د.زینب محمود الخضیری, فلسفه التاریخ عند ابن خلدون ,ط2 , 1985 , لبنان , ص64 ـ 65 ؛ محمد جلوب فرحان :الفیلسوف والتاریخ , جامعه الموصل , ص23. .

کۆمەڵایەتیەکان دەکات لەژیانی مرۆڤ دا ، دۆزینەوەی مێژووش دەگەڕێتەوە بۆ خوا [1].

هەروەها ابن خلدون ئاماژە دەکات کە دەبێ مێژوونوسان شارەزابن لەهەموو زانیاریەك ، چونکە نوسینی مێژوو خۆی لەتێرمان و تێخوێندن و لێکۆڵینەوەی ڕاستی بینین و درك پێکردن و ئەزمونگەری دەبینێتەوە ، جیاواز سەیرکردن بۆهۆکارەکان کەلە چوارچێوەی زەمینە دا بێت [2]، هەروەك ابن خلدون لەپێشەکیەکەی دا دەڵێت (ئەگەر ڕوایەتی تەنها پشت بەگوێزرانەوە ببەستێ ، بڕیارنەدا بەنەریتی باو بنەمای سیاسەت و سروشتی عەمران و هەواڵی نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ، پێوانە بۆ دیارو نادیار نەکات ، بۆ ئێستاو ڕۆیشتوو ، لەوانەیە بڕوای تێدا نەبێت لە دەستکەوتن و پێشکەوتن و ڕاستگۆیی) [3]، ئەمەش پەیوەندی لەنێوان ڕووداوە مێژوویەکان و یاساکان کە هەیە ، هەندێ جار کەم و کوڕی تیایا ڕەتی کردۆتەوە لەبەرامبەر یاساکانی سروشت ، نمونەی زۆری داوە لەوانەش : چیرۆکی حەزرەتی موسا و سوپای بەنی ئیسرائیل [4].

ابن خلدەن هەوڵی داوە مێژوو بخوێنێتەوە بەشێوەیەکی فراوان کەچاخەکەی ڕێگەی پێداوە ، زۆر لە لێکۆڵینەوان وادادەنێن ، کە ابن خلدون کرداری تێخوێندنی تەواوی بۆ مێژووی جیهان نەکردووە ، بەڵکو لێکۆڵینەوەکەی کورت کردۆتەوە لەسەر مێژووی عەرەب و ڕۆژهەڵات و مغریب ، لێرەدا ئەم بڕیارە تۆزێك زیادەڕۆیی تێدایە چونکە هەر باسی ئەمانی نەکردووە ، بەڵکو ئاماژەی کردووە بەمێژووی موسوڵمانان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و ئیمپراتۆرەکانی پێشووی هاوچەرخی خۆی ، ئەمەش ئەوپەڕی کە بارو دۆخ ڕێگای پێداوە ، ئەوەی لێکۆڵینەوان داوای دەکەن ، نە مێژوونوسان و لێکۆڵینەوانی ئێستا بەتەواوی ئەنجامیان نەداوە ، لەگەڵ پێشکەوتنی هۆکاری گەیاندن و ئاسانکاری لە لێکۆڵینەوە [5].

ابن خلدون اە (پێشەکییەکەی)دا هەوڵ دەدات بۆ گەڕان بەدوای کەم و کوڕی و هۆکاری شەڕو ڕووداوەکانی مێژوو هەروەك خۆی دەڵێت : ((لە ناواخنی ڕوانگە ، لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەیە بۆ بونەوەرەکان وە بنەما ووردبینەکانی و زانستێکە بۆچۆنیەتیەکانی بەسەرهاتەکان وەقوڵی هۆکارەکان)) [6].ابن خلدون لێکۆڵینەوە مێژوویی‌یەکەی لە پرۆگرامی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی (دانایی) دادەنرێ ، هەروەها دەڵێت : مێژوو لە سەرووی ئەمە

---

(1) ڕەحیم سابیر : هەمان سەرچاوەی پێشوو , لا88.

(2) محمد جلوب فرحان : م ن.ص37، ڕەحیم سابیر : هەمان سەرچاوەی پێشوو , لا82.

(3) ابن خلدون :تاریخ العلاقة ابن خلدون , دار الکتب , لبنان, 1960 , ص12 .

(4) د.زینب محمود الخضیري:م ن.ص70.

(5) د. هاشم یحیی ملاح : دراسات فی فلسفه التاریخ , موصل ـ 1988 , ص189 .

(6) ابن خلدون :م ن.ص.2.

((ڕەسەنایەتییە لە دانا یی وە کۆنەو شا یستەی ئەمە کەبە خولقێنەری زانیاریەکان بژمێردرێت)) [1]؛ ئەمەش دەردەخات کە ابن خلدون هەستی کردووە بەزانشتە بەنرخەکەی کەدەچێتە پاڵ زانستی فەلسەفی کەپشت دەبەستێ بە هزر لەلێکۆڵینەوەی د یاردە کۆمەڵایەتیەکان لە چوار چێوەی مێژوو ، ئەمەش زانستی فەلسەفەی مێژوو بوو لەگەڵ ئەوەی ئەوم زاراوەی بەکارنەهێناوە[2] .

ابن خلدون ووشەی زانستی (science) ی لەلێکۆڵینەوەکەی بەکار نەهێناوە بۆ تێگەیشتنی لەمێژوو لەجێگای ئەو زاراوەی (معرفه) (زانین ، زانیاری - knowledje) بەکار هێناوە مەبەستەکەی ئەوو (زانستە)، جێگای بایەخە کە لێکۆڵینەوەکەی ابن خلدون لە بارەی کۆمەڵگای مرۆڤا یەتی بەوە هەڵدەستێ بەبەستنەوەی ڕابردوو ئێستاو داهاتوو بەستنەوەیەکی زانستی و ژیرانە ئەمەش دەکەوێتە نێو لێکۆڵینەوەی فەلسەفەی مێژوو[3] .

لەبارەی فەلسفەی مێژووش وەك پێناسەیەك کە (د.زینب) دەری بڕیوە دەڵێت : ((دەربڕینی زانستی ڕوداوەکانی مێژوویی بەتێڕوانینێکی فەلسفی و هەوڵدان بۆ زانینی هۆکارە سەرەکییەکان کەبڕیار دەدا لەسەر ڕووداوە مێژوویەکان، وە کارکردن و هەڵێنجاندنیان و بەیاسا گشتیە چەسپاوەکان کەبەهۆیەوە نەتەوەکان و دەوڵەتەکان گەشەیان کرد لەماوەی سەدەکان و نەوەکانی کەپێدا تێپەڕ دەبن )) .

وەزاراوەی ((فەلسفەی مێژوو)) لەسەدەی هەژدەی زایینی بەناوی ((زانستی مێژوو)) یان ((چونە ناوەوەیەك بۆ مێژوو)) بوو زیاتر لەسەدەی نۆزدە زایینی ناسرا .... چونکە پێشتر ئەم زاراوەیە بەکارنەهاتبوو جگە لە (بەفەلسفەبوونی مێژوو)، واتە زاراوەی (فەلسفەی مێژوویی) لەنیوەی یەکەمی لەسەدەی نۆزدە بەکارهاتووە[4] . لێرەدا دەردەکەوێ ابن خلدون ئەم زاراوەی بەکارهێناوە ، وەك ناوێك بۆ لێکۆڵینەوەکەی بەڵام پێی ووتوە (عمران بشری) ئەم زاراوەیەش بەپێی لە لێکۆڵەرەوان لەوانە (نیکولسون) لەپەرتوکی (تاریخ ادب لدی العرب) وە (تویبنی) لەپەرتوکی (دراسە فی التاریخ) وە (أ. رۆز نتال) لەکتێبەکەی (ابن خلدون مفکر من شمال افریقیا فی قرن الرابع العشر) ئاماژە دەکەن کەزاراوەی ((عمران)) بەمانای (شارستانی) دێت . ئەمەش تەنها زانستێکە کەفەلسفەی مێژوو لێی دەکۆڵێتەوە .....مێژوو و زانستی شارستانی لێکۆڵینەوە لەدوو لایەن دەکەن بۆ هەمان ڕلستی [5]،

---

(1) ابن خلد ون :م ن.ص2.

(2) د. هاشم يحيى ملاح , دراسات فى فلسفه التاريخ , موصل ـ 1988 , ص 189 .

(3) پ .ناشانيل شمت : ابن خلدون المورخ وعالم الاجتماع والفيلسوف , بغداد ـــ 1999 , ص64 ؛ ڕەحیم سابیر : س.پ, ص88.

(4) د.زينب محمود الخضيري: الفلسفه التاريخ عند ابن خلد ون , ط2 , 1985 , لبنان , ص 67 ـ 68 ؛ساطع الحصيرى : دراسات عن مقدمه ابن خلد ون , بيروت ـــ 1967 , ص 170 .

(5) د.زينب محمود الخضيري :,م ن.ص67.

مێژوو لەڕوکاری دەرەوەی ڕووداوەکان دەکۆڵێتەوە وەك ابن خلدون دەڵێت : ((هەواڵێکە لەڕۆژگاری دەوڵەتان و گفت و ئاخافتنیان لە سەدەکانی سەرەتایی دا)) [1] ، زانستی شارستانی و سروشت و هۆکاری ڕوداوەکان ڕوون دەکاتەوە (ڕوکاری ناوەوەی) بەلێکدانەوەیەکی لۆژیکی ، بۆلێکۆڵینەوەی شارستانی پێش لێکۆڵینەوەی مێژوو دەکەوێت .

ابن خلدون دانەری فەلسفەی مێژوو یان فەلسفەی کۆمەڵگای بنیادنراو لەسەر هاتنی یەکلەدوای یەکی ڕوداوەکان وە ئاشکراکردنی کەم وکوڕی یاساکانی ، ئەگەر توانیمان ئەوە بکەین ئەوە مێژوو دەبێتە زانستێك لەنێو گرنگترین بنچینەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی ، ئەمەش ڕووداوەکان بەیەکتر دەبەستێتەوە وەك بەستنەوەی نەخۆشی بەچارەسەر ، یان ئەگەر ڕوداوەکان بەیەکتر چوون لەسەردەمەکان ئەوە بەسەرهاتەکانیش بەیەکتر دەچن ، وەئەگەر باوەڕمان هێنا بەوەی کە هەڵسو کەوتی خەڵك جێگیرە ئەو کاتە ئاسانە بۆ لێکۆڵینەوەی ڕوداوەکان زانیاریمان دەدەتێ, ئەمەش ڕێچکەیەکی باوەڕپێکراو دەبێ بۆزانینی ڕابردوو وەزانینی داهاتووش ، لەبەر ئەوەی ڕوداوەکان کاتێ لەخولگەی بڕیاردەر پێویست دەکات لەسەرمان بەرەتکردنەوەی کەئەوانەی بۆمان دەگێڕنەوە لە هاوەڵەکانی پێشوو [2] .

ئەمەش یەکێکە لەو تایبەتمەندانەی کە ابن خلدون جیادەکاتەوە لەمێژوونوسانی تر ئەوە کە ئەو مێژوونوس و بیریار بووە ، لەبارەی فەلسفەی مێژووش زانیویەتی کە مێژووی ڕاست ئەوە لەخۆ دەگرێ کە خۆی هەواڵێکە لەبارەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ، ئەمەش تێڕوانین لەکردەوەی مرۆڤ و دروستکردنیان و زاجەی باو بە پیرانی مرۆڤ کەپەیوەندی بە گوزەران و خەڵکانی ترەوە هەیە ، هەروەها چۆنیەتی دروست بوونی دەوڵەت و بنیادنان و فراوان بوونی و دواتر هەڵوەشان تاوەکو ڕووخانی [3] .

کارێکی تری ابن خلدون بەراوردکردنی ڕابردوو و داهاتوو هەروەکو لێکۆڵەوەکەی داینەمی فەلسفەی مێژووە [4] .

هەروەها ئەم د یاردەیە پێشکەوتوو و نەتەوەکان و داهاتەکان وە خۆشیەکان بەردەوام نابێت لەسەر هێلێکی ڕاست و پەیڕەوێکی چەسپاو ، بەڵکو جیاوازیەکە لەڕۆژگارو کات و گۆڕانە لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر [5] .

لێرەدا ئەگەر بپرسین ئایا ابن خلدون هیچ شتێکی وەرگرتووە لەبیرمەندی موسوڵمانەکان و ڕۆژئاوا ؟ بۆ لەوەڵامی ئەم پرسیارە : ابن خلدون شتی لەبیرمەندی موسوڵمانان وەرنەگرتووە ، چونکە شارستانی ئیسلامی لەم سەردەمەدا رووکاری ئایینی پێوە دیاربوو بەشێوەیەکی بەهێز ڕەنگی دابووەوە ، وەئەگەری ئەوەش لەکەلتوری یۆنانی

---

(1) ابن خلدون :م ن. ص2.

(2) فؤاد كامل ورفاقه : فلسفه المختصره , ـ 1983 , ص15 ؛ د. هاشم يحيى ملاح , :م ن.ص188 .

(3) www.google.com / file / ^ / H7 / h7 / Al falstat – htm – p1-2

(4) معن خليل عمر : تاريخ الفكر الاجتماعى , بغداد ـ 1984 ,ص105 ؛ ناشانيل شمت :م ن، ص 64 .

(5) ابن خلد ون : م ن،ص 52 .

شتی وەرگرتبێ ، لەم کاتە سێ بیرمەند هەن ئەوانەش (ئەفلاتون و ئەرستۆ و تبو سیدید) ، بەڵام ابن خلدون ئەوانەی نەناسیوە ، بەمەش دەردەکەوێت کە خۆی بیرمەندێکی مێژووە و زۆر نزیك و بەسەرنج و تێڕوانین بوو ، بەلۆژیکێکی بەهێز بیری کردۆتەوە [1].

هەواڵنامەی کتێب

(1) د.زينب محمود الخضيري : م ن ،ص 70.

# بەشی دووەم

## دەمارگیری و دەوڵەت و دەسەڵات و دیدی ئیبن خلدون تیایدا

ـ تەوەرەی یەکەم

- تیۆری دەمارگیری ـ و ئیبن خلدون
- تیۆری دەوڵەت ـ و ئیبن خلدون

ـ تەوەرەی دووەم

سیاسەت و جۆرەکانی سیاسەت ـ تێڕوانینی ئیبن خلدون

ـ تەوەرەی سێیەم

مەلیك و تایبەتمەندییەکانی

ـ تەوەرەی چوارەم

چەرخی گەڕانەوە و تێك شکاندن

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی دووەم

## تەوەرەی یەکەم :

### أ- تیۆری دەمارگیری ــ و ئیبن خلدون

زۆر لە نوسەران و زانایان و توێژەران ئەم چەمکەیان هەریەکە بەتێڕوانینی خۆیان بۆیان باس کردووە. هەندێك دەمارگیری وەك چەمکێکی پوختی سیاسی پێناسە دەکەن وە یا وەك چەمکێکی سایکۆلۆژی یان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی وشك و واتایەکی پێ دەبەخشن کە دەیکات بە هاوتای چەمکە سۆسیۆلۆژیەکان .

زۆر لەنوسەران وەك چەمکێکی ((هاوکاری ئۆرگانیك)) دەگرن وەك ((هاوکاری کۆمەڵایەتی - social soli darity)) وەیان ((هاوکاری گروپ )) هەروەها لەلای نوسەرە ڕۆژئاواییەکان کەدوای نمونەی وەرگێڕی فەرەنسی ((دێ سڵان)) دەکەون پێناسەی دەکەن بە ((ڕۆحی یەکێتی)) [1]، یان ئەوانەی لاسایی ((فلاتر رۆز تیتال)) وەرگێری ئەمریکی دەڵێن ((هەستی گروپ)) یا ((یەکگرتنی گروپ)) یا ((ویستی گشتی)) یا ((هەستی هاوکاری)) ...هتد، هەندێکیش پێناسەی دەکەن بەزێدەڕۆیی تێدا دەڵێن ((هەستی نیشتیمان)) [2]، لەکوردی دا تیرەگەلی بەمانای ((دەمارگیری)) پێناسە دەکرێ [3].

جگە لەمە بەمانای ((المشاعیە ــ partisa ship ــ بەربڵاوکردن)) یان ((پارت)) یا ((هەستی هۆزگەرایی)) ، ((ڕۆحی هۆزگەرایی)) , ((پەیوەندی خوێن)) ، ((هەست کردن بە یەکێتی)) [4]، ابن خلدون لەبارەی ((دەمارگیری)) وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ــ ((phenomenonin nature)) وەك هێزێك لە کۆمەڵگا لەیەك کاتدا ((pawer in society)) کەجۆرێکی تایبەتە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان [5].

وەزاراوەی ((دەمارگیری)) سەرچاوەکەی لە (ع ص ب) یا (کۆبونەوە ، کۆدەبنەوە) لەشوێنێك ، لەشێوەی زمانەوانی مانای توند بەیەك بەستن ، وەووشەی ((عصابە)) بەمانای یەکخستن هاتووە [6].

وەزاراوەی ((دەمارگیری)) بەکارهاتووە پێش ئسسلام وەك بەڵگەیەك کەسێك بەکاری بهێنێ بۆکێشەیەکی خۆی بەرگریکردن شتێك وای لەیەکێك بکات پارێزگاری لەکۆمەڵگاکەی بکات بەبێ ئەوەی بەچاوی دادگا بگات بۆ

---

(1) صلاح الدين بەسيونی ارسلان : سياسه والاقتصاد عند ابن خلد ون ، ن.م, ص 46 .

(2) د.ئەلبرت عیسی: تیرەگەلی و دەوڵەت لەبیری ئیبن خلد ون لا 73.

(3) د.ئەلبرت عیسی: هەمان سەرچاوەی پێشوو, لا73 - 74 ؛ د. فواد البعلي : ابن خلد ون وعلم اجتماع الحديث ,الدار المدى - 1997 ,ط5, ص 61 .

(4) د. فواد البعلي , ن.م, ص 61 .

(5) ابن خلد ون :, تاريخ العلاقه ابن خلد ون , (( المقدمه ابن خلد ون )) , ج1 , بيروت , لبنان ,1960 , ص223 - 224 .

(6) صلاح الدين بسيونی ارسلان : ن.م، ص 47 .

## چارەسەری کێشەکانی [1].

لەڕووی سایکۆلۆجیەوە ((دەمارگیری)) مانای لایەنگیری و خۆبەبارکردن دێت ، لە کۆمەڵیش دا بەمانای کەس و کاری مرۆڤ و تیرەکەی دێت ، زاراوەکەلەعەرەبی ماناکەی گەورەترە لەو مانایەی لەزمانی فەرەنجی دەیدات بەجۆرێك کەوا مانای عەرەبی داتاشراو دەبێت بە (دەمار) کەئەوانە هەست و جوڵە پێ دەکرێت دەگەیەنێتە لەش و گەێنەری نێوان ((لەش و مێشکە)) [2].

توندی دەمارەکان بەمانای تەندروستی یان ((عصبە ـ دمار)) ئەو نەوەو کوڕانەیە کەرپشەی پیاو رادەکێشێ وە (المتعصب) (دەمارگیر) دێتە پێناسەی کەسایەتی ئەو کەسە کە لایەنگیری وەخۆبارکردن ، بەڵام زاراوەی ڕاستی فەرەنسیيبە مانای (بڕیاردانێکی پێش وەختە) بەئینگلیزی (presu dice) بە فەرەنسی (pres¯uge¯) یان (بیری پێشەکی) بە(ئەڵمانی = vorurteil) وە (پرتوگال = preconceito) .

وەلە ڕووی زمانەوانیيەوە دەمارگیری لەژێرخستنی دەروونی کۆمەڵایەتی هەیە ، وەکو وێنەی دەرخستنی ناشرینی و یا خراپەکاری بۆنوغنە دەڵێن ڕووی ڕەش هەڵگەڕایە (لەتوڕەیی) یا دڵی پڕ لە ڕەشایەتیيە ڕقی لە ڕەشایەتیش دەبێتەوە ، جگە لەوەی لەڕووی دەروونناسی کە بوونی دەمارگیری لەکۆمەڵگایەك دەبێتە بۆماوەیی وەکو شارستانی ، خێزان و دەزگا پەروەردەیی یەکان دەبنە هۆی گواستنەوەیی و فێرکردن وجێگیرکردنی ،ئەوانەی دەگەنە سەر دەسەڵات زیاتر دەمارگیریيان پێوە دیار دەبێ ، زۆرجاریش کاتێك دژی کیانێکی تر بەرامبەری وەك ئەو ڕق و کینەی کە یەهودیەکان هەستی پێ دەکەن بەرامبەر بە فەڵەستینیەکان [3].

لەڕووی سایکۆلۆژیيەوە دەمارگیری مانای لایەنگیری و خۆبەبار کردن دێ ، لەکۆمەڵیشدا کەس و کاری مرۆڤ و تیرەکەی دێ ،زاراوە لەعەرەبی دا مانای گەورەترە لەو مانایەی کەلە فەرەنگی دەی دات بەجۆرێك کەعەرەبی داتاشراو دەبێت بە (دەمار) وەکو یەکەی (دەمارەکان) ئەوانە کە هەست و جوڵەی پێدەکرێت لەلەش گەیەنەری نێوان لەش و مێشك [4].

ئایا جیاوازی هەیە لەنێوان دەمارگیرو زاراوەی (تۆامن) یەکگیری وەهەروەها دەمارگیرو ویژدان ، لێرەدا (سیمۆن) بڕوای اویە کە جیاوازی لەنێوان ئەو دوو وشەیە چونکە هاوکاری یان یەکگیری پلەی بەرزی لەدامێن ئەگەر چی شێوەی کۆی نەبێ لەگەڵ ئەوەی ووشەی دەمارگیری وانیيە ، دەمارگیریش ڕەنگدانەوەی یەك گرتوی پتەوی کۆمەڵگایە نەك یەکگرتن بەشێوەیەکی گشتی سیمۆن هەوڵدەدات ووشە عەرەبیەکان بهێڵێتەوە لەبەرگرانی

---

(1) صلاح الدين پيبونى ارسلان : م ن ،ص49 .

(2) د. عبدالمنعم الحنفي : الموسوعه النفسيه علم النفس فى حياتنا اليوميه , مطبعة مدبولي 1945 ,ص 345 .

(3) د. عبدالمنعم الحنفي : الموسوعه طب نفسى , ط4 - , 2003 , ص366 .

(4) د. عبدالمنعم الحنفي : الموسوعه النفسيه,ص 345 .

وەرگێرانی[1] . هەروەها ویژدان (دورکایم) دەڵێ ویژدان بەگشتی سەرچاوەی ژیانە دەتوانێ پارێزگاری لەوەستانی خۆی بکات دژی هەموو دوژمنەکانی لەدەرەوەو ناوەوەی ، تێگەیشتنی دەمارگیری خلدونی لەبیری میکافیلی دەچێ لە (الفضیلە) -virtu- وە نزیك دەبێتەوە لەبیری ڤیکۆ (لەسروشتی گشتی گەلان) کەیەکێتی دەروونی و هەستی ئالو گۆرکەر لەنێوانیان[2] .

تیرەگەلی سەرەتا دەست پێدەکا توندی کیانێکە لە چوارچێوەی خێزان و بنەماڵە دواتر فرەوانتر دەبێت بە فرەوانبوونی کۆمەڵەکە کە فرەوانیەکی بێسنوور دواتر تێکەڵ بە گەل و نیشتمان دەبێ[3] .

پێشکەوتنی ئیسلام تیرەگەلی بەتوندی دایپۆشت و بچوك بۆوە شوێنەوارە خراپەکانی وە موسوڵمانەکان و بانگەشەی بۆ دەکەن بۆئەوەی لە شوێنەوارەکان ڕزگاربکەن و وە لە هۆزە شەرکەرەکانیش ، دەکرێ بوترێ ئیسلام دژی تیرەگەلییە کە ابن خلدون ئاماژەی پێدەکات ئەوەی هانی دا بۆ چارەسەرکردنی لەم چوارچێوە نوێیە بۆ ڕوونکردنەوەی چەسپاندنی تیۆرەکەی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی زەمینەیەکی هاوبەشی کە یەك دەگرنەوە لە هەندێ بنەمای ئیسلام و تیرەگەلی،چونکە تیرەگەلی ململانێیەکی سروشتییە لەنێو مرۆڤایەتی لەوەتەی هەن ئەو ململانێیە ئاراستە دەگرێ بۆ یەکگرتن و پێکەوە نوسان لەنێو تاکەکانی یەك ڕەگەز[4] .

ابن خلدون لەلێکۆلینەوەکەی پشتی بەستووە بەو دیاردانەی لەو کۆمەڵگایەی کە هاوچەرخی خۆی بووە ، وە تێکەڵیان بووە وە هەڵیسەنگاندووە لەگەڵ ئەوانەی پێشوو خوێندنەوەی بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان کردووە ، وە هەموو زانیاریەکانی لەمێژوو وەرگرت دواتر خستیە بەر لێکۆلینەوەی لۆژیك , لێرەدا بنەڕەتی پرۆگرامەکەی دەردەکەوێ ، ئاماژەش بەوە دەکات کە (تیرەگەلی)و (دەمارگیری) جۆرێکی تایبەتە لەنزیکایەتی (خزمایەتی) پێکەوە بەستنی کۆمەڵایەتی[5]. دەمارگیری لای ابن خلدون لەنێو خەڵکی (کۆچەرو ـ بەدو) زیاترە لەخەڵکی شار ئەم زاراوەیە بەکارهێنراوە وەك نبەمایەك بۆشیکردنەوەی مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگای کۆچەری و شارستانی ،

دەمارگیری مەرج نییە لەسەر بنەمای خوێن دروست بێت ، چەنکە ۆر جار ئەو پەیوەندییە دروست دەبێ لەئەنجامی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتیو ئەزمونی درێژو ئاڵۆز ، ابن خلدون ئەمەی درك پێکردووە کەلەم هاوکارییە

---

[1] د. فواد البعلي : م ن, ص 61 ـ 62 .

[2] د. فواد البعلي : م ن ص 63 .

[3] عبدالعزيز قيانى : العصبيه بنيه المجتمع العربى , ط 1 , بيروت , 1997 , ص40 .

[4] صلاح الدين بسيونى ارسلان : سياسه والاقتصاد لدى ابن خلد ون ,قاهره ـ 1992 , ص49 .

[5] علال ابو زيدى : نقرات في الفكر المنهجي عند ابن خلد ون ,ج2 , مجله امه ـ عدد 38 , 1404ه ,ص1 .

کۆمەڵایەتیە زۆرجار پەیوەندی سەر دەگرێ لەنێو کەسانێك کە لەیەك خێزان و تیرە نین [1] .

دیاردەی دەمارگیری لەنێو هەموو نەتەوەیەك هەیە مەرج نیە بەتەنها لەناو عەرەب بێ ....دەمارگیریش پەیوەندی هەیە بەبنەمای ئابووری کۆمەڵگا ((دەمارگیری)) ئەگەرچی لەسەرەتادا بەهێزە وە تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەیە لەئەنجامی ژیانی کۆچەرەکانەوە پێدا بووە بۆ ڕۆینی کات ئەمە دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ گۆڕانی گوزەرانی ژیان ، چونکە مرۆڤەکە لە چۆڵایەتی دەژی‌و دەمارگیری زیاترە و لەبەر ئەوەی خەڵکی بیابان و چۆڵەوانی لە خەڵکی شارستانیەکان دەمارگیریان زیاترەو وە لەلای ئەوانیش سەری هەڵ دەدا .

دەمارگیری پەیوەندی بتەوی بە ئایین هەیە وەکو دەزگایەکی کۆمەڵیەتی بۆ یەکخستنی کۆمەڵگا ، ئایین هاوکاری زیاد دەکا لەنێو کۆمەڵگا , ئەمە چۆن ؟ ئەمەش لەڕێگای ئەوەی ئەم کۆمەڵگایانە زۆر بەئاینەوە پەرۆشن و لەژێر کاریگەری ئایینن بۆیە هەر ڕێسایەك لەڕێگای ئاینەوە پێیان بوترێ زوو جێبەجێی دەکەن و زووتر یەکێتی دروست دەکات دەبێتە هۆی زیاد کردنی هاوکاری و کۆمەڵایەتی یەکگرتن ، وەکو ڤیکۆ دەڵێت ((ئەگەر ئایین نەما لەنێو خەڵك ئەوا هیچ شتێك لایان نامێنێ یارمەتیان بدا بۆ بەردەوام بونیان انێو کۆمەڵگا)) ئەمەش پێچەوانەی بیری ابن خلدونە کەپێی وایە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەتوانێ بژیت و بەردەوام بێ بەبێ ئایین [2].

جەختکردنەوەی ئایین لەسەر فەرمانەکانی کۆمەڵایەتی بۆ ئایین (یەکگرتنی دەمارگیریان دژی (کافرەکان) بەکار هێنا لەدەرەوەی خاکی عەرەب وە دەمارگیریان لێرەدا ڕێگر نەبوو لەبەر پشت بەستنیان بە ناعەرەبەکان لەرووی ئەدەب و زانست و هونەر هەروەها ابن خلدون دەڵێ دین پێویستی بەدەمارگیری هەیە هەروەك دەڵێ ((بانگهێشتەی ئایین بەبێ دەمارگیری نابێ)) (تەواو نابێ = ناکرێ )) .

وەدەمارگیری کاریگەری لەسەر سیاسەت هەیە ، هیچ دەسەڵاتێك بەردەوام نابێ ، هیچ دەوڵەتێك گەشەناکات گەر دەمارگیریەکی بەهێزی لەگەڵدا نەبێ [3].

لێرەدا دەردەکەوێ کە ابن خلدون دەمارگیری دادەنێ بەهێزو بنەمای گەشەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تاکە هۆکار نیە وە دەمارگیری ببێتە هۆی پێشکەوتن بەڵکو لەپاڵ چەندین هۆکاری تر کەرۆڵیان هەیە لەپێشکەوتنی کۆمەڵگا .

دەمارگیری بەلای ابن خلدون هەیبەتی کۆمەڵگایەکە کە پشت بەدەسەڵات دەبەستێ بۆ سەرکەوتنی هەوڵ

---

[1] عبدالعزیز قیانی : م ن, ص50 ـ 51 .

[2] د. فواد البعلي : م ن, ص 63 ـ 64 .

[3] د. فواد البعلي : م ن. , ص 65 . ابن خلد ون وعلم اجتماع الحديث , ط5 , 1997 , الدار المدى لنشر .

دەدات جا ئەگەر ئەو کۆمەڵگایە ستەم کاربێ یان ستەم لێکراو بێ وە ئەم دەسەڵاتەش بەبەردەوامی دەمارگیری بەردەوام دەبێ [1].

ئەوانەی پارێزگاری دەکەن و بەدەنگی یەکتریەوە دێن ئەو کەسانەن کە دەمارگیرین و لەیەك ڕەچەڵەکن ، لەبەر ئەوە لێرەدا هەیبەتیان زیاتر دەکات و وە خوداش لەدڵی مرۆڤەکانیەوە توندی و بەزەیی داناوە کەخاوەن هەڵوێست بن بەرامبەر بەکەس و کاریان سروشتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دیارە ، لەقورئانیش هاتووە کەبراکانی حەزرەتی یوسف بەباوکی دەڵێن ((لئن أكله الذئب ونحن عصبه انا اذا لخاسرون)) ، واتە لێرەداناخۆشی بەسەر تاکێك دانایەت ئەگەر لەناو کۆمەڵێك بێت .

دەمارگیری تەنها لەناو هۆزە کۆچەریەکان ((بدو)) دا بەدی دەکرێت ، وەبۆ پارێزگاری کردن لەهۆزو بەرگریکردن ئەوە ڕۆلەکانیان پشت دەبەستن بەدەمارگیری کە دەتوانن دانیشتوانیان بپارێزن ، کەواتە لەدەمارگیریدا دەبێ خۆبەستنەوە بەڕەچەڵەك بەهێزێ ئەگەر نا دەمارگیری(تیرەگەلی) مانای نامێنێت[2] .

ابن خلدون لە چوارچێوەی کۆچەریەکان و دەمارگیری دا کەتێدا ئاماژەی بۆ دەکات ئەو دەرئەنجامەی کەبەهۆی نۆرەی مرۆڤ لەلایەك و بەستنەوەی بە ڕەچەڵەکەکەی لەلایەکی ترەوە بەدەستی دەهێنێ تووشی هیلاکەت دەبێ ، ئەوەش ململانێیەکی سروشتییە لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەوەتەی هەن ، وە بنەمای هەست کردن بە دەمارگیری لەڕێگای ڕەچەڵەك وە هاوپەیمانی دەبێت . وە دەمارگیری کۆچەری کە ئەوە تاکە هۆکاری گواستنەوەیە لەنێوان تاکەکانی هۆزێك [3].

لێرەدا دەردەکەوێ ئەو تاکانەی جیابونەتەوە لە ڕەچەڵەکیان کەمتر ئەوانە تووشی تورەیی دەبن و بەرامبەر دۆستەکانیان ، ئەو کاتە گەر بکەونە ژێر کاریگەری بەر شاڵاوی دەورو بەر ناتوانن خۆیان بپارێزن ، هەریەکە هەوڵ بۆخۆی دەدات دەبنە خۆراکی بەرامبەر (هێرشکار) [4].

---

(1) عبدالعزيز قيانى : م ن, ص51 .

(2) ابن خلد ون : المقدمه , م ن, ص223 ـ 224 ـ 225 .

(3) نيقۆلا ناهض : مجله الموسوعه العلميه , ك1 , جنيف ـ 1985 , ص 127 .

(4) ابن خلد ون : المقدمه ,م ن, ص225 .

## تەوەرەی یەکەم :

### ب ـ تیۆری دەوڵەت و ئیبن خلدون

بەپێی توێژەرەوان و لێکۆڵەرەوان هەریەك بەجۆرێك پێناسەی دەوڵەت دەکات لەڕووی سیاسی و ئایینی و لە تێڕوانینی هەر نەتەوەیەك دەوڵەت جۆرێکە بەپێی تێڕوانینی فقهی فەرەنسی دەڵێ ((دیاریکردنی یاسایە بۆ گەل یان نەتەوەیەك)) یا کەسایەتیەکی یاسایییە کەدەربڕینی سەرچاوەی دەسەڵاتی گشتییە بۆهاوکاریەکانی.

وە لە فقهی ئەڵمانیش وادەڕوانێت کە (دەوڵەت) دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە ناساندنیەتی کە (کۆمەڵێکی دیار لەتاکەکان تەواون لەژمارە بۆ بەستنی پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی کەوادەکات پەیڕەوێکی کۆمەڵایەتی ڕێك و پێك هەبێت) بەلایەنی ئایینی دەبەسترێتەوە سەربەخۆی دەرەوەی دەپارێزێ و دەتوانی باری ناوەخۆیی جێگیر بکات [1] .

بەپێی تێڕوانینی توێژەرەوان وەك ((یموند کانیل)) پێناسەی دەوڵەت دەکات (دەوڵەت کۆمەڵێك تاك لەسەری دەژین کاتێکی جوگرافی دیاریکراو سەربەخۆن لەڕووی یاسایی و دەسەڵاتی دەرەکی ئەم تاکانەش حکومەتێکیان هەیە لەدەرکردنی یاساکان بەسەر تاکەکان جێبەجێدەکات) [2] . (ماکس ڤیبەر) دەڵێ (دەوڵەت بریتییە لەدەزگای دەسەڵاتی جیهانی بۆ نەتەوە) .

زانا پۆلیتۆژییەکان کە دێنە سەرباسی نەتەوەکان بەر لەهەموو شتێك نەتەوە بەیەکێتی دەستووری گەلێکی دەوڵەتدار تێدەگەن [3].

دەوڵەت (state) هەندێك دەڵێن ناوی ڕێکخراوێکی سیاسییە کە بۆ دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر فەرمانڕەوای خۆشی بەردەوام دەبێ ، هەندێکی تر دەڵێن دەوڵەت بریتییە لە دەسەڵاتێك لە وڵاتێکی دیاریکراو بەسەر گەلێکی دیاری کراو فەرمانڕەوایەتی دەکات لەڕووی ناوەوە پاسەوانی و ڕێك و پێکی و ئاسایشی دەپارێزێ و لەڕووی دەرەوەش پاسەوانی یەك پارچەیی خاك و بەرژەوەندی هەموو هاوڵاتیان دەکات[4] .

جگە لەمە هەندێکی تر دەوڵەت وەك ڕێکخراوێکی سیاسی کۆمەڵ گرنگترین هۆی گرتنە دەستی چێبکەی کە لە ڕووی ئابووری ڕۆڵێکی گرنگ لەکۆمەڵدا دەگێڕن ئەرکی سەرەکی دەوڵەت هێشتنەوەی ڕژێمێکی ئابووری داکۆکیکردنە لە چینی فەرمانڕەوا نمونەش لەبەرباری سەرنجی مێژوودا دەوڵەت لەکلتی پەیدابوونی چینایەتی ئەویش پەیدابووە ، ئەو کاتە کۆمەڵ بەدوو چین بووە ((کۆیلە و کۆیلەدارەکان)) ، دەوڵەتیش وەك ئۆرگانێکی سیاسی

---

(1) ابراهیم عبدالکریم غازی: الدوله ونظم السیاسي , دار المتنبی ـ 1989 , ص19 ـ 20 .

(2) ولید خالد الجماس : مفهوم الدوله عند ابن خلد ون , ع ـ 4 ـ 1987 ـ بغداد , ص44 .

(3) جمال نەبەز : بیری نەتەوەی کورد , کوردنام ـ چاپی یەکەم سوید ـ 1984 , لا8 .

(4) فەرهەنگی نیگا : وەزارەتی ڕۆشنبیری , و. ئازاد وەلەدبەگی ـ چاپی یەکەم ـ هەولێر ـ 2005 , لا 189ـ 190 .

بۆ قازانجی خاوەن کۆیلەکان پێك هاتووە [1]، واتە هەر دەوڵەتێك ڕژێمی تایبەت بەخۆی هەیە خاوەن ڕژێمی ئابووری خۆیەتی .

هەروەها مارکس یەکانیش تێڕوانینی خۆیان هەیە لەبارەی دەوڵەت دەڵێن لەڕووی مێژوویی‌یەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی چینە زۆر بەزۆرەکانی ناو کۆمەڵ کەلە پەیوەندی دان (مارکس) دەڵێت دەوڵەت بەئامرازی ڕاپەڕاندن دادەنێ بەدەست سەرمایەدارەکانەوە لەئەنجامی ململانێی دادەنێت کە بەهۆی چینی ستەم دیدەوە لە کۆت و بەندی دیلیەتی دەمێننەوە هەروەها دەڵێ دەوڵەت لەبەرهەم و دیاردەیەکی جیاوازی چیتایەتی‌یە[2] .

مەرج نی‌یە دروست بوونی دەوڵەت لەسەر بنەمای شەڕی چینایەتی بێت لەوانەیە لەململانێی چینایەتی‌دا دروست بێت یان دروست بوونی دەوڵەت لەسەر بنەمای دەست بەسەرداگرتنی هەموو چینەکان دەبێت ، لەوانەیە کارل مارکس ئەگەر هاتوو لەسەردەمی نوێ بژیایە باوەڕی بەشەڕی چینایەتی نەدەبوو یان تێڕوانینێکی تری دەبوو بەرامبەر بە دەوڵەت .

وە ڤلادیمێر لینین دەڵێت دەوڵەت لەئەنجامی ململانێیەکی چینایەتی ناو کۆمەڵ گایە ، بوونی دەوڵەت دەیسەلمێنێ کە ململانێی چینایەتی‌یە هێشتا بەردەوامە وە دەولەت ئامرازەکانی‌چەوساندنەوەیە لەچینە جۆر بەجۆرەکانی خەڵك دەستەبەر دەبێت [3].

ئیسلامیش تێڕوانینێکی تایبەتی هەیە بۆ دەوڵەت ، تایبەتمەندی خۆی هەیە کە جیادەکاتەوە دەوڵەت لە فقهی دەستووری هاوچەرخ , هۆیەکەش ڕوون دەکاتەوە دەیگەڕێنێتەوە بۆ بنەمای شەریعەتی ئایینی ئیسلام . لەسەر چەند بنەمایەك دەوڵەت دادەمەزرێنێ (گەل و هەرێم و دەسەڵاتی سیاسی) هەندێ جاریش بنەمای تری بۆ زیاد دەبێت ئەویش لایەنی ڕۆحی ، کەلە ئیسلام دا پایەکی گرنگی هەیە [4]، وەلایەنی‌عەرەبیش دەڵێت (دەوڵەت دانراوەیەکی نەتەوەی‌یە سیاسی و پەیرەوێکی جوگرافی دیاری‌کراو) [5]. دەوڵت بەپێی دەربڕین کەکیانێکی سیاسی و یاسایی لەناکاو دەرنەکەوتووە ، بەڵکو بەهۆی کۆمەڵێك پاڵنەرو هۆکار هەیە بۆ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی دەوڵەت لەوانەش :ـ

1. هێزی هۆزگەرایی : حەزکردن بە فراوانبوون و دەستگرتن بەسەر هۆزەکانی دەوروبەر ، یا دەستگرتن بەسەر دەسەڵات ، وە یەکگرتن لەگەڵ هێزی تر بۆ زیاتر بەهێزبوون .

---

[1] بورهان قانیع : فەرهەنگی نوێ ـ چاپی یەکەم ـ حوادپ بغداد , 1985 ـ لا 84 ـ 85 .

[2] فەرهەنگی نیگا : هـ . س, لا191 . ابراهیم عبدالکریم غازی: م ن.س 19 - 20 .

[3] فەرهەنگی نیگا : هـ . س, لا191 . ابراهیم عبدالکریم غازی: م ن, ص19 - 20 .

[4] محمد رفعت عبدالوهاب : مبادئ‌النظم السياسي , بيروت ـ لبنان ـ 2002 , ص 48 .

[5] ابراهیم عبدالکریم غازی : م ن, ص 20 .

2. ئایینی هۆز : ئایین کۆکراوەی ئایینەکانە ، لابەری لوت بەرزەکانە ، لەناوبەری زۆڵی و خراپەکاری و ئیرەیی‌یە , توندکەری زیادەڕۆیی‌یەکانە ، بەهێزکەری پایەکانە ، ژینەرەوەیە بۆ خۆبەخت کردن .
3. لوتکەی دەوڵەتێکی پایەدار (دیار) : هۆزێکی بەهێز چاوی تێدەبڕی ، بەسەری زاڵ دەبێ و دەوڵەتێکی تر دادەمەزرێنێ .
4. پاڵنەرە سیاسیەکان : هۆیەکە کە هۆز دەست بگرێ بەسەر دەوڵەت [1].

بۆ ابن خلدون دەوڵەت دەزگایەکی سروشتی‌یە ، ((بوون فۆرمیکی ـــ configuration)) سیاسی - دادگەری ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی ئادەمیزادە ابن خلدون دوو فاکتەر دەکاتە بنچینەی لەدایك بوونی دەوڵەت (تیرەگەلی و ئایین) . ڕۆحی کۆمەڵگا یان ڕۆحی هاونیشتیمانی واتە (تیرەگەلی) چەندە بەهێزتر دەبێ وە بەردەوام دەبێ لە بوونی دا .

هەرچەندە قۆناغەکانی دروستبوونی دەوڵەت ، تیرەگەلی پێش ئایین دێتە کایەوە ، بەڵام لەکاتی دروست بوونی قەوارەی دەوڵەت هەردووکیان بنچینەی دەوڵەت پێکدەهێنن , ئەم پێشنیارەی ابن خلدون ، ئاکاری لۆژیکی ئەو ڕاستی‌یەیە کەلەو وڵاتانەی خێڵی زۆریان تێدا هەیە[2] .

وە ابن خلدون لە زۆر شوێن ئاماژە بەدەوڵەت دەدات زاراوەی هاوشێوەی دەداتە پاڵ وەك (دەوڵەت و مەلیك) کە دەوڵەت لەمە دەسەڵاتدارتر نی‌یە کە ئاماژە دەکات (مەلیکی تەواو) دەبەخشێ (ملوك علی قومهم بدینون بطاعة الدولة) [3] . لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەت نوێنەری دەمارگیری دەسەڵاتدار دەیکات هەوڵدەدات بەبوونی هێز هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا ماکەچ بکات بۆ دەسەڵاتەکەی... [4] .

جگە لەمە ابن خلدون دەری دەخات کۆمەڵگا پێویستی بەدەوڵەت هەیە ، و بڕیار دەدات کە ژیانی کۆمەڵگا پێویستی بە دەوڵەت و مەلیك دەبێ هەروەك دەڵێت (دەوڵەت و مەلیك بۆ کۆبوونەوە وەك مادەیە) , بۆ شێوەی پاراستنی بونیەتی و بڕیاردەدا لەزانستی دانایەکان (لۆژیك) گەر ناتوانرێ هیچ یەکێکیان لێك جیا بکرێتەوە ، دەوڵەت بەبێ (عمران = شارستانی) نابێ و (عمران)یش بەبێ دەوڵەت و مەلیك ڕوو دەچێ دوژمنایەتی پێویست ناکات بەسەر سروشتی مرۆڤایەتی دابەش بکرێ [5].

---

[1] انعام الجندي : دراسات في الفلسفه والقوانين والعربيه , بيروت ـ لبنان ـ بد ون تاريخ ص213 - 214 .

[2] د.ئەلبرت عیسی: تیرە گەلی و تیۆری دەوڵەت لەبیری ئیبن خلد ون , وەزارەتی ڕۆشنبیری , 2002, ل133 .

[3] محمد جابر الانصارى : العلاقه ابن خلد ون .... ذِكرى 55 عام , www.google.com ,ص2 .

[4] وليد خالد الجماس : م ن, ص 46 . ساطع الحصيرى : دراسات في المقدمه ابن خلد ون , طبعة موسوعه , قاهره ـ 1967 , ص355 .

[5] ابن خلد ون : المقدمه , م ن, ص376.

بەهای ڕەهایی لێرەدا دەتوانرێ تیۆری دەوڵەتی خلدونی بەشێوەیەکی ڕەها شیبکرێتەوە ، ئایا دەوڵەتی خلدونی بەهای ڕەهای هەیە ؟ وەلەبەرچی و چۆنە ؟

لەوەڵامدا دەتوانین بڵێین نەخێر تیۆری دەوڵەتی خلدونی ناتوانرێ بەشێوەیەکی ڕەها شیبکرێتەوە ، وە دەوڵەتی خلدوونی نییە , چونکە دەوڵەتی خلدونی سنووردارە چ لەسەر ئاستی شوێن چ لەسەر ئاستی کاتدا ، . ئارنوڵد تویبنی دەڵێت : هەموو خوێنەری ابن خلدون سەری سوڕدەمێنێ لەژیری و قوڵی بیرەکەی ، بەڵام ڕەخنەگرێکی ڕۆژئاوای هاوچەرخ دەتوانێ هەست بکات بە بنچینەی ئەزموونی (Emperic) خلدونی ، زۆر سنووردارە ناتوانێ بەرگری لە قورسایی گەشتاندنی مەزنەکەی بکات ، چونکە تیۆرەکەی سنووردارە لە مێژووی عەرەبەکان وەرگیراوە لەسەردەمی ئیسلامدا بەتایبەتی ئەمەوی و عەباسی ، ئینجا دەوڵەتی خلدونی پەیوەندی بەجوگرافیایەکی دیاریکراوو سەردەمێکی مێژووی دیاریکراو هەیە[1] .

وەهەر جۆرێك لەجۆرەکانی کۆمەڵگا بەمانای دەوڵەت دێت لای ابن خلدون وە چەند جۆرە دەوڵەت هەیە :ــ

1. دەولەتی تاکەکەسی (تاك ڕەوی) : ئەوەش مەلیك یا پاشایەك فەرملنڕەوایی دەکات .
2. دەولەتی گشتگیری (عامە) : ئەوەش دامەزراوە لەلایان میلەت بەتەواوی یا بنەماڵەیەك بەتەواوی .
3. دەوڵەتی نوێ (مستجد) : ئەوەش کاتێك لەناو دەوڵەتێك دەوڵەتێکی تر جیا دەبێتەوەو دەوڵەتی دابەش بکات و دەوڵەتێکی نوێ پێك بهێنێت [2].
4. دەوڵەتی جێگیر : ئەمەش دەوڵەتێکی گشتییە گەر تەمەنی درێژ بێت .

وە لە گرنگترین بنەماکانی دەوڵەت کەدەست نیشان دەکرێت بریتییە لە : تاك ، هەرێم ، فەرمانڕەوا ، حکومەت ، وە سیاسییەکان وا لێکدەدەنەوە بەبێ بوونی گرووپێکی سیاسی دەوڵەت مانای نابەخشێ و بوونی نابێ [3].

لەکۆتلیی ئەم توێژینەوەیەدا دەتوانین بڵێین کە دەوڵەت هێزێکە لەناخی کۆمەڵگەوە هەڵقوڵاوە و خۆی لەسەرووی کۆمەڵگاوە دادەنێ .

وە چەمکي نوێی دەوڵەت لەسەدەی شانزەی زایینی بەهۆی (میکاڤیللی و ژانبۆدن) ە وە لەئەوروپا سەری هەڵدا ، وەلەسەدەی (17 و 18) لەگەڵ شۆڕشی فەڕەنسیدا جێگیر بوو هەر نەتەوەیەك خاوەن سەرزەوی خۆی بێت خاوەن پێکهێنەری دەوڵەتی خۆیەتی ، کەواتە دەوڵەت بریتییە لەدروستکردنی دەسەڵاتێك کە نەتەوە بۆبەرگری کردن لە خۆی و سەرزەویەکەی بە بەرپاکردنی یاسای ڕێك و پێکی نێوان خۆیان پاراستنی سیستەمەکە پێکدەهێنێ .

---

[1] د.ئەلبرت عیسی: م .س , لا 137 ـ 138 .

[2] نقولا ناهض: الموسوعه العلمیه ,ج1 , جنیف ـ 1985 , ص127 .

[3] ولید خالد الجماس : م ن, ص 44 .

## تەوەرەی دووەم:

## سیاسەت و جۆرەکانی سیاسەت و تێڕوانینی ئیبن خلدون

سیاسەت زاراوەیەکی گشتییە بۆچەندین جۆر لە تیۆرو فەلسەفە و ئایدۆلۆژیاو پرۆسە هزریەکانی تایبەت بەڕامیاری ..... هەتا دەربڕتیان بەکار دێت ئەمەلەکاتێکدا کەزاراوەکە لەبواری تەسکدا ڕووبەڕووی مێژووی فکری ڕامیاری دەبێتەوە لێرەدا بایەخی سەرەکی بریتییە لە شوێن کەوتنی سەرچاوە پەرەسەندن و کاریگەری بیرە ڕامیاریەکان بەشێوەکانی دیالەکێك بەدرێژایی مێژوو یان شیکردنەوەی هێماکانی چەند بیرێکی دیاری کراو شێوەکانی دیالەکێك لەناو ڕەوتە مێژوو ڕامیاری ڕاستەوخۆ تێدا.

سیاسەت -polotics — لەڕیشەی لاتینی —polotics — یان ڕیشەی یۆنانی (polis) بەواتای شار وەرگیراوە ، بریتییە لەشێوازێك لەو شێوازانەی کە حکومەت دەیگرێتە بەر بۆ بەڕێوەبردنی کارو باری کۆمەڵگا تاوێڕای بەرقەرارکردنی دەسەڵات . لەپێناو بەرژەوەندی هەموویان و هەموو کۆمەڵگاشی دەبێ لەبەرژەوەندی هەوڵ بدەن بۆ بەرەو پێشبردنی حکومەت [1].

هەندێك دەڵێن ئەو مەبەستەو ئامانجەیە سیاسەت کەچینێکی کۆمەڵایەتی لەپێناو سەرکەوتنی ڕاپەڕین و پاراستنی دەستکەوت و قازانجەکانیان دەگرێتەبەر هەندێکی تر دەڵێن شێوازێکی پاراستنی دەستکەوت قازانجە لە پلەیەکی کارو باری وڵات ، ڕێبازی دەوڵەت بەڕێوەبردنی ، دیاریکردنی شێوەکانی ئەرك و ناوەڕۆکی چالاکییەکانی دەوڵەت [2].

لەبواری زانستی سیاسەت زۆر کۆنە زانستە کۆمەڵایەتیەکان وەك کتێبی ئەفلاتون کۆمار بەکۆنترین بەرهەمی ئەم زانستە دادەنرێ ، دواتریش ئەرستۆ توێژینەوەی قوڵی کردووە لەمەڕ ئەو زانستە خاڵە لاوازو بەهێزەکانی دیاری کردوون . (نیکۆڵۆ میکافیلی) نوسەر و سیاسەتمەداری ئیتاڵی داڕێژەری زانستی ڕامیاری لەسەردەمی ڕێنسانسی دا (15 - 16)ی زایینی لەکتێبی (میر) ڕاڤەی شێوازەکانی کردووە بەبۆچوونی مارکس یەکان سیاسەت گرتنەبەری شێوازێکە پەیوەندی سیستەمی ئابووری بە کۆمەڵگا هەیە ، لەبەرامبەر ئەوەش ئەندێشەی سیاسییەکان کاریگەری لەسەر بنەمای ئابووریەکان دەبێت . کەواتە دەبێ لێرەدا لەبەرامبەر هەموو بابەتە ڕامیاریەکاندا هەڵوێستی ئابووری حکومەت ڕوون و ئاشکرابێت[3] . (سات سیمۆن) دوای (1760 - 1825) ئەو دەسەڵاتی سەرەکی سیاسی کەسەرچاوەکەی تەنها لەپیشەسازی دەمێنێتەوە واتە لەبەرهەمی کۆمەڵایەتی کەزیاتر بەکاردێت لە ڕێگاکانی ئیشکردن و ئامێرەکانی لە چالاکییەکانی هزری مرۆڤە ، ئەم بیرۆکەیەش تەواو لەگەڵ بیری مارکس یەکانە , بەڵام

---

[1] س ئا - و - ئازاد وەلەد بەگی : فەرهەنگی ڕامیاری نیگا , چ1 , هەولێر - 2005 , لا274

[2] بڕهان قانع : فەرهەنگی نوێ , چ1 , بغداد - 1985 , لا 116 - 117 .

[3] فەرهەنگی نیگا : هـ .س ,لا 275 . بڕهان قانع : هـ . س ,لا 117 .

پێچەوانەی بیری ابن خلدونە ، کەدەیبەستێتەوە بە دەمارگیری [1].

جوگرافی ناسەکان زۆرجار والێکدەدەنەوە کەلایەنی جوگرافی کاردەکاتە سەر بواری ڕامیاری یان (سیاسی) ڕۆڵی کارا دەگێڕێ ، زۆرجاریش ڕۆڵی کاریگەر دەبینێ هۆکارێکیش دەبێ لە گۆڕانکارییە سیاسیەکان لەناوچەکە ، بۆیە زۆر لە سیاسەت ناسان پێناسەی تایبەت بە جوگرافیای سیاسەت دەکەن دەڵێن : (بریتییە لەلێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان ناوچە یاخود دەزگا یاخود پرۆسە ڕامیاریەکان ژینگە سروشتییەکانیان ، دەکرێت شوێن بنچینەکانی بکەوێت هەتا ڕامانی نوێ سەبارەت بە کەش و هەوا لە ڕۆشنبیری داب و نەریتەکاندا) [2].

لەڕووی تیۆری هەندێجار بەشێوەیەکی گشتی بەکاردێت تا لێکۆلینەوەی هەموو لایەنە گشتییەکان و دابڕاوەکانی ڕامیاری و شیکردنەوەی ڕامیاری بگرێتەوە هەندێجاریش زاراوەکە بەکاردێت بەشێوەیەکی بەرتەسکتر بۆ وەسفی تیۆرە هۆیەو لێکدانەوەکانی لێکۆڵینەوەی ڕامیاری [3].

لەڕووی پەرەپێدانی ڕامیاری بریتییە لە پرۆسەکانی گۆڕانی ڕامیاری خێرا کەلە کۆمەڵگا تەقلیدیەکاندا ڕوودەدات ، بەهاوبەشی لەگەڵ پرۆسەکانی تری نوێکردنەوەدا کە دەبێتە هۆی سیستەمێکی ڕامیاری ئاڵۆزتر و جۆراو جۆرتر لەکۆمەڵگایەکی ڕامیاری جووتکراوی دیاری کراو دا[4] .

لێرە دا پرسیارێك خۆی دەوروژێنێ ئایا کۆمەلگای کۆچەری بەقۆناغەکانی گۆرانکاری ڕامیاری تێپەر بووە؟ لێرەدا دەردەکەوێ گۆرانکاری بەسەر کۆمەلگا هاتووە خۆی لەقوتابخانەکانی دروستبوونی دەوڵەت دەبێتەوە کەلە بەشی سێیەم ئاماژەی پێدەکەین .

لەجیهاندا دەردەکەوێت ئەو مانایەی کەلە هەستپێکراوەکان دەردەهێنرێت ، بەدەماڵینی لە شتە گشتگیری دهنیەکان نابەستێتەوە بە مادەیەك یاکەسێك یان نەوەیەك یان نەتەوەیەك . بەڵام سیاسەت خاوەنەکەی پێویستی پێیەتی (الی مراعاه ما في الخارج) لەبارو دۆخەکان .... هەروەها ابن خلدون دەڵێت یەکێك دەکەوێتە نێو هەڵە کەلە سیاسەت کار دەکات ، ئەمەش باسی ئەو بارە دەکات کەخۆی تێکەوتووە کاری تیا کردووە لە سیاسەت , لە فێربوون دابڕاوە [5]،

زاراوەی سیاسەت زۆرجار هاومانای دەوڵەت دەبێت ، ئەویش بەهاوکاری سیاسی یا پەیوەندی نێوان هاوکاری

---

[1] نورالدين حقيقى : الخلد ونيه الاساسيه فى العلوم الاجتماعيه والنظم السياسيه ,           ص 39 .

[2] جو فر رۆبرتس ادوارد : فەرهەنگی نوێ بۆ شیکاری رامیاری لاو ، محمد چیا ، هەولێر ـ 2003 , لا 234 .

[3] فەرهەنگی نوێ : ه.س , لا 242 .

[4] فەرهەنگی نوێ  بۆ شیکاری : ه.س , لا 232 .

[5] عبداللطيف الطيباوى : محاضرات في التاريخ العرب والاسلام , ط2 , دار الاندلس ـ 1979 ,ص 105 .

بەهێزی دەوڵەت نەمێنێ ، مەبەست لێرەدا کەدەسەڵات پشت بـە عـەقل پێـك هـاتن و ڕازی بـوونی گـشتی ببەستێ, بەڵام ئەم جۆرەی بەدەسەڵاتی وەهمی داناوە .

لێرەدا ابن خلدون هەر لەباری سیاسـەت دەڵـێ : سیاسـەتی شـەریعەت باشـترە لـە سیاسـەتی مەدەنیەت چونکە لەئیسلامدا زیاتر شەرع زاڵە بەسـەر عـەقلْ دا پابەنـد بـەئاییینی ئیـسلام ، لـۆژیکی شـەرع و دهنی زیاتر زاڵە[1] .

هـەروەها ابـن خلـدون لـەبارەی سیاسـەت دەڵـێ : ((نەتـەوەی عـەرەب دوورتـرین نەتـەوەن لـە سیاسەت ئەمەش زیاتر بەژیانی کۆچەری پابەندن زۆر بە بیابان قولْ بونەتەوە بە بەرو بومەکەی و وە بـەململانێ لەگەڵ ژیان کاریگەرن)) [2].

دەمـارگیری کاریگـەری گـەورەی هەیـە لەسـەر سیاسـەت ، هـیچ سیاسـەتێك نـاتوانێ درێـژە بکێشێ بێ دەمارگیریەکی بەهێز ، گـەر ئـەم دەمارگیریـە نـەمێنێ ئـەوا کـە دەسـەڵات تووشـی هەڵوەشـان (نەخۆشی) دەبێت هەروەك ابن خلدون دەڵێت ((فان المهم التي لاصل الدوله تكون على نيەقوه ملكهم وعلـيهم للناس والمهم لاتزال مصاحيه لهم الى انقراض الدوله)) [3]، وەلەم لایەنەی کە دەمارگیری پەیوەندیـە سیاسـەت هەیە ئەمانە دەگرێتەوە وەك سەلماندنی دەسەڵاتدار پشت دەبەستێبەپێـشوەچوونی پـشت بوسـتن بـەدەمارگیری دەبەستێ ، تاك یاریدەی دەسەڵات بكات كە دەمارگیری تێدایە ، چەك زیاتر كۆمەڵ بەرەو خراپە (كاولكاری) دەبات ، بەڵام شتێكی تر هەبێ بۆ پارێزگاری كردن (دەمارگیری ــ هاوكاری كۆمەڵگا) یە [4].

دوای سەردەمەکان گۆڕانکاری ژیانی مرۆڤایەتی بەپێی سـەردەم گـۆڕا ، بـەڵام ئایـا دەمـارگیری کاریگەری ماوە لەسەر سیاسەت یاخود ڕوو لەلاواز بوون و گۆڕان کرد لە کۆمەڵگای عەرەبی ؟ یا هـەروەك خۆی مایەوە ؟

بەپێی لێکۆڵینەوەکان گەر سـەیر بکرێـت دەتـوانین بڵـێین : کاریگـەری دەمـارگیری و دابـی کۆچـەری هێـشتا بەسـەر کۆمـەڵگای عـەرەبی هاوچـەرخ ئاشـکرا و ڕوونـە ، ئەمـەش وەك (ئاونـست غلنـر) (Gellner) ئامـاژەی بـۆ دەکـات لـەکۆتایی پـەنجاکان هـۆزە کۆچـەرەکانی مـەغریب بـەژداری لـە پارتـە سیاسـیەکان دەکەن ، وە گرنگی سیاسەت لە هۆزە یەمەنیەکان زیادی کردووە ، وە پەرلـەمان و هەڵبـژاردن لە کوێت لەساڵی 1985 دەستی پێکردووە ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانە هێشتا وەفایان بۆ هۆزگـەرایی مـاوە و لەیادیـان نەکردووە [5]،

---

(1) د. حسين بشريه : ئيسلام و سياسەت , و: يوسف خزر چۆپان , گۆڤاری كاروان , ژ ـ 164 , 2005 ـ هەولێر , لا 38 ـ 39 .

(2) ابن خلدون : المقدمه: م ن ص267.

(3) ابن خلدون : المقدمه: م ن ص . 376 .

(4) د. فواد البعلي : ابن خلد ون وعلم اجتماع الحديث ,ط1, دار المدى ـ 1997 , ص 65 .

(5) د. فواد البعلي : م ن.ص69 .

(بعد عهدهم بالسياسه بما نسوا الدين فترجعوا الى اصلهم من بدايه) [1].ئەمەش بەم شێوەیە ابن خلدون جەختی لەسەر دەکاتەوە .

لەبارەی بارو دۆخی سیاسی ابن خلدون لێکۆڵینەوەی تیایدا ئەنجام داوە ، ئەوا ژیانی سیاسی ئەو کاتەی کە مەغریبی عەرەبی لەچاخی ناوەڕاست جیا دەکاتەوە بە هەندێ ڕێچکەی سیاسی وەك :ـ

ڕێچکەی هۆزگەرایی : ئەمەش ئەو جۆرە سیاسەتەیان بەکاردەهێنا لەڕێگای هاوپەیمانی کردن لەگەڵ یەکتری ، ململانێ لەگەڵ هۆزی تر ، ئەمەش بۆ بەردەوامی دەسەڵاتی ئەرستۆکراتی باڵا دەستەکە ، جگە لەمە ڕێچکەی شەڕو شۆڕو لێدان و تاڵان کردن ئەمەش زۆر جار بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام یان فراوانبوونی دەسەڵا تیا ئەنجامیان دەدا ، جگە لەمە ڕۆڵی باڵای لەلایەنی سەربازی و سیاسی دەبینی ، هەروەها ڕێچکەی حکومەت : لێرەدا مەلیك خاڵی جیاکەرەوەی نیزامی سیاسەتە بۆ شارستانی ، ئەوەش دابەش بوونی دانیشتوانی گۆڕی بۆ دوو گروپ (دەسەڵاتدار و ژێردەستە) هەروەها ڕێچکەی حکومەتی باڵا : ئەویش بەپەیمانی سیاسی ــ دینی ، وەلەسەر بنەمای سەرەکی (دەمارگیری) زاڵ دەبێت بەسەر هۆزو هێزێکی ئابووری بەهێزو پەیامێکی ئایینی ، ئەمەش لە (پێشەکیەکەی) ابن خلدون بەڕوونی دیاری دەکات[2].

پرسیارێك دێتە پێشەوە لێرەدا ئایا ابن خلدون بەپێی ئەو نوسین و لێکۆڵینەوانەی لەبارەی سیاسەت و دەوڵەتی کردووە ، خوێندنەوەی تەواوی بۆ کردووە ؟ وە بە چ پێوەرێك خوێندنەوەکەی بۆ کردووە ؟

ابن خلدون بەپێی زۆری ئەو یاساو بۆچوونانەی کە کۆتایی پێهێناوە لەبارەی سیاسەت و دروستبوونی دەوڵەت جێگای باوەڕە تەنها لەسەر ئەو نەتەوانەی کە بینیویەتی یا هاوچەرخی سەردەمی خۆی بوون لەپێکهاتەی کۆمەڵگاوە وەك (نەتەوەی عەرەب و بەربەر و ئەو نەتەوانەی هاوشێوەی ئەوانن) بەڵام باوەڕی پێناکرێ لە نەتەوەیەك لەقۆناغێکی تایبەت لەقۆناغەکانی مێژوو کەئەو قۆناغەیە خۆی تێیدا ژیاوە . ئەو هەڵەی ابن خلدون تێی کەوتووە لەلایەنی سیاسی و دروستبوونی دەوڵەت ، دەگەڕێتەوە بۆ کەم و کوڕی زۆری لەکەم تێخوێندن و دیاردەکات ، ئەو دیاردانەی تێخوێندنەوەی بۆ کردووە لەنەتەوەیەکی دیاری کراو و سەردەمێکی دیاری کراو ، لەم خوێندنەوە کۆتایی پێهات بەو بۆچوون و یاسایانەی داینا کەم وکوڕی تیا بوو ، لێکدانەوەکەی بۆ گشت نەتەوەیەك و هەموو سەردەمێك بوو ، ئەمەش هەڵەبوو [3].

---

[1] ابن خلد ون: المقدمه، م ن.ص267.

[2] د. عبدالقادر جغلول : اشكاليات التاريخيه فى غلم الاجتماع السياسى عند ابن خلد ون , ط1 , دار الحوادپ ـ 1980 , ص139 . 146 .

[3] د. على عبدالواحد وافى : عبقريات ابن خلد ون , عالـه الكتب ـــ 1983 , ص 231 ؛ د. نبيل عبدالهادى : علم الاجتماع التربوى , ط1 , 2002 ـ عمان , ص20 .

لەکۆتایی ئەمە دەتوانین پێناسەی سیاسەت بەمە بکەین ، بەشێوەیەکی گشتی سیاسەت شێوازێکی حکومەتە بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات و هەموو ئەو کارو بارانەی کەلە چوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و ئۆرگانە ڕامیاریەکان وە پارلەمان و سروشتی پەیوەندی پارت و ڕێکخراوەکان ، جگە لەمەش سیاسەت کارو باری دیبلۆماسی و پەیوەندی نێوان وڵاتان دەگرێتەوە .

## تەوەرەی سێ یە م :-

## مەلیك و تایبەتمەندییەکانی

دەسەلات پلەیەکی بەرزە هەموو کەسێك هەولی گەیشتن پێی دەدات. بۆگەیشتن پێی هەولو دەمارگیری زۆری دەوێ. ((پاشا پلەیەکی چاکە روبەروی داواکاري وپێویستی بەپالنەردەبێ کەبەهۆی دەمارگیری نیە وە دەبێ .هەموو تیرەگەلیەك دەسەلات دەسەپێ نێ وخۆی زاڵ دەکات لەسەرلایەنی لاوازاەگەڵ گەلی خۆی وهۆزەکەی خۆی,ئەوەش مەلیك تەنها بۆدەمارگیری نی یە بەڵکو لەمیلی ئەکەی دوورنەکەوتۆتەوە بۆسامان کۆکردنەوە وەشەرکردن وەشورەکان دەپارێزێ نایەوێ دەستێکی بالاترلەسەروی دەستی خۆی هەبێ،ئەوەیە مانای مەلیك)) [1].

ئەگەر مەلیکێك نەتوانێ پارێزگاری سنوری خۆی بکا کۆمەڵگاکەی بەرێوەبات وەشارەکان رێك بخات نێردراوبۆوڵاتانی تر نەنێرێ ،لاوازبێ لەئاستی کۆکردنەوەی سامان وئەمەش مەلیکێکی لاوازە [2]،هەروەك ئیبن خەلدون دەڵێت: ((گەرمەلیك کەم تەرخەمبێ لەدەمارگیریەکەی وە نەتوانێ دەوڵەت بەرێوە ببات ئەوامەلیکێکی لاوازە لەرووی زانستیش تەواو دەرنەکەوتووە (فەرمانی جێ بەجێ نەکردووە) )) [3].

لێرەدا لە کۆمەلگای شارستانی دەبینرێ زوتر پێشدەکەوێ لە کۆمەلگای کۆچەری .

بەلام دەسەلاتی راستەقینە دەگەرێتەوە بۆ ئەو تاکەکەسەی کە رعیەت ملکەچ پێبکات و داوای باج دەکات لەشکری سەربازیوەرنێری بۆجەنگ ،ئیبن خەلدون راستی مەلیك دەردەخات،هەموو کۆمەررێگایەکی مرۆڤایەتی پێویستی بەرێنمایی رێك یادەسەلات دارێك هەیە بۆئەوەی دادوەری جێ بەجێبکات وە هانی خەڵکیش بدات وەبەرژە وەندی میلەت لەوەدانی یەکەدەسەلات دارەکەی (مەلیك)لەشێوەو روخساری جوان بێت و لاشە مەزن بێت،بەڵکو دەبێ باش بێت بۆیان،چونکە مەلیکی توندرەوزۆرداروترسێنەر وەدرۆلەگەڵ میلەت بەکاربهێنێ ،لەپێش چاویان گەندەڵی بکات .....لەوانەیەکۆببنەوەهەموویان بۆکوشتنی [4].

هەموو بنیادنانێکی کۆمەڵایەتی هەر چۆنێك و جۆرێك بێت ناتوانێت بەردەوام بێت بەبێ بوونی دەسەڵاتێك ، ئەو دەسەڵاتەش هەڵدەستێ بەخۆ بەهێزکردن و خۆزاڵکردن کە دەسەڵاتدار (مەلیك) ئەنجامی دەدات وە بەهێزی ، خۆی دەسەپێنێ بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا [5].

---

[1] ابن خلد ون : المقدمه , تحقيق الحجر العاسى , دار الهلال , بيروت ـ 1983 , ص129.

[2] وليد خالد الجماس : مفهوم الدوله عند ابن خلد ون , ع ـ 4 , سنه7 ـ 1987 ـ بغداد , ص48 .

[3] ابن خلد ون :المقدمه: م.ن.ص129.

[4] د. عمر فروغ : كلمه فى ابن خلدون والمقدمته , بيروت ـ 1943 , ص 15 ـ 16 ـ 17 .

[5] د. فاضل زكى محمد : الفكر السياسى العربي الاسلامي بين ماضيه وحاضره , ط1 , بغداد ـ 1976 , ص 299 .

لێرەدا بەبۆچونی زۆربەی فقهایەکان (زانای فقه) لەسەر چەمکی خلافەت و مەلیك ، وای بۆ دەچن کە خیلافەت چاکترە و باشترە بەڵام مەلیکایەتی دەبڕینێکە لە شەڕ ، ئەوەش بەپێی نەریتی خۆیان لە داماڵینی لۆژیك کەشتەکان دادەنێن لەچوارچێوەی دوو پۆلی دژبەیەك کەسێیەکی نیە ، زۆری مێژوونوسان کاریگەرن بەو بۆچوونەی کە خیلافەتی تەواو لەچوارچێوەی هەر چوار خەلیفەی دوای پێغەمبەر (د.خ) هاتوون کەپێیان دەوترا (خەلیفەی ڕاشیدین) ، بەڵام ئەوانەی دوای ئەوان هاتوون بەبۆچوونی مێژوونوسان و لێکۆڵەرەوان دەڵێن ئەوانە بە مەلیك ناودەبرێن ، بەڵام ابن خلدون بۆچوونێکی تری هەیە لەبارەی مەلیك ، بەبۆچوونی ئەو مەرج نیە تەنها مەلیکێکی شەڕانی و بەشێوەیەکی ڕەها بێ ئەوەش وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هەندێ جار چاك و هەندێ جاریش شەڕانی بێت[1] .

بەپێی ئەو یاسایەی سەروو دەبێ پاشا یا چاکەکەر یا خراپەکەر بێ بەڵام ابن خلدون لەگەڵ ئەم یاسایە پێچەوانە دەبێتەوە بەپێی ئەم یاسایە شەڕ و چاکە دوو شتی لێك جیان بەپێی لۆژیك و وێناندن ، بەڵام ابن خلدون هەردووکی پێکەوە هێناوەتەوە لە هەمان کاتدا داماڵینی وێناندن و هەردوو (شەڕ ــ خێر) لەیەك جیان لەخەیاڵ ، بەڵام لەجیهانی ڕاستی دا (ماددیەت9 هەموو شتێك دەتوانێ چاك بێت یان خراپ لەهەمان کاتدا ، تاکەکە وەك پاشا لە ڕێ و ڕەسمی ئایینی و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان بەژداری دەکات وە لە خراپەش ، کاتێك کە مەلیك هەوڵ دەدات شتەکان بۆ بەرژەوەندی خۆی بەتەنها بەکاربهێنێ [2].

ابن خلدون وای دەبینی کە مەلیك دیاردەیەکە لە دیاردەکانی دەسەڵات و هاو ڕێگەی کۆمەڵگا دەبێت ، مەلیك بەبوونی هێزی دەمارگیری و زاڵبوون دێتە سەر دەسەڵات [3].

هەر هۆزێك یاسایەکی تایبەتی هەیە دەبێ دەسەڵاتدارێك یا مەلیکێك بەڕێوەی بەرێت ... بەهێز ئەو کەسەیە لەسەرەتادا دەسەڵات دەگرێتە دەست ، وە سەرکردەش دەبێ لەڕەسەنترین خەڵکی هۆزەکە بێت لە خوێندنەوەش نزیك بێت ، وە پابەند بێت بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی هۆزەکە . زۆر جاریش مەلیك تووشی گەندەڵی و ڕووپەمایی دەبێتەوە ، بەپێی دوور کەوتنەوە لە شتەکان واتە سەرکردەی یەکەم لەپێناو سەربەرزی هۆزەکەی مەزنیەتی تێکۆشاوە ، ئەوەی دوای ئەو هەرچەندە دەیەوێ دەسەڵایەتیەکەی و ئەو مەزنایەتیە بپارێزێ بەڵام لاوازترە ، کەسی سێیەم لاوازتر دەبێ لەکەسی دووەم ، وە ئەوەی کۆتایی تووشی گەندەڵی دەبێت بە تەواوی . ئەم بارەی سەرۆك هۆزێك نووسەری بەربەر یەکی دەخات بەتەواوی لە هەمان بارو دۆخی مەلیك کە پێدا تێپەڕ دەبێت [4].

---

[1] د. علي الوردى : منطق ابن خلدون , ط1 , بيروت ــ 1380 , ص88 .

[2] شێخ ڕاشد الغنوشى : الحريات العامه الدول الاسلام , بيروت ــ 1993 , ص151 .

[3] سعد مرسى احمد : تطور الفكر التربوي , عالم الكتب , القاهره ــ بد ون تاريخ،ص 307؛على شلق : الفصل السياسى في الاسلام ,ط1 , بيروت ــ 1985 , ص622 .

[4] انعام الجندي : دراسات في الفلسفه والقوانين والعربيه , بيروت ــ بد ون تاريخ،ص 210 ــ 211 .

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئایا مەرجە هەموو جارێك کەسی سێیەم یا چوارەم لە وانەی کە دەسەڵات وەردەگرن توشی لاوازی و بێهێزی بن، کەسی تێکدەر و خراپ و تاکڕەویان لێ دەرچێ ؟ لێرەدا ابن خلدون دەکەوێتە هەڵەوە کە دەڵێت مەزنی و بەهێزی و پێشکەوتنی هۆزەکە هەر لەکەسی یەکەم کۆدەبێتەوە کە دەسەڵات دەگرێتە دەست, زۆر جاریش دەبینین کەسی سێیەم یا چوارەم لەناو هۆز یا میللەتێك واتە (مەلیك) ێك زۆر بەهێزو توانایە بنەماو دەستوری دەسەڵاتەکەی پاراستووە و بەرەو پێشی بردووە کاری باشتری کردووە لە مەلیکی یەکەم , نمونەش زۆرن لەمێژوو دا .

ابن خلدون جەخت لەسەر پایەی مەلیك دەکاتەوە دەڵێت ((مەلیك پایەکی سروشتییە بۆ مرۆڤ چونکە دەرکەوتوە ، کە مرۆڤ ژیان و بوونی نابێت گەر کۆمەڵگای نەبێ و هاریکاری یەکتر نەکەن بۆ بەدەست هێنانی هێزیان ، ئەگەر کۆبوونەوە وا پێویست دەخوازێ بۆ مامەڵەکردن بۆ بەدەست هێنانی پێداویستییەکان ئەمەش هەر تاکێك لە تاکێکی تر دەستێنێ ، ئەمە سروشتێکی ئاژەڵییە لە زوڵم و دوژمنداری دژی یەکتر دەکەن , ڕق و کینە لە نێوانیاندا دروست دەکات ، ئەمە هێزی مرۆڤایەتییە ، کەململانێ دروست دەکات و دەبێتە هۆی کوشت و خوێن ڕژێن و و جیابوونەوە ..... مانەوەش بەتێکەڵاوی دوبەرەکی لە نێوانیان بەبێ دادوەرێك (دەسەڵاتدارێك) هەوڵ دەدەن یەکتر لەناو بەرن بۆ ئەم مەبەستە پێویستیان بە ڕێنیشاندەرێك یا پاشایەك هەیە ، ئەمەش سروشتی مرۆڤایەتییە کە مەلیکێکی دادوەرو باش بێت)) [1] .

لێرەدا دەردەکەوێت کە هەموو مرۆڤێك بۆ بەدەست هێنانی پێداویستییەکانی ژیانی و بەرگری کردن ، دەبێ لەناو کۆمەڵێك بێت تا ئەم کارانەی بکات ، چونکە مرۆڤ هەردەم لەبەردەم مەترسی ئاژەڵێکی دڕندەیە مەرج نییە بەس ئاژەڵ بێت ، زۆر جاریش ئەم دڕندەیە مرۆڤێکی وەك خۆیەتی ، بۆیە دەبێ لێرەدا دەسەڵاتێك هەبێت لە شەڕی یەکتر بیان پارێزێت , ئەم دەسەڵاتەش لەسەر دەستی مەلیکێك یا دەسەڵاتدارێك دەبێت [2].

نووسەری (پێشەکی) ئاماژە بەپەیوەندی نێوان دەسەڵاتدار (مەلیك) لەگەڵ میللەتەکەی کەلەسەر ئەمانە دەبەستێتەوە ((فەرمانڕەوا لەگەڵ خەڵك لەسەر بنەماي شەرع لەلای خواوە پەسەند کراوە دەبێ بگەڕێنەوە سەری ، وە بنەمایەکی تری سیاسەتی هزر (عەقل) کەچۆن دەتوانێت بیانبات بەڕێوە لەوە تا چ ڕادەیەك شارەزایی هەیە بۆ بەکارهێنانی لە بەرژەوەندی ئەواندا کە سودی بۆ دوونیا و دوایییان هەبێت)) [3]. مەلیك خاڵی جیاکەرەوەیە بۆ نیزامی سیاسی شارستانی ، کە پەیوەندی بە دابەشکردنی دانیشتوانەوە هەیە بۆ دوو بەش : دەسەڵاتدارو ژێردەستە , خاوەن و ڕەعیەت ، لەڕاستیدا مەلیك خاوەنی کۆمەڵەکەیەتیو هەڵسوڕێنەری کارەکانیانە،

---

[1] ابن خلد ون :: المقدمە: م.ن.ص162 .

[2] د.زینب محمود الخضیري.:فلسفە التاریخ عند ابن خلدون , ط2 ,بیروت ـ لبنان , 1985, ص185 .

[3] ابن خلدون : المقدمە:ن.م.ص264.

چونکه که مەلیك کۆمەڵی هەبێ ، ئەو کۆمەڵەش خاوەنی مەلیکن ، ئەوا ئەو سیفەتە کە جیا دەکاتەوە لە کۆمەڵی تر بریتیيە لە دەسەڵاتی زۆر [1].

وە لەبارەی ڕەوشت دا تایبەتمەندی مەلیکدا ، دەردەکەوێت زیادەتری هەیە لەناو کۆمەڵگا ئەم دەسەڵاتەش بۆ ئەوە نییە تا کۆتایی ، وە دەبێ کەسێکی دبلۆماي و سیاسی باش و ڕێك بەکار بهێنێت نەك سیاسەتێکی توند و تیژ ، هەندێجار مەلیك گێل و نەزانە ، ناتوانێ ببێتە هاوکاری کۆمەڵەکەی ئەمەش بۆ سیاسەتی وڵاتەکەی خراپە وە هەندێ جار زۆر چاوکراوە و زیرەك و بەتوانایە کە ئەوەی میللەت هەستی پێناکات ئەو دەیبینێت ، زیاتر ئەو قورسایەکە هەڵدەگرێت ، توندیش بەکاردەهێنێت ئەم لایەنە زیاتر زاڵ دەبێت ، بەڵام بەچۆچوونی ابن خلدون مەلیك مامناوەندی بێت لەزیرەکی وای پێباشە ، و باشتریشە بۆ میللەتەکەی ، وە مەلیك هەردەم لەسەر دوو بنەما دێتە بوون :

یەکەم : دەمارگیری ، کە بەسامان دەتوانی زیاتر بیپارێزی .

دووەم : پایە بەرزی [2].

لەپاڵ ئەمانەشدا ، هەندێ جار هاوکاری ئاییتی بنەمایەکی ترە زیاد دەکرێت بۆی بەهۆی ئەو بارو دۆخەی لە مەغریبی عەرەبی سەری هەڵدا لەکاتی دروست بوونی دوبلاتی مورابیتەکان و موحەد یەکان ، ابن خلدون دەڵێت : ((لەمەغریب گەلێك هۆز هەبوون لە ژمارەو خاوەن دەمارگیری . تەنها لەگەڵ پاڵنەری ئایینی هێزەکەیان دوو ئەوەندەی لێدەهات لەدەمارگیری کە هیچ شتێك لەپێشیان خۆی نەگرێ)) [3].

زۆر جاریش ابن خلدون ووشەی (سوڵتان) بۆ ئەو دەسەڵاتەی کە کارو باری خەڵك دەبات بەڕێوە ، بۆیە دەبێت توانای چارەسەری کێشە و گیرو گرفتی کۆمەڵەکەی هەبێت ، بۆ بەرژەوەندی گشتی هەوڵ بدات ، بۆئەوەی چێژ لە سامانەکەی وەرگرێ ، (دەست بگرێ بەسەر دەسەڵاتەکەی ) یا دروستکەرێکی باش بێت ، بتوانێت هەموو شتێك لە شوێنی خۆی جێگیر بکات ، سەرەڕای ئەمانە خاوەن کەرەم و لێبوردەیی و خانەخێو و ئارامگیر و وەفادار بێت بۆ پەیمانەکانی ، سەرفکردنی سامان لەپێناو ڕاستی و شتی گونجاو ، بەرزڕاگرتنی شەرعیەت و ، ڕێزگرتنی زانایان وە یاریدەدەری نەداران بێت ، دوور بێت لە زوڵم و ستەم و مەکر ، ڕێزداربێت بۆ چاکە کەران [4].

هەروەها ابن خلدون تیشك دەخاتە سەر جۆرەکانی دەسەڵات ، بەپێی ڕیالیزمی خۆی سنوری ئەم چوارچێوەیە دیاری دەکات ، کە دەسەڵاتی سروشتی و دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی جێنشیتی .

---

(1) د.عبدالقادر جغلول : الاشكاليات التاريخيه فى علم الاجتماع السياسى عند ابن خلدون , ط1 , دار الحداثة ـ 1980 , ص142 .

(2) انعام الجندي : م.ن.ص 216. البرت عيسى , تيرەگەلى و دەوڵەت.........) , ه . س , لا 106 .

(3) د.عبدالقادر جغلول : ن.م.ص 145 .

(4) وليد خالد الجماس : مفهوم الدوله عند ابن خلدون , م.ن.ص 49 .

دەسەڵاتی سروشتی : ابن خلدون جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ، کە ئەم جۆرە دەسەڵاتەیە کە پێك هاتووە لەوەی کۆمەڵ بەڕێوە دەبرێت لەسەر بنچینەی مەبەست و ئارەزووی مەلیك . لێرەدا ئەم دەسەڵاتە لە نێو کۆمەڵدا بوونی هەیە وە دادوەری تیا نییە خواست و ویستی مەلیك لەسەر هەموو ستێك بێسنوورە باڵی خۆی بەسەر ویستی ڕەحیەت دەکێشێ .

دەسەڵاتی سیاسی : ئەو دەسەڵاتە پێك هاتووە ، کە کۆمەڵ بەڕێوەی دەبات لەسەر بناغەی تێڕوانینی عەقڵانی (ان الملك السياسي هو حمل الكافه على مقتضى نظر العقلي) [1] . ئەم جۆرە دەسەڵاتە تەنها ئامۆژگاری (Temproral) دەکات بەبێ گوێ دانە لایەنە ئایینییەکان ژیانی مرۆڤ و بێبایەخدان بەکامەرانی لەژیانی ئەو جیهانەی تر ، ابن خلدون دەسەڵاتی سیاسی بەباشتر لەقەڵەم دەدات ، چونکە زیندووترە (Vitality) لەدەستی سروشتی شەریعەتی زیاترە کە دەسەڵاتی سروشتی هیچ حسابێك بۆ یاسا ناکات .

دەسەڵاتی جێنیشینی : ئەم دەسەڵاتە پێك هاتووە لەسەر بناغەی تێڕوانینی شەرعیەت (والخلافه هو حمل الكافه على مقتضى النظر الشرعي) [2] . ئەم جۆرە دەسەڵاتە باشی و چاکی هاوڵا تیان ڕەچاو دەکات وەردەگێڕێ بە ژیانی سەرزەوی ئەو دوونیای تر ، بەلای ابن خلدون دەسەڵا تی جێنیشینی ئەو دەسەڵا تەیە کە یاسادانانەکەی لە سەرچاوەی خودایە و هەڵقوڵا وە دەکەوێتە سەرۆکی دەوڵەت وەك جێنیشینی پێغەمبەری یسادانانە ، ئامۆژگاری ئەو یاسا یا نە دەکات کە ڕایان گرتووە [3].

جگە لەبۆچوونی ابن خلدون لە بارەی دەسەڵات گەر بەراورد بکرێ لە گەڵ ئەو نوسەرانەی ئەوروپاش پێش ئەو و پاش ئەو لەبارەی دەسەڵات وە چەمکی دەسەڵات (مەلیك) شتیان نوسیوە ، وەك : ئەرستۆ وەکو ستالین وەك دەسەڵاتی باوك و سیاسی دەسەڵاتداری زەبر و زەنگ ، وە گیان بۆ دین (Jean bo din) هەروەها سەیری دەسەڵات دەکات لە دۆخێك کەڕێ بدات بە پێشەنگی کەسانی تر [4].

گەیشتنی هەر دەسەڵاتدارێك یان مەلیکێك ئاراستەی تاکڕەوی وەردەگرێت ، بۆ ئەوەی مەزنایەتی خۆی بپارێزێت ، کەلە ڕێگای دەمارگیری بەدەستی هێناوە ، لێرەش دا هۆکار هەن بۆ ڕووخانی ئەم مەلیکە کە لەچەند بارێك خۆی دەگرێت . گەر ئەو مەبەستەی دەستی نەکەوێت کە هەوڵی بۆ داوە ، گەیشتنە بۆ لوتکەی دەسەڵات ، کە یەکێکە لە خەڵکی هۆزەکە ، وە لەلایان هۆزەکەی بەرگەی لێکراوە پاراستویانە ، ئەم هۆزە کاریگەری دەبێت بەدەسەڵاتەکەی یا لە ڕێگەی هەڵبژاردن، کە یەك لەدوای یەك لەتاکەکانی هۆزەکە بێنەسەر دەسەڵات

---

[1] ابن خلدون : المقدمه: دار العيان العربى , ط4 , بيروت , بد ون تاريخ ،ص191.

[2] ابن خلدون : م.ن.ص191.

[3] البرت عيسى : س.پ , لا 113 تا 116 .

[4] البرت عيسى : هـ.س , لا117 .

ئەوانەی بەهێزن (لێرەدا ڕژێمی میراتگری ڕۆڵی کاریگەری دەبینێ) [1]، ((ڕودانی هەندێك جار بەهێزی مەلیکەکە، کە منداڵە لە ڕاستیدا، یا دەسەڵاتی لاوازە ناتوانێت کارو باری وڵات بیبات بەڕێوە، یەکێك لەوەزیرەکان دەیتوانی ــ جڵەوی دەسەڵات بگرێتەدەست بەتەنها، وە بەلابردنی ئەو مەلیکە بێهێزە ــ کە، بەتایبەتی ئەو دەسەڵاتدارە بەهێزە کە بەسەرپەرشتیاری ئەم مەلیکە بێهێزەکەیە، هەڵدەستێ بە دوور خستنەوەی مەلیکەکە)) [2]، وەزیری سەرپەرشتیاری منداڵەکان، هەڵدەستێ بە بەڕێوەبردنی کارو باری دەوڵەت وە ئەوانەش لە مەلیکە منداڵەکە دەکات، تەنها گرنگی دانیشتن لەسەر تەخت و ئامادە کردنی ووتە بۆ خەڵك و لەناو ژنانی دانیشێ، لەژیانی خۆشگوزەرانی و ڕابواردن و دابژیت، کارە قورسیەکانیش لە دەوڵەتدا پەیوەندی بەئەو دا نیيە، وەزیری سەرپەرشتیار ئەم کارانە دەکات لەگەڵ هێنانی خزم و دارو دەستەی خۆی [3].

لێرەدا دەردەکەوێت نمونەی ئەمە لەمێژوودا زۆرە، بەتایبەتی مەلیکە لاوازەکان سەردەمی مەمالیك، کە وەزیرەکان باڵادەست بوون یان سەرکردەی، کە مەلیکەکانیان لە دەسەڵات دوردەخستەوەو لەناویان دەبردن، خۆیان کارو باری دەوڵەتیان دەگرتە دەست و لەگەڵ گروپی تایبەت بەخۆیان، ئەمەش دیاردەیەکی بەرچاو بوو بۆ نوسەری بەربەری کە تیایدا ئەم ڕوداوانە هاوچەرخی خۆیی و خۆشی بنوێیەتی وە ئاماژەی بۆ کردووە .

لە لایەکی ترەوە بونەی سروشتی ژیاتی مەلیك (دەسەڵاتدار ) لە دەوڵەتدا کاتێك کە ڕووی خۆشگوزەرانی وڕابواردن دەکات و زۆری کاتی بە ئاهەنگ گێڕان و سامان بەفیڕۆدان، کە ئەمانەش پێویستی بە دەعیات هەیە، لێرەش دا خەزینەی دەوڵەت ڕوو لەبەتاڵی دەکات، یاخود کۆکردنەوەی سامان ڕوو لەکەمبوون دەبێت لەچاوی خەرجیەکان کە زیاتر دەبن بەمەش مەلیك هەڵدەستێ بەباج سەپاندن بەسەر خەڵك، کەباری گەلەکەی قورس دەبێت، هەروەها خەریك بوونی زۆری بە شەڕو شۆڕ لەگەڵ خەڵکانی ترو ناوچەی تر کە دەوڵەت بەرەو ماڵوێرانی دەبات ئەمەش پێگەی مەلیك بەرەو لاوازی و نەمان دەبات [4].

زۆرجاریش ئەو مەلیکە کە بەشێوەی کودەتا و خۆ زاڵ کردن نەهاتۆتە سەر تەخت، بەڵکو لەڕێگەی میراتگری بۆی ماوەتەوە، لێرەدا ژیانێکی هێمنانە دەباتە سەر، حەز بەهیچ شەڕێك و کارێکی قورس ناکات بۆ ئەوەی ناوبانگ و بەهێزی خۆی تیادا دەردەخات، بەڵکو تەنها حەزو ئارەزووی ڕابواردن دەکات . وە هەندێ جاریش لەگەڵ کارو نزیکەکانی لەناو هۆزەکەی خۆی، نەوەك ببێتە سەرچاوەی مەترسی و دەسەڵات لێی بسێنن، لێرەدا خاوەن دەوڵەت

---

(1) البرت عيسى : ه.س , لا113 ـ 131 .

(2) ابن خلد ون :المقدمه.م.ص191.

(3) وليد خالد الجماس : مفهوم الدوله عند ابن خلدون : م.ن.ص 49 .

(4) ابن خلدون : : م.ن.ص117. وليد خالد الجماس : م.ن.ص50.

(مەلیك) هەڵدەستێ بە دامەزراندنی خەڵكانی تر لە هۆزەكەی ئەوە دانین لە پلە و پایەكانی نا دەزگای دەوڵـەت دا . وە ئەو كەسانەش كاتێك بارو دۆخیان بۆ دەگونجێ هەڵدەستێ بە ڕاپەڕین دژی (مەلیك) ، ئەویش تۆڵەیان لێدەستێنێت و لەناویان دەبات[1] .

ئەمانە هەموویان وادەكەن كـە دەسـەڵاتی مـەلیك بـەرەو ڕووخـان دەبـات میللـەت هەڵـستن بەلابردنی لە دەسەڵات لەپاڵ هۆكاری تر ، وە گەندەڵی بەڕێوە بردن و كەسانی بێ ئەزموون و خـاوەن بێهێـزی دەمارگیری دا ، كەكاردانەوەی خراپیش بـۆ سـەر داهـاتووی دەوڵـەت دروسـت دەكـات . هـەروەها ئـەوەی لێرەدا دەردەكەوێت ، كە ابن خلدون بەپێی كات و شوێنی ئەو سەردەم مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەكان كردووە ، لێكۆڵینەوەی خوێندنەوەی بە گوێرەی پێوەری ئەوكات بۆی كردووە [2].

---

[1] ابن خلدون ن.م.ص117. وليد خالد الجماس : م.ن.ص 50 .
[2] وليد خالد الجماس : م.ن.ص51 .

## تەوەرەی چوارەم :

## چەرخی گەڕانەوە و تێك شكاندن

کاتێــك دەســەڵات فــراوان دەبێــت ، دەچــێتە قۆنــاغی جێگیربــوون وە دەســەڵاتی دەمارکیرییەکە بەرەو کـەم و کـورتی دەڕوات , ئـەو کاتـە زوڵـم و سـتەم شـوێنی دەگرێتـەوە ، بـە هۆیـەوە دەوڵـەت بـەرەو ڕووخـان و هەڵـدێر دەبـات , بـەهۆی ئیـستغلال کردنـی دەسـەڵاتی سیاسـی لـە کـارو بـاری کشتوکاڵ و بازرگانی و .....هتد ، ابن خلدون ئەمە بە ڕەوشتێکی ناسروشتی لێك دەداتەوە (بەهەڵـەی مـەزن) ناوی دەبات [(1)]. چونکە ((زیان بە کۆمەڵ (ڕەغبەت) لەزۆر ڕوو پێیـان دەگـات یەکـەم جـار بـە جوتیـاران و بازرگانان لە کڕینی ئاژوڵ و کەل و پەل بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت)) [(2)].

لێرەدا هەندێ هۆکاری تر هەن کە ناسروشتین بە بیرو بۆچوونی ابـن خلـدون لەوانـە :-

1. دەسەڵاتدار لە ماڵ و موڵکی دەوڵەت .
2. ڕاکردنی دەسەڵاتدارانی پایەبەرزی دەوڵەت بۆ شوێنی تر (دەوڵەتی تر) کـە لەگـەڵ خۆیـان سـامانێکی زۆر دەبەن بۆئەوەی ژیانی خۆشگوزەرانی بۆ خۆیان فەراهەم بکەن ، لە ڕاستیش دا کۆکردنەوەی ئەم سامانە لە ئەنجامی بەرهەمی ماندوویی هۆیان نەبوونە (دزیویانە) .
3. چەسپاندنی کاری زۆرە ملێـی بەسـەر خـەڵك بـەبێ هـیچ حـەقێك ...لەبـەر ئـەوەی بـژێوی و خـۆراك گەرچی ئەمە نرخی کارەکانە ، ئەوەش توندترین ستەم و گوندەڵایە کە لە خەڵك بکرێت [(3)].

بردنی ماڵ و سامانی خەڵك بەزۆری بەبێ هۆکار ، ئەوەش هیچ پاساوێکی بۆ نیـیە ، چـونکە هـەر کارێـك بەزۆری لەلایان حکومەت بەسەر خەڵك بچەسپێنی بـە سـتەم و تونـد و تیـژی ، ئەمـە لـەلای ئـایین شـتێکی وەرنەگیراوە ، گەر دەسەڵاتی سیاسی خۆی وابکات ، خەڵك ڕێگـای تـر دەگرنـە بـەر بـۆ بەدەسـت هێنـانی ئامانجەکانیان ، وە لاوازی ڕۆڵی ئایینی دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی زوڵم و ستەم و دیکتاتۆریـەت [(4)]. دەبێ ئـەوەش ڕوون بکرێتـەوە کـە تیرەگـەی پێکهـاتوە لـە پەیوەنـدی ئەنـدامانی گروپێکـی کۆمەڵایـەتی پێکـەوە دەبەستێتەوە ، لەبەر ئەوەی تیرەگەلی وەك واقعێکـی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی دادەنرێـت .... لێـرە دا ئایـا چ پەیوەندییەك لەنێوان دەوڵەت و تیرەگەلی (دەمارگیری)دا هەیە ؟ وە چ شتێك وای لە ابن خلدون کـردووە بگەڕێ بەدوای شوێن و پەیوەندی نێوان تیرەگەلی (دەمارگیری) و دەوڵەت دا ؟ .

پێویـستە شتێك بخرێتە سەر ئەوەی کەڕوداوەکانی ئەفریقای ژوورو ، ئەو شتانەی کە سەرنجی ابن

---

(1) د. فواد البعلي : ابن خلدون وعلم اجتماع الحديث ,ط1, دار المدى ـ 1997 , ص75 .

(2) ابن خلدون : المقدمه . م.ن.ص 281.

(3) انعام الجندي : م.ن.س 216. :. د. عمر فروغ : ن.م., بيروت ـ 1943 , ص 118 .

(4) د. فواد البعلي , م.ن.ص75 . د.ئەلبرت عیسی: تیرە گەلی و دەوڵەت ........ , س . پ, لا128 تا 130 .

خلـدونی ڕاکێـشاوە ... وەك تاقیگـا بـەرگ وابـوون لـەو ناوچەیەشـدا . ابـن خلـدون تێبینـی دوو ڕووداوی سـەرەکی کردبـوو ، هـەر وەك (ئارنۆڵـد تـویبنی) ش ڕوونـی دەکاتـەوە و دەڵـێ : یەکـەمیان پێکهـاتووە لەهەڵەتەکانی موسوڵمانە عەرەبەکان و دروستبوونی دەوڵەت لەسەر فۆڕمی جێنشینی .

دووەمیان : پێکهاتووە لە ئۆپراسیۆنی تاڵانکەرەکانی بەنو هیلال لە مغریب ... لێرە بۆ ابـن خلـدون دەرکەوت کە یەکەمیان لە ئۆپراسیۆنی بنیاتنان لەلایان خێڵە عەرەبەکان لەسەردەمی سـەرەتایی تەشەنەسـەندنی ئیسلاملا دا کاریگەری ئایینیان لەسەربوو ئەوەی تریش (دووەمیان) پێکهـاتبوو لـە ئۆپراسـیۆنی ڕووخانـدن لەلایان خێڵی بەنو هیلال و بەنو سەلیم لە مەغریب دا [1].

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئایا هێرشکاری ئومـەوی لەسـەرەتادا بـۆ ئـەو ناوچـانە نەبوونـە هۆی ڕووخان ، بەڵکو گەشەسەندن و بوژانەوەیان لەگەڵ خۆیان هێنا کـە ئـەم ناوچـانەیان داگیرکـرد ، بـەڵام هێرشکاری بەنو هیلال و سەلیم , بوونە هۆی تاڵانکردن و هەرەسهێنانی شارستانیەت لە ئەفریقای ژوورو؟

لێـرەدا ابـن خلـدون سـەیری تیرەگـەلی (دەمـارگیری) دەکـات ، (وەك پڕۆتۆپلازمایـەکی کۆمەڵایـەتی) کـە بنـچینەی یـەکێتی سیاسـی پێـك دەهێنێـت ... لەڕووانگـەی (ئارنۆڵـد تـویبنی) تیـۆری سۆسۆلۆژی ابن خلدون هەموو ڕووداوە مرۆیەکانی ئەفریقای ژوورو بەقەوارەی تیرەگەلی شیبکاتەوە (تیرەگـەلی وەك بنچینەی دروستبوونی دەوڵەت) شکستی هێنـا ، ئـەم شکـستە وای لـە نووسـەری بەربـەر کـردووە ، کـە دەمارگیری بەس نییە بۆ مسۆگەر کردنی بوونی گیانی دەوڵـەت . دووەم شـوپۆلی هێرشـکاری کۆچـەریەکان قەوارەیەکی سۆسۆلیسا نییە و ناتوانێت ڕەحمیانە کاربکات . کە تیرەگـەلی پێویـستی بـە هێزێکـی تـر هەیـە کەبتوانێت کە بتوانێت لەگەڵی کار بکات , ئەویش ئەم هێزە ئایینییەیە . بۆ نموونە هەرچەندە بـەنو هـیلال و بەنو سەبیم خاوەن تیرەگەلی بەهێزبوون ، بەڵام شکستیان هێنـا ، چـونکە بـاوەڕی ئـایینی فریایـان نەکـەوت . هەرەسهێنانی ئومەوی و عەباسیەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕەقبوونی موراڵیەتی کۆمەڵایـەنی دروسـتکەر کـەپێك هاتووە لە تیرەگەلی . ئەم موراڵیەتە (Ethos) بەهێزبوو لای کۆچەرە عەرەبییە سـەرەتاییەکان ، بـەڵام لاواز بوو لای نیشتەجێبووەکان[1].

لەڕوانگـەی تـویبنی یـەوە ، ابـن خلـدون کەوتـە هەڵـەوە کاتێـك هـۆی هەرەسـهێنانی نیشتەجێبووەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ نەمانی تیرەگەلی ، وە کاتێکیش ماوەیەکی دیاری کـراو دادەنێـت بـۆ ئـەم هەرەسهێنانە (لەبەشی دواتر باسی چۆنی دەوڵەت) . بەڵام نـابێ ئینکـاری ئـەوەش بکـرێ کەپێـچەوانەی زۆری نووسەران و پسپۆڕان لەبیری ابن خلدون لێکی دەدەنەوە کە دەڵێ: کە تەنها تیرەگەلی و ئایین نووسەری بەربـەر گرنگی پێدەدات , ئەوەش پشت تێکشکان و گوڕانەوەی دەوڵەت ، ئەویش لەلایەنی ئابووریـیە. کەبەشـێکی تەواوی نووسەکە ابن خلدون لە

---

(1) د.ئەلبرت عیسی: هـ. س, لا121 ـ 122 ،د. عمر فروغ : م.ن.ص 68 .

(2) د.ئەلبرت عیسی: تیرەگەلی و دەوڵەت ........ , س . پ, لا124 تا 126 ،علی شلق : العقل السیاسی في الاسلام ,ط1 , بیروت ـ 1985 , ص121.

(پێشەکی)دا لەسەری نووسیوە ، ابن خلدون دەیەوێ دەری بخات کە بنچینەی دەوڵەت لەسەر دوو فاکتەری سەرەکی دەوەستێتەوە : فاکتەری تیرەگەلی و فاکتەری ئابووری ، کاتێك تیوریزە دەکات ، ابن خلدون هێل بە ژێر ئەوە دەهێنێت , کە دەسەڵاتی دەوڵەت پێکهاتووە ، لەهێوی تیرەکەلی کە ڕەنگدانەوەی لە لەشکرەکەی تێبینی دەکرێ وە لە دراو (المال) کەلایەنی ئابووری دەگرێتەوە ، کە مانەوەی کارگێری دەوڵەت دەپارێت ((ان مبني الملك على اساسى لا بد منهما فاولى الشوكه والعصبيه وهو المعبر عن الجند والثانى المال الذى هو القوامه اولائك الجند واقامهما يحتاج اليه)) [1]. لێرەدا ابن خلدون هەردوو فاکتەری پێکەوە ,بەردەوامی دەوڵەت مسۆگەر دەکەن سنوریش بۆ هەرەسهێنانی دادەنێت (بۆ دەوڵەت) [2].

دوای ئەوی ئاماژەمان بەوە کرد ، کە ابن خلدون دەوڵەت لەسەر دوو بنەما دادەمەزرێنێ، وە چۆن جەخت لەسەر بنەمای یەکەم دمکاتەوە کە دەمارگیرییە ، ئەمە چۆن بەڕادەی جیاواز دەبینرێت لەکۆمەڵێك بۆ کۆمەڵێکی تر ، بەڵام بەرەو لاوازی دەڕوات بەهۆی خۆشگوزەرانی و جێگیری . وە لەگرنگترین هۆکارەکانی هەڵوەشانەوەی تێکشکانی دەوڵەت بریتین لە :-

1. لاوازی کاریگەری ئایینی : ئایین وا لێکدەدرێتەوە کە هۆکارێکە بۆ یەکخستنی خەڵك و ، ئەمەش دیاردەیەکی بەرچاوە لەکاتی سەرهەڵدانی دەوڵەن ، لەو کاتە هیچ شتێك بەربەست نییە لە پێشیان ، چونکە خاوەن یەك بیرو بۆچوونن ، هەروەها ئامادەن لەپێناو بەرژەوەندی گشتی خۆیان بدەن بە کوشت (فیدابکەن) . بەڵام کاتێك شێوازی ئایینەکە دەگۆڕێت ، کۆمەڵەکەو دەوڵەتەکە بەرەو ڕەخان و لادان دەچێت . وە عەرەبەکان لەبارەی سیاسەتیش لاواز بوون وە کەم ملکەچی لایەنی تر دەبن ، چونکە هەردەم هەوڵی سەرکردایەتی دەدەن ، بەڵکو بەرەو زوڵم و ستەمکاریشیان دەبات[3].

2.خۆشگوزەرانی و ڕابواردن : کاتێك خۆشگوزەرانی بەخراپە بەکاردەهێنرێت دەبێتە هۆی لەناوچوونی دەوڵەت ، دوای ئەوەی بەهێزەوە دادەمەزرێت . گەر دەوڵەت دوای دروست بوونی کەوتی نێو قۆناغێکی جێگیری ، نقوومی خۆشگوزەرانی دەبێت ، لێرەدا ئەوانە پێویستییان بە خزمەتکار دەبێت ، چونکە کە بەرز دەبنەوە ناتوانن ئیش بۆ خۆیان بکەن و دەمارگیرییان بەرەو نەمان دەچێت ، هەروەك ابن خلدون ئاماژە دەکات و دەڵێت : ((فان كانت الدوله من القوه بحيث لا يطمع احد في انتزاع امرها ولا مشاركها فيه .... هيمتهم النعيم واكسب وخسب العيش والسكون في ظل الدوله الى الدعه والراحه والاخذه بمظاهب الملك في المباني والملابس..... وتذهب الخشون البداوه وتضعف عصبيه وابساله)) [4]. وە ئەو کەسانە لە چینە بەرزەکان ناتوانن کارە ئاسایییەکانیان بکەن ,

---

[1] ابن خلدون :: المقدمه,ن.م.ص281.

[2] د.ئەلبرت عیسی: ه. س, لا126 . انعام الجندي : ن.م.ص216..

[3] د. فواد البعلي : م.ن.ص76 .

[4] ابن خلدون : المقدمه, م.ن.ص247.

ناچار كەسانێك لەنەتەوەی خۆیان دەكەن بە كۆیلە و ژێر دەستە و بەكاریان دەهێنن ، لێرەشدا ابن خلدون دژی ئەم كرداره دەوەستێ و دەڵێت : ((ئەم بارو دۆخە چاك نییە بەگوێرەی مرۆڤایەتی)) كە لەسروشتی مرۆڤدا هەیە[1].

3.وابەستەی دەوڵەت نین ، ئەمەش ئەوانەن كە بوبرسیەتی و دواكەوتوویی ناسراون ، مەلیك یا دەسەڵاتدار دژی گەلەكەی خۆی بەكاریان دەهێنێ ، كە ئەمەش كاتێك میللەت دژی دەسەڵاتدار دەوەستن ، ئەویش مەلیك هەڵدەستێ بە هێنانی كەسانی بیانی ، بۆ بەرگری لەخۆی پشت بەستن بەیارمەتی بەكرێگیراوەكان (مورتەزەمە): كەدەگەڕێنەوە بۆ ئەو كۆمەڵانەی خاوەن دەمارگیری و بەكاریان دەهێنێ بۆ ئەوەی دەسەڵاتەكەی بپارێزێت , نەوەك میللەت دەست بگرێ بەسەر تەختەكەی ، هەروەك ابن خلدون دەڵێت : ((بمزيد والتكرمه والابشار ويقسم لهم مثل ما يكثر من قومه ويقلدهم جليل الاعمال)) [2]. ئەوەش ابن خلدون بەتێكدانی دەوڵەت بۆ دواوە لەقەڵەم دەدات [3].

4.دەست گرتن بەسەر دەسەڵاتی مەلیك : ئەمەش كاتێك لەلایان تاكە نزیكەكانی مەلیك دژی ڕادەپەڕن ، بە هۆی ئەوەی كە دەسەڵاتدار نقومی خۆشی و ڕابواردن و كەیفە ، خۆی دوور خستۆتەوە لە فەرمان و دەسەڵاتەكەی ، كارو كردەوەكانی دەوڵەتی فەرامۆش كردووە ، وە كەسە نزیكەكانی وەك (پەردەدار و وەزیرەكان) دەستیان بەسەر كارەكان گرتووە ، دەوڵەت لەباری خراپدا دەژێت ، لێرەدا بۆ هاتنە دەرەوە لەم بارو دۆخە ، مەلیك هەوڵ دەدات لەم دەست بەسەریە بێتە دەرەوە ، بگەڕێتەوە بۆ لای كەسە نزیكەكانی (مەبەست هۆزی ڕەسەن) دژی ئەوانەی دەست درێژی بۆ دەكەن ، هەڵدەستێ بەكرداری ڕەشەكوژی .

5. دیكتاتۆریەت : كاتێك مەلیك دەسەڵاتي تەواوی دەچەسپێنێ بەسەر دەسەڵاتدا هەست بە مەزني و لوتبەرزی دەكات ، هەوڵ دەدات كەسانی لە كۆمەڵەكەی خۆی دوور بخاتەوە ، دانانی پەردەدار بۆ ئەوەی كەس لەمیللەت نەبینێ ، وەگەر سەرپێچیان كرد لەكارەكان سزا دەدرێن ، چونكە حیزو ویستەكانی ئەویان جێبەجێنەكردووە , هەستكردن بە هیرەیی و ترسی لێیان ەی ترسی لەدەست چوونی كورسیەكەی ، هەڵدەستێ بەكوشتنیان . ئەمەش بەسەر هەموو میللەتێك دادێت، كەدەكەوێتە ژێر دەستی دیكتاتۆریەت و بەرەو نەمان دەڕوات [4].

6.باڵەپەستۆی دەسەڵات لەسەر ژیانی ئابووری : پەیوەندی نێوان ئابووری و سیاسەت ڕوونە لە (پێشەكی) دا بەتایبەتی پەیوەندی نێوان هەڵوەستانی دەوڵەت و ڕووچوونی ژیانی ئابووری .

---

[1] ابن خلدون ::ن.م.ص384. عمر فروغ : م.ن.ص32 ؛ احسان محمد االحسن : النظريات الاجتماعيه المتقدمه , ط1 , دار وائل , بغداد ـ 2005 , ص251 .

[2] د. فواد البعلى: م.ن.ص76 .

[3] ابن خلدون : م.ن.ص 384 .

[4] انعام الجندي : م.ن.ص 216.

وه دەسکەوتنی جەنگ لە سورروتاکانی دەوڵەت دابەش دەکرا سەر خـەڵکی هـۆزو دەمارگیرییـەکان بـەپێی دەوڵەمەنـدی و بـەهێزی و تیرەگـەلی (دەمـارگیری یـان)،چـونکە ئـەوان پێداویـستی دەوڵەـتن لەسـەرەتادا .....وه زۆری دەسکەوت ، لێرەدا گەر دەسەڵاتداری دەوڵەت دیکتاتۆریـەت بـڕوات کەسـێکی داپڵۆسـێنەر بێـت و ئـەوه هەموو دەسکەوتی جەنگ و دەوڵەت دەخاتە ژێـرو ڕکێفـی خـۆی ، لـەو شـتانە سـەرفی دەکـات ، کـەخۆی ئارەزووی لێیەتی ، بەم شێوەیە دەوڵەمەند دەبێت و خەزێنەکانی پڕدەکات .... ئەمەش لەسەر شـانی ئـەوەی هۆزەکەی کە بەماندوبوونی ئەوان پەیدا بووه .

لێرەدا باج لەسەر میللەت دەچەسپێنێ ، لەسەر چینی بازرگانان ئەمەش دەوڵەت بەرەو بـارو دۆخی ناسروشتی دەبات [1]. لێرەدا تیرەگەلی لاواز دەبێت ڕوون دەبێتەوه ، لێرەدا دانیشتوانی شار تووشـی خۆشگوزەرانی و ڕابواردن دەبن ، وه دانیشتوانی لادێ تیرەگـەلییان بـەهێز دەبێـت ، وەدەبـێ ئـەوان بـاج بدەن و ڕادەوەستن ، دەیانەوێ لە کـۆنترۆڵی دەوڵـەت دەربازیـان ببێـت . لەبـەر ئـەوەی تیرەگـەلی دەوڵـەت لەوانە (ئەوان) سەری گرتووه ، لە دانیشتوانی لادێ و بیابان ، ئەوانیش دژی دەوڵـەت هەڵدەسـتنەوه ، ئـەوا دەوڵەت بەرەو هەرەسهێنان دەبەن و هێرش دەبەنە سەر دەوڵەت بە تیرەگەلی نـوێ دەیگۆڕنـەوه ، دەیانـەوێ تیرەگەلی کۆن دەربکەن [2].

ئەمەش بەهۆی لەدەستدانی پارێزگاری مەلیك ناتوانن پارێزگـاری لـەبارەی نـاوخۆ بکـات ، ئەمەش وادەکات ، دەوڵەت بەرەو ویلایـەت و دابەشیوون دەبات ، لەلایان کەسانی تر سەرپەرشـتی دەکـرێ و بەرەو لاوازی دەڕوات .

---

(1) وليد خالد الجماس : مفهوم الدوله عند ابن خلدون ,ع.4 , بغداد ـ 1987 ,ص 52 ؛ د. عمر فروغ : م.ن.ص. 19 .

(2) د. عمر فروغ : م.ن.ص 30 ؛ انعام الجندى : ن.م.ص 217 ـ 218 .

# بەشی سییە م

## قوناغەکانی پیشکەوتنی دەولەت-شارستانی

### تەوەرەی یەکەم

قوناغی سەرهەلدان و دەستپیکردن

### تەوەرەی دووەم

قوناغی تاکرەوی و پیشکەوتن

### تەوەرەی سییەم

قوناغی مەدەنیەت و جیگیری و ئاشتەوایی

### تەوەرەی چوارەم

قوناغی گەندەلی و رووخانی دەولەت

## قوناغه كانى پيشكەوتنى دەولەت – شارستانى

بو ئيبن خەلدون دولەت دەزگا يەكى سەرەكييە ، هەروەك لە بەشى پيشوو ئاماژەمان بوى كرد ، لەتيورو بنەماو جورەكانى .جگە لەتيروانين و ديدى ئيبن خەلدون لەو بارەيەوە –وەك بونى فورميكى سياسى –دادكەرى –ريكخراوى كومەلايەتى ئادەميزاد.

لەروانكەى ئيبن خەلدون دەولەت وەك ئۆركانيكى بايولوژى و ئۆركانيزمى كومەلايەتى دەيخەينەروو،كە دەكاتە قۆناغەكانى پيشكەوتنى دەولەت –شارستانى دا ،لەميژووى بيرى سۆسيۆلۆژى دا قوتابخانەى ئۆركانيزم ،واتە پرەنسيپى لەيەكچون لەنيوان ئۆركانيزمى بايۆلۆژى و كۆمەلايەتى تەنها لە سەدەى هەژدەهەم دا ،سيستماتيك بەتايبەتى لە بيرى (هيربەرت سپيبسەر– Herbert Spencer) هاتە كايەوە.

بەتيروانيني ئيبن خەلدون،دەولەت هەروەكو ئادەميزاد ژيانيكى سروشتي هەيەو بەوبۆنەيەوە،دەلي كەبەلاي ئەستيرەناسەكان ماوەي ژيان ى تاكە كەسيك سەدوبيست سال دەبيت " ان العمر الطبيعى للاشخاص على مازعم الاطباء والمنجمون مائه وعشرون سنه" (1) ،ماوەى مامناوەندى تاكەكەسيك لە **60-70**سال تيپەرناكات،بەلام دريژترين ژيانى تاكەكەس بەشيوەيەكى كشتى لە سەدوبيست سال تيپەرناكات،ژيانى دەولەتيشلە سى سەدە تيپەرناكات ،هەرسەدەيەك نوينەرايەتى ژيانى تاكەكەسيك دەكات،شتيكي سەرسورهينەرە،كەلەوبۆنەيەوە ئيبن خەلدون زۆر نزيك دەكەويتەوە لەوتيروانينە تازەى كە زۆر باسكراوە لە سەردەمى نوىدا ئەوەيە:كە ئۆركانيزمى بايۆلۆژى ئۆركانيزمى كۆمەلايەتييە.**(2)**

---

(1) ئيبن خەلدون :س.پ.ل170.

(2) البيرت عيسى :س.پ.ل140-141؛

انعام جندى :س.پ.ل214.

وە هەندی بۆچوون جیاوازدەبن لەکەل بۆچوونی ئیبن خەلدون لە بارەی تەمەنی دەولەت کە ئاماژە بۆ سێ نەوە دەکات٬پرسیاردەکەن چۆن ئیبن خەلدون ئەوە لە بیردەکات دابەشکردنی سێ نـەوە بەسـەر پیـنج قۆناغ(اطور)؟٬ئەوانیش دەکەرینەوە بۆ ئەوەی تەمەنی دەولەت بە سی نەوە تیپەر دەبیت لەکەل بوونی ئەو سیستەمەی دابەش بووە بۆ پینج قۆناغ .وە هەنـد یـك پییـان وایـە وەك تـوینبی دەولـەت بـە چـوار قۆنـاغ دەبەستیتەوە٬

مەرج نییە هەر نەوەیەك چل سال بیت ٬ هەندیك جار کەمترو وە هەندي جار زیاتر٬ وە لە کـرنکترین ئـەم قۆناغانە

( اطوار ) کە دەولەت پییدا تیپەر دەبیت پینج قۆناغە بەرای ئیبن خەلدون :-

قۆناغی یەکەم :قۆناغی تەنها یي و دروست بوونی دەولەت.

قۆناغی دووەم :قۆناغی تاکرەوي و پیشکەوتن(پالەوانیەتی ).

قۆناغی سییەم :قۆناغی مەدەنییەت .

قۆناغی چوارەم :قۆناغی جیکری وئاشتەوایی.

قۆناغی پینجەم:قۆناغی کەندەلی و رووخانی دەولەت.(1)

بەلام لیرەدا دەتوانین قۆناغەکانی دەولەت بە چوار تەوەرە ئاماژەی بۆ بکە ین:

---

(1) ولید خالد الجماس :س.پ.ل54.

# تەوەرەی یەکەم

## قۆناغی سەرهەلدان و دەست پێ کردن

بە دەولەت بوون بە لایەنی باشي و خراپەکانییەوە بە قەلبازێکی مەزنی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت،کاتێك فۆرمی خێلەکی کۆمەلگا هەلدەوەشێتەوە،دەکەوێتە ریزی دووەم ،ئەوا دیاردەی نەتەو و میللەت وەك فۆرمێکی نوی ی کۆمەلگا واتادار دەبێت .لەراستیدا بەتەواوتی عەشیرەت هەلنەوەشاوەتەوە، بەلام کۆرانکاری بە سەر داهاتووە و چەندین خێلی نوی لە سەر بنەمای هەمان بناغەی کەلتوری هاتوونەتە ئاراوە. هەم لایەنی ستونی و هەم لایەنی ئاسۆیي مەزن بووە.چینەکانی لە ناوەخن دەرکەووتن دەولەت سەپێنراوە. جڤات و کۆمەلەی خێلە بەرفراوانەکان لە ژێر سایەی ئەم راستیانەدا نوینەرایەتی کەلتور و زمانی لیکچوودەکەن.(1)

دامەزراندنی دەولەت .دروست نابی یاخود سەر هەلنەدا بەبی بوونی دەمارکیری ،لەم قۆناغەدا ئیبن خلدون ئامژە دەکات ،دەسەلات پاشایەتیەو خاوەن.دەمارکیری توندەوازی لیناهینی ،سوورە لە سەر جی بەجی کردنی یاساکانی خۆی ، وە فەرمان رەوایی کردن لەوسەردەمە هاوبەشە لە نیوان مەلیك و خەلکەکەی یان هۆزەکەی ،(2)

هەروەك ئیبن خلدون دەلیت :« ئەم قۆناغە یەکەم قۆناغی زال بوون و سەرکەوتن پاریزکاری دەست کرتن بە سەر مولك ودەسەلاتی دەولەتی پیشوو کە رووخاوە ،خاوەنی دەولەت لەم قۆناغە پشت ئەستورە بە هۆزەکەی وبە دەست هینانی ئازادی و کۆکردنەوەی سامان و پاریزکاری کردن لەو شتانەی هەیەتی لە سنورەکەی،خۆی جیاناکاتەوە لییان ،چونکە ئەوەی بە دەستی هیناوە بە دەمار کیری کشتی بووە»(3)

---

(1) عبدالله نوجەلان:لە دەولەتی راهیبەوە بۆ شارستانی سۆمەر،ب 2-2001،چ1،ب.ش،لا13.

(2) د. زينب محمود الخضيري :س.پ.ل **188**.

(3) ابن خلدون :س.پ.ل 153.

جکە لە فاکتەری دەمارکیری کە هۆیەکە بۆ لە دایك بوونی دەولەت ،ئەوا فاکتەری ئاینی رۆلیکی سەرەکی دەبینی لە لە دایك بوونی دەولەت،لیرەدا دەبی ئایین بە قەدەر روحی کۆمەلکا یان هی هاونیشتمانی دەبی بەهیز بیت،وە کاتیك باسی دروست بوونی دەولەت دەکری ،هۆشیاری بەرامبەر ئەوەی کە لەو سەردەمە کۆنەدا ئایین بوونی نەبووە،ئایین وەك حاکمی دروست بوونی دەولەت ،دەرەنکتر هاتۆتەکایەوە ،باشترین بەلکەش ئەوەیە کە دەسەلات وەك فۆرمی نوینەرایەتی دەولەت ،لە بیری ئیبن خلدون دا ،کوزارشتی لەویستیکی ئایینی نەکردووە.(1)

پیویستە زۆر بەزوویی هیل بە ژیر ئەوەدا بهینریت کە تیروانینی سەرەکی وبنەرەتی ئیبن خلدون ئەوەیە ،فاکتەرە جوکرافیەکان بەشیوەیەکی کشتی کاردەکەنە سەر سروشت و خورەوشت و رەفتاری کۆمەل و هەروەها رۆلی خۆیان بۆ سەر ئایین ودروست بوونی مەدەنی و شارستانیەت ( دەولەت ) بە واتای کشتی ئەم زاراوەیە هەیە .لەم بارەیە مۆنتسیکیۆ ،سێ جۆر لە کەش وهەوا بەشیوەیەکی کشتی جیادەکاتەوە،کەش و هەوای ناوچەی سە روو کە ساردەو کەش و هەوای ناوچەی خواروو کە کەرمەو کەش وهە وای مام ناوەند ،بەلام ئیبن خلدون پیچەوانەی مۆنتسیکیۆ ،کەش و هەوای مام ناوەندی بەباشتر لە قەلەم دەدات ،لەبەر ئەوەی کاریکەری پۆزەتیڤی بۆ سەر کۆمەل و ئادەمیزاد هەیە،بەلام ئیبن خلدون لە ناوچەی مام ناوەندي،زانست وجل وبەرگ وخۆراك ومیوەو ئاژەل هەموو شتیکی تر مام ناوەندین . (2)

دەولەت بە دوو جۆر دروست دەبی و کەشە دەکات ،یا لە ئەنجامی شەرەوە کە هیزیکی دەرەکی دەستی بە سەر داکریت بە هۆی ئەو هەرەسەی تووشی هەرەمی دەولەتەکە هاتووە ،لە ئەنجام هیزی بەرامبەر دەیرووخینی دەستی بە سەر دادەکریت،یا بە هوی هەرەس هینانی هەلوەشانی دەولەتی کەورە ،کە هەریەك هەریمەکان سەر بە خۆیي خۆیان وەر دەکرن دەولەت دروست دەکەن ،سەربەخۆی سیاسی و ئابوری وەردەکرن ،پەیوەندی لەکەل ولاتانی تر دەبەستن،وەکاتی دروست بونی دەولەت ،بەهیزی خۆی دەچەسپینی کەئەم هیزەش دەکەریتەوە بۆیەکبونی ریزەکان لەنیو تاکی کومەلکاکە ( هۆزەکە)،ئینجا دەست دەکری بە دابەش پایەی ئیدارەکان لەسەر خەلکی هۆزەکە .(3)

ئەمەش دەکریت بەفاتەریکی تر لیك بدریتەوە.بەلام بە لای ئیبن خلدون ،دووبارە جەخت لەسەر لایەنی کەش و هەوا دەکات ،کەکاریکەری خۆی هەیە لەسەر بیرو باوەری ئادەمیزاد ،سنور بۆ زۆر فۆرمی هۆشیاری کۆمەلایەتی دابنیت، لەناوچەی ساردو کەرم خەلکی ئاکای لە کاری پەیامبەر نییە ،وەملکەچی ناکەن بۆ هیچ یاسایەکی ئایینی ،

---

(1 )البیرت عیسی : تیرەکەلی و دەولەت ....،س.پ.ل133-134

(2 )البیرت عیسی : ئیبن خلدون و مۆنتسیکیۆ و تیوری کەش هەوا ،گۆڤاری سەردەم ،ز،18،سلیمانی-2001،لا31.

3) ولید خالد الجماس :س.پ.ل56.

بەلام ناوچەی کەش و هەوا مام ناوەندیەکان دتوانری تیبینی دیاردەی ئاینیەکان و ملکەچ بوون بۆیاسای مەزن بکریت،(1) لیرە دا پرسیار خۆی ئارەستە دەکات ،ناوچەی نیمچە دوورکەی عەرەبیئەکەرچی لەناوچەی کەش و هەوای مام ناوەندی نییە ،کەچی بەدریژایی میژوو بۆتە سەنتەری لەدایك بوونی ئايينەكان؟

بۆ وەلامی ئەم پرسیارە ،ئیبن خلدون دەلیت ،ئیعترازی ئەوە ناکیری کە یەمەن و حەزرەموت و ئەحقاف و حیجاز و یەمامە ئەو بەشەی نیوە دورکەی عەرەبی نزیکیانە ،کەوتونەتە ناو چوارچیوەی کەش و هەوای هەریمی یەکەم و دووەم .نیوە دوورکەی عەرەب ،لە سێلاوە بە دەریا دەوری دراوە ،بەشیوەیەك شێ كاری کردۆتە سەر شێ هەواو ئەو وشکیەی کەم کردۆتەوە کە هەوای گەرم بەرهەم دەهینی .بەم شیوەیە شێی دەریا پلەیەکی گەرمای مام ناوەندی بە ئەنجام هیناوە.(2)

هەرچۆنیك بیت ،هەرچەندە لە قۆناغەکانی دروست بونی دەولەت ،دەمارگیری پیش ئایین دیتە کایەوە ،بەلام لەکاتی دروست بونی قەوارەی دەولەت ،هەردووکیان بنچینەی دەولەت پیك دەهینن.

ئیبن خلدون دەلیت ،لەسەر ئاستی میژووی بەدرۆ بنریتەوە ، لەسەر ئاستی میژووی بە درۆبنیریتەوە،لە سەر ئەوە هیچ بەلکە نییە ،چونکە دەبی تیبینی بکری کە پیش پەیامبەرایەتی ،جۆرێ مرۆڤ هەبووە پاریزکار کراوەو حوکوم کراوە لەلایەن دەسەلاتیك کە خۆی لە ریکای هیزەوە یان هیزی (دەمارگیری )ە کەیەوە خۆی سەپاندووە.

میژووی مرۆڤایەتی پرە لەو نموونانەی نیشانی دەدەن ، ئو کەسانەی دەسە لاتی خۆیان هەبووە و ئەوانەی کەدوای رینمای پەیامبەران کەوتوون کەمن ،کەربەراورد بکری بەژمارەی ئەوئاگر پەرستانەی کە کتیبیان نییە ،بەلام زۆربەی زۆری کۆمەلانی جیهانی پیکدەهینن و ئەمانەش بوونیان و دەولەت و هیزی خۆیانیان هەبوە ، تەنانەت لەوسەردەمەش دا لە زۆر ولاتانی جیهان دا ،زۆر کۆمەلە هەن حوکوم دەکرین بەبی نوینەرایەتی ویستیکی خودایی ناکەن هاوکات سەرۆکی خۆیان هەیە.(3)

---

(1) البیرت عیسی: ئیبن خلدون و مۆنتسیکیۆ......،س.پ.ل33.

(2) البیرت عیسی : هـ.س .ل33.

(3) البیرت عیسی : تیرەکەلی و دەولەت .........،ل135.

ئیبن خلدون لەکەل ئەم تیۆرە یۆنانیــە ریــك دەکــەوی لــە یــەکیك لایەنــەکانی ســەرهەلدانی دەولــەت ،کەدەردەکــەویت مــرۆڤ دەبــی بژیــەت کەلــە بــارو دۆخیــك پــشت ببەســتیت بەلایــەنی تــر پیداویــستیەکانی داوای دەکــات وەك خــۆراك و بــەرکری و .... هتد،لەبــەر ئــەوە مــرۆڤ ناچــار دەکــات هاوکاری لەکەل کۆمەلەیەك بکات ، لیرەدا ئیبن خلدون ئەوە دەردەخات کە مـرۆڤ نـاتوانی بەتـەنها بژیـت ،دەبی لەکەل کەسانی تر بیت ئەویش خیزانەکەیەتی یا هۆزەکەیەتی ،بـەلام دەرئـەنجامی سروشـتی تـاك و بوونی هەستی شەرانی ،پیویستی بەدەسەلات ،لیرەدا دەبی شتیك هەبیت ناوی دەسەلاتە (دەولەت ) بۆئـەوەی سیستەمی کۆمەلە ریك بخات و بەریوەی بەریت .(1)

لیرەدا دەردەکەویت کەسیمای کۆچەری هۆیەکە بۆئازایەتی ،تاوانیش نیە کەئەم نەوەیە لەژیانی درندایــەتی بژین ،کەئەو پەری ئازایەتی دەنوینی لەچاو نەوەکانی تر کە لەدواییان دیت، چـونکە ئـەوان توانـای دەسـت بەسەراکرتن و بەدەست هینانیان هەیە ،بەهۆی ئەم ئازایەتیە ،کەلەژیانی کۆچەری بەدەستیان هیناوە.(2)

ئەوش دەردەخات ،ئەوکۆمەلکایەی گوزارشت لەوە دەکات کە مرۆڤ لەسەر بنـەمای داهینـانی ئامراز و بەئامانجی هەنکاونان بەرەو ئامانجیکی هاوبەش ،بەهۆشمەندی لەکەل هاورەکـەزەکانی خـۆی یــەکیان کرتووە و لـەو جـۆرە ئاژەلـە جیـا بۆتـەوە کـەی زۆر لیـي نزیکـە...کـارکردن بـەئامرازەکان بەهۆشمەندیـەوە لەچوارچیوەی ئامانجی هاوبەش دا لەکەل هاورەکەزەکانی خۆی ئەنجامی دەدات .(3)

لــیرەدا دەردەکــەویت لەوقۆناغــەدا کۆمــەلکا دەچــیتە نــاو قــالبی کۆملکایــەکی فــەرمی، کــە گوزارشت لەو دەستەو کۆبونەوەی ئەو مرۆڤانە دەکات کەلەچـوار دەورو بـەکویرەی دەولـەت و دەزکاکـانی پیك هاتووە .ئەوەش لەبەرزترین ئاستی بەرپرسیاریەتی تادەکاتە باخەوان ،لەکارەکەرەکانیان تادەکاتە زەحمـەت کیــشان ،تــەواوی ئــەو تویژانــەی کۆمــەلکا کەلــەو گھوهــەرەدا کریــدراوی فــەرمان و ریــساکانی دەولــەتن هەرهەمویـان دەکەونە چوارچیوەی کومەلکای فەرمی .(4)

---

(1) نقام برکات و رفاقه : مبادیء علم السیاسه ،ط1، عمان –1984،ص85.

(2 ) علی شلق،: العقل السیاسی فی الاسلام، ط1،دار المدی–1985،ص122.

(3) عبدوالله ئوجەلان:س.پ.ل10.

(4)عبدوالله ئوجەلان: س.پ.ل19.

وه له گرنگترین سیماکانی ئەو سەردەمە ،كە جیای دەكاتـەوە لەگـەڵ هـی تـر بریتیـیـە ،لـەو ناوچـانە سروشت زۆر سەختە و كیلانی زەوی تەقەلایەكی زۆری دەوی ،دانیشتوانیشیان راهاتوون بـە مانـدوویي و هەروەها زۆر بە غیرەت و هەلپە و هەولدەرن و رازین بە خۆراكی كـەم و راهـاتون لـە سـەر برسـیەتی .جگـە لەوەش دەتوانری بووتری لە سەر ئاستی جەستە و مۆرالیانەوە لە دانیشتوانی دەشت باشترن و لەوان زیـرەكترو وریـاترن .(1) ، واتە ئەوانە زیاتر لە ناوچەی بیابان ژیان گوزەر دەكەن ،كـە خۆیـان بـۆی گونجانـدووە ، وە لەرووی سرووشتی جـو گرافیـشەوە ناوچـەیەكی گـەرمـی و ووشـكی ،سەرچـاوەی خـۆراكیـان هـەروەك ئـیبن خلدون ئاماژەی بۆ دەكات :پیداویستی خۆراكیان بـە هـۆی رمـەكانیان بـە دەسـت دەهینن،جگـە لـە ئەسـپ سواری وە لووت بەرزی ،بە توندو تیژی دەماركیریان و ململانی لـە سـەر دەسـەلات شـتی تـر بـەدی نـاكری ،ئەمەش سەرچاوەی دروست بوونی ئامانجەكانیانە.

ئـەم قۆناغـەش ژیـانی بیابـان دەگریتـەوە ،كـە پیكهـاتووە لـە ژیـانی شـەرو هیرشـكاری ،زۆر شـەرم شەرمەزاریـە بۆ كەسیكی كۆچەر بـە ئارەقـەی نەوچـەوان و مانـدووبوونی دەستەكانی نانیـك پەیـدا بكـات ، چونكە ئەو خاوەنی شیرە بۆ هیرشكاری و بەركری كردن لە خۆی وە هیچ شوینیك نییە بۆ ئەو كەسانەی كـە ترسنۆك و لاوازن لە بیابان دا.

هەلسەنگاندنی ژیانی بیابان لە لەوەرگایەكیەتی ،ئەو لەوەرگایەش گەشتە ناسینی بـە هـۆی كـاركردنی مرۆڤ ،وەكو ئەوەی لە كشتوكال دیارو،چونكە ئەو پشت بە باران دەبەسـتی بـۆ گەشـە كردن،ئـەم كـارە هـیچ دەسی كۆچەری تیا نییە لە دروست كـردن و ئاراسـتە كردنـی ،بـۆ هـۆزە كۆچـەریەكان ناشـي كـە بەرهـەمی خۆراكیان بدورنەوە، تەنها بە دوای لەوەرگا دا دەگە رین لـە بیابـانیكی سـەخت دا ،لـە پیناویـدا ململانـی و كوشتاریش دەكەن. هەرچەندە لەوەرگا كان ژمارەیان كەمە ،بۆیـە هـۆزە كۆچـەرییەكان ناچـار دەكـات پـەنا بەرنە بەر هیرش و شەر بۆ بەدەست هینانی نان.(2)

لیرەدا دەردەكەویت ئەم قۆناغە قۆناغیكی سروشتیيە كە مرۆڤایەتی پیدا گوزەر دەكات،ئـەوەی لـیرەدا بەدی دەكریـت ،ئەوەیـە كە مرۆڤ لە قۆناغی سەرەتایي ژیانیدا هەمیشە ئـادگاری شـەرانی و دەمـاركیری پیـوە دیـارە ،وە لەمیـژووی مرۆڤایـەتیش دیـارە كـە مـرۆڤ لـەم قۆناغـەی سـەرەتایي دا هـەولی داوە دەسـتی خـۆی بچەسپینی ،شوین پەی خۆی قایـم بكـات لـە ململانـی دا بـووە لەگـەل دەوروبـەر، وە سـەرەتاییەك بـووە بـۆ دامەزراندنی بنیاتی دەولەت.

(1) البیرت عیسی: ئیبن خلدون و مۆنتسیكیو تیۆری كەش و هەوا ،ل33.
(2) علی الوردی : منطق ابن خلدون ،ط1،بیروت.1380،ص244-246.

# تەوەرەی دووەم

## قۆناغی تاکرەوی و پیشکەوتن

دوای ئەوەی کە دەولەت شوین پەی خۆی دادەمەزری،دەست دەکات بە دەرکەوتنی ژیانی ئابوری و رۆشنبیری و مەلیك بەرەو مەرکەزیەت (سنترال) بوون دەروات، لیرەدا پایەتەختی دەولەت دەردەکەوی لە رووی شارستانیەوە بەرەو پیش دەروات، دیاردەی خۆشکوزەرانی و رازاندنەوەی بینا بەخۆی دەبینی، وە فراوان دەبیت لە رووی بیناسازی هەروەك لە شارەکانی (بەغداد و قاهیرە و دیمەشق-قرطبة- فاس وغەرناتە ) بە خۆیان بینی ،دەبیتە شوینیك بۆ وەرکرتنی بەرهەمەکانی لادی و بیابان تیایدا ململانی پیشەسازی دینە ئاراوە.(1) لەو سەردەمەشدا بە پەی تیۆرەکەی ئیبن خلدون خەلکەکەلە دەمارکیری سارد دەبیتەوە،هەلدەستن بە وازهینان لە هەموو داب و نەریتیکی وەچەی یەکەم ،تەنها کەمیکی دەپاریزن.(2) ژینکەی فیزیکی هاوبەشی لە پەرەسەندنی خو رەوشت و هەلسوکەوت، هەروەها دەتوانیت ئادەمیزادبگۆریت (سروشتی دووەمی) بۆ دروست بکات،ئەمەش بەپەی بۆچوونی(Hobbes – هۆبس) یان(Rousseau– رۆسۆ ) بەکاربهینین،پیبوایە کاریکەری راستەوخۆ ژینکەی فیزیکی بەسەرەوەیە ، بەبی دەست تیوەردانی هیچ فاکتەریکی تری گۆرینەر ، لیرەدا دەردەکەویت کە بە پیی پیویستەکان سروشتی مرۆڤ داوا دەکات . لەکەل پیشکەوتنی شارستانیەت کە فاکتەری بنەرەتی زیادبوونی پیویستن .(3) هەروەك ئیبن خلدون ئاماژەی بۆ دەکات دەلیت:" ئادەمیزاد منداليکی خورەوشت و عادات و تەقالیدیەتی ،نەك هی سروشت و میزاجیەت".(4) واتە لیرەدا پەیوەندی پۆزەتیف لە نیوان پیویستە سەرەتاییەکان و بری کەم و پیویستە دووەمیەکان ،دەبیتە هۆی گۆرینی سروشتی مرۆڤ،

---

(1) وليد خالد الجماس: س.پ.ل55-60.

(2) انعام الجندى:س.پ.ل 214.

(3) البيرت عيسى:س.پ.ل 340.

(4) ابن خلدون:س.پ.ل 278.

ئەم گۆرینەش بە قەد قەوارەی پەیوەندییەکە ،بەم شیوەیەش جیاوازی کەش و هەوا بە پیویستی جیا جیا دروستی دەکات و ئەمەش لە ئەنجام دا شیوەیەکی جیاواز لە خۆرەوشت و عادات و تەقالید (شیوەی ژیان) دروست دەکات.

هەروەها ئەو کاتەی کە خەلك هەلدەستن بە بەکاری وە بەر هینان زیاد لە پیویستی خۆیان دەستیان دەکەویت ،دوای جیگیر بوون و هاریکاری یەکتر کردن ،هەلدەستن بە کۆکردنەوەی سەروەتی ئەو وە بەر هینانە ،بەمەش سەرمایە زۆر دەبی، لیرەدا کرینکی بە ژیانی رەفاهیەت دەدەن ،دەست دەکەن بە فراوان کردنی خانوو دروست کردنی شار و بەرەو شارستانیەت هەنگاو دەنین ، لیرەدا پیشەسازی پیش دەکەویت ، کۆشك و تەلاری کەورەو هینانی ئاو بۆ مالان ، هەلدەستن کەل و پەلی رازاندوە زیاتر بەکار دەهینن ئەوانە ئیبن خلدون بە خەلکی شار ناویان دەبات کە دینە قۆناغی نیشتەجی بوون.(1)

دوای ئەوەی کۆچەرەکان پیداویستیان زیاد دەکات ،هەول دەدەن نیشتە جی بن،و ئەوانەی شارنشینن هەولی خۆش گوزەرانی دەدەن ،بەلام نابی ئەوە لە بیر بکری کە ژیانی کۆچەری بنەرەتی ژیانی شار نشین و شارستانی وپیشکەتنە . وە دەردەکەوی بە هەولدانی نیشتە جی بوون بەسنترال بوون یا شارستانی بوون ئامانجی کۆچەرەکانە.(2)

جکە لەوەش ئەم قۆناغە جیا دەکریتەوە بە قۆناغی گەنجی لە تەمەنی دەولەت دا کە دامەزراندنی عمرانیەت لە خۆ دەکری ،کە خەلکەکە لە باریکی کۆچەریەوەو ناجیکیری دەگوازیتەوە بۆ باریکی جیکیر ،وە لە توندرەوی بەرەو نەرمی و نیانی،وە لە هاوکاری بە کۆمەل لە پیناو سەرکەوتن بۆ ریبازی تاکرەو جیابونەوە،کە ئەویش بە دەرکەوتنی دەسەلاتداریك یا مەلیکیك کە دیکتاتۆر(داپلۆسینەر) ، لیرەدا دەمارکیری کەورەیی و هە یمەندی خۆی لە دەست دەدا لە هەندیك لە ناو خەلك،دەست دەکەن بە ملکەچ کردن،کە ئەوانە نوینەرایەتی قۆناغی دووەم دەکەن ،بەلام قۆناغی یەکەمیان لە بەر چاوە کە شانازییان بە رابردوو و سەرکەوتنیان دەکرد، ئەوانیش وا لیك دەدەنەوە کە ئەم سەرکەوتنە دەپاریزن.(3)

---

(1) جهينه سلطان العيسى ورفاقه: موجز تاريخ الفكرلاجتماعي ،ط1، 2001-سوريا،ص 178.

(2) جهينه سلطان:س.پ.ل.179.

(3) جهينه سلطان: س.پ.ل.180.

هەروەها خاسیەتی ئەم قۆناغە دەردەکەوێ لەوانەیە خەلك زیاتر لەشار نیشتەجێ دەبن وەژمارەیان زۆرە ،و پیشەکان سەرەتایین بەکاری دەست خەریکن ،دابەش کردنی کاریش ئەرکی قورسە ،کەسایەتی لاوازن ،ئازایەتیان پیوە نابینری ،دەمارگیری بەرەوو کزبوون دەروات، دەسەلات سەرەتا دیمکراتیە ،بەلام دواتر دەکەویتە نیو ململانی لەکەل دەسەلات داپلۆسینەر و شوینی دەگریتەوە ،ئایین لاوازە و گرینگی زۆر بەرەسانایەتی نادرێ.(1)

لەو قۆناغەدا نەوەکان وردەوردە ناخۆشی و سەختی ژیانی سەرەتای لەبیریان دەچیتەوە ،خزمەت کردن و ملکەچ بوون دەبیت بەخەسلەتی تایبەتیان ،وەکو مەسەلەیەکی باوەری لیدیت ،سەرۆك خیل وا دەزانیت کەچیتر پیوستی بە دەمارگیری نییە بۆ ئەوەی دەسەلاتی خۆی بهیلیتەوە ،(2) هەروەك ئاماژەمان کرد ئەندامانی کۆمەل سروشتیان دەگیری دگۆریت ،دەولەتیش سروشتی سەردەمی پیشووی نامینی ،دەولەت دیتە قۆناغی چالاك بوون ،سیستەمی باج قەواریکی بچووکی هەیە و هاولاتیان ئەوەندە باج نادەن ،هاتووی دەولەت زیاترە لە دەرچووی ،دەولەت بەهیزو بەوزەیە ،چینی حوکمران دەست دەکات بەدرووست کردنی شەقام و ریگاوبان ...هتد،لەگەل رۆیشتنی کات چینی حوکران دەولەمەند دەبیت ،پیداویستی زۆر دەبی و پارە زیاد دەکات ،(3)«فتكثر عوائدهم و تزيد نفقاتهم على معطياتهم»(4)

لەم ماوەیەدا سەرکردە هەول دەدات مەزنایەتی خۆی نیشان دەدا،کارەکانی دەولەت دەخاتە ژیر دەستی خۆی،هەولدەدات کەسانی کەلە هۆزو نەوەکەی خۆیین بیان کات بەژیر دەستە و ملکەچ ،هەتا دەگاتە ئەو رادەی گەر مەترسی لە یەکیك هەبیت بیانکوژیت و لە ناویان بەریت ،بەتایبەتی ئەو کەسانەی کەدەیانەوی جیگای ئەو بکرنەوە.

هەرچندە لەم قۆناغە ،خەلکانی هۆزەکە هەولی یارمەتی بۆ دەسەلاتدار دەدەن گویرایەلی فەرمانی ئەوبن،(1)بۆیە ئیبن خلدون وا دەبینیت ،جیاکردنەوەی دەسەلات بەرو تاکرەوی هەستیکی سروشتیە لەلایەن مرۆڤ کەدرکی پیدەکات ،وەکاتیك نیشتەجێ دەبی لەسەر توندی دەمار گیری یەکەی کاردەکات ،دەست بە دیکتاتۆریەت و تاکرەوی دەکات (لە بەشی پیشووئاماژەمانبۆیدا) . بۆیەش ئەم کارە دەکات ،چونکە خۆی یەکەم کەسە کەدەولەتی دامەزراندنووە ،گەر واش نەکات ئەوا پی نانیتە قۆناغی دووەم ،وە هەندی جاریش لەکەل سەرکردەی دووەم یا سییەم دەبی ،ئەمەش لەکەل هیزی بی دەنکی دەمارکیری یەکە دەبیت ،دەست دەکات بە هەنکاو نان پشت

---

(1)فوادبعلي م.ن.ص 122-123.

(2) ساطع الحصيري: م.ن.ص 367.

(3) .البیرت عیسی :تیرەگەلی و دەولەت.....ل128-129.

(4)ابن خلدون : م.ن.ص279-280.

بە کەسانی بە کرێ کیراو بەستن،(1) هەروەك ئیبن خلدون دەلیت: «فإذا الطور ثاني وظهر الاستبداد عنهم و الانفراد بالمجد و دافعهم عنه بالمراج صاروا في حقيقه الامر من بعض الاعدائه و احتاج في مدافعتهم عن الامر وصدهم عن المشاركه الى اولياء الاخرين من غير جلدتهم يستظهر بهم عليهم ويتولاهم دونهم......فيستخلصهم صاحب الدوله و يقلدهم جليل الاعمال و الولايات من الوزاره و القياده الجبابه » (2)

(1) زينب محمود : م.ن.ص.189.
(2) ابن خلدون: م.ن.ص..153.

## تەوەرەی سییەم

## قۆناغی مەدەنیەت و جیکیری و ئاشتەوایي

گواستنەوەی قۆناغی کۆچەری بۆ قۆناغی شارستانی دیاردەیەکی سروشتی یە . دوای ئەوەی پاشا دەسەلاتەکەی جیکیر دەبی ،دەست دەگری بەسەر کاروباری دەولەت ،سروشتی دەگۆریت،دەچیتە قۆناغی خۆشی و پشوودان و تەمبەلی و گوی نەدان بە بە پرسیاری گشتی ،ولە هەمان کات دا کەلەکەبوونی خەیرو خیرات ،بوژانەوەی شارستانیەت و ئابوری ،بلاوبوونەوەی ئاشتەوایي و ئارامی ، سەرۆك ئیکیفاء دەکات بەو دەسەلاتەی بۆی ماوەتەوە، لە ئاسودەی دەژییەت لەکەل میرنیشینەکانی تر بە دوای سیبەری باوکو باپیرانی دەکەوی و لاسایيان دەکاتەوە (1) هەروەك ئیبن خلدونیش دەلیت : « صاحب الدوله في هذا قانعا بما بنى اولوه،سيما لأنظاره من الملوك وآقتاله مقلداً للماضين من سلفه ،فيتبع اثارهم حذو الفعل بلفعل،ويقتفي طرقهم باحسن مناهج الاقتداء ويرى ان في الخروج عن تقليدهم فساد امره وانهم ابصر بما بنو من مجدهم » (2)

لیرەدا پەیوەند یـە کۆمەلایەتیەکان زۆر لاواز دەبی ،پابەند دەبن بە یاساکانی گشتی و شەریعەت و بیروراکانی ،وە چری دانیشتوان لە شارەکانی زۆر دەبیت ،وە ئاستی ئابوری بەرز دەبیتەوە و پیشەسازی زۆر دەبیت، ئەم قۆناغە زیاتر بەوە جیا دەکریتەوە ، کە تەواو پیکە یشتووە و گە یشتۆتە پلەی کەمال بوون،دەولەت لیرەدا وەکو سروشتی مرۆڤ دەردەکەویت ،کە دەگاتە قۆناغی تەواو پیکەیشتن (3).

---

(1) البیرت العیسی : تیرە کەلی ودەولەت......،ل143-144:صلاحالدین بسیونی رسلان:س.پ.ل.74-75.

(2) ابن خلدون : م.ن.ص312..

(3) احسان محمدالحسن : المدخل الى علم الاجتماع،الطبعة الاولى،دار الوائل-2005،ص102.

خەلکی دەولەت لەو قۆناغە دا،لەدەست ناخۆشی و داواکاری رزگاریان بووە ،لەباریکی بی دەنکی دەژین ،کەوراونەتەوە بۆ کۆکردنەوەی بەرهەم و سەرمایە گرینگی دان بە پۆشاك و کۆشك رازاندنەوە .ئاو بەرو مالان تەلارەکان رادەکیشن و باخی زۆر درووست دەکەن ،چیژو و خۆشیەکانی دونیا وەردەگرن ،ئەمەش کۆتای قۆناغی دیکتاتۆریەت لەلایەن خاوەن دەولەت .(1)وەکو ئیبن خلدون ئاماژەی بۆ دەکات :

«فاذا حصل الملك اقصرو عن المتاعب التى كان يتكفلونها فى طلبه واثرو الراحة والسكون و الدعة ،ورجعوا الى تحصيل ثمرات الملك من المبانى و المساكن و الملابس ،فيبنون القصور ،ويجرون المياه ،ويغرسون الرياض ،ويستمتعون باحوال الدونيا ، و يوءثرون الراحة على المتاعب»(2) .

هەروەها زۆر بوونی دانیشتوان وا دەکات لە ناوچەکان دەستی کار زۆر بی و جۆری پیشەش زۆر بیت ، بەهۆی تیکەلاوی زۆر،بەوەش دابو نەریتی جیاجیا دیتەکایەوە ، بەرهەمیش روو لەزیاد بوون دەبیت ،پیشەسازی فراوانتر دەبیت ،ئەوەش زیاتر پیداویستی مرۆڤ زیاتر دەکات .(3)جگهلەوەی کە بەدی دەکریت لەو قۆناغە ،بریتیە لە کۆکردنەوەی پارە ، وە نەمرکردنی شوینەوارەکانی کۆن ،بلاوکردنەوەی بیناسازی گهورە .سەرۆکی ولات گرینگی ریخستنی چونەدەرەوەو هاتنەناوەوەی سەرمای دەولەت دەدات ،(4) لیرەدا لووتکە هەرەمەکە مەلیکەکە ،تەنها سەرمایە کۆدەکاتەوە ،بەروو گهندەلی ئیداری هەنگاو دەنی.(5)

دوایی ئو دیاردانەی کە لە مەلیك دەبینری ،لەشوینی خۆی جیکیر دەبی ،دەچیتە قۆناغی پشوودان ،هەست بە تیر بونی هەوەسەکانی دە کات ،ئینجا دەست دەکات بۆجیبەجی کردنی ئارەزەکانی تری ،و زیادەرۆی لە خۆش گوزەرانی دەکات ،کردنی ئەم کارانە وادەکات خەزینەی دەولەت بەرەو بەتالی فراوان بروان ،وەزیادبونی ریژەی باج و سەرانە کەدەچیتە دەستی سولتان ،لەپیناو بەدیهینانی ئامانجەکانی ،بەرژەوەندی خۆی بەتەنها

---

(1) ساگع الحصيرى: م.ن.ص369.

(2) ابن خلدون: م.ن.ص296.

(3)محمود محمد الحبيب:مجله افاق عربيه ،عدد الاول-1976،ص4.

(4) وليد خالد الجماس : م.ن.ص55.

(5)وليد خالد الجماس: م.ن.ص56؛على شلق:ن.م.ص123.

نەك لە پیناو بەرژەوەندی دەمارگیری بەکشتی ،لیرەدا ئەرك و توانای دەمارگیری تەواو بەرەو لاوازی نەمان دەروات.(1)

ئەوەی تیبینی لو قۆناغەدا دەمارگیریە ،کەبەتەواوی دەتویتەوە خەلکی وەکو ژنیان لیدیت ،پیویستیان بەپاراستن دەبیت ،بەرووکەش بە جلی جوان و رەنگآو رەنگ خۆیان نیشان دەدەن، دەیانەوی دەریبخەن کە چاکپەروەردە کراون ،لە هەمان کات دا زۆر ترسنۆکن گەر هیرشیان بکریتە سەر ،توانای ئەوەیان نابی بەرگری لەخۆیان بکەن ،ئەو کارەکتەرە کشتیە وا لە سەرۆکی سیاسی مەلیك دەکات ،کەبەتەواوی لەو قۆناغە پشت بە بەکریکیراوان ببەستی ،لەپیناو پاراستنی دەولەت،(2)بەوشیوەیە دەبینین لەسەردەمی ئەو نەوەیەدا بەکومان لیکراو و کۆیلە و پیاوی سووك دەورەدراوە.هەروەك ئیبن خلدون ئاماژەی بۆ دەکات دەلیت:«ومن جملە النیسا و الولدان المحتاجین للمدافعە عنهم ،وتسقط العصبیە بالجملە ،وینسون الحمایە و المدفعە و الطالبە ،....فیحتاج صاحب الدولە حینئذ الی استظهار بیسیواهم من اهل النجدە ،ویستکثر بالموالی »(3)

لیرەدا دەردەکەویت قۆناغی شارستانیەت و مەدەنیەتە ، چونکە ئیبن خلدون ئاماژە بەوە دەکات ،کە ئەو قۆناغە تەواو پیکەیشتووە ،چالاکی هەمەجۆر رەنگی تیایدا بەدی دەکری ،کشتوکال بەرەو پیشەوە چووە ،لایەنی بازرگآنی پیشکەوتنی دیاری بەخۆیەوە دیووە ،لەپال لایەنی پیشەسازی ،ئەوەش سروشتی مرۆڤایەتیە ،کە مرۆڤ چەند لە ژیان بەرەو پیشەوە گوزەر بکات ،پیداویستی زیاتر دەبیت ،وەلە هەر قۆناغیك دا هەول دەدات لە قۆناغی پیشووی باشتر و چاکتر بیت ئەوانەی لەوقۆناغەروودەدەن،دەگریتەوە بۆ هۆکارەکانی گۆران ،ئەویش دوو فاکتەرە ،سروشتی گەر-دوون (سرووشت) و سروشتی کۆمەلکا، سروشتی گەردوون ئەوەیە ،کە ئەوە کرداریکی بایولۆژییە کە بە سەر کەش و هەواو خاك دیت و دەگۆریت ،ئەوەی تر سروشتی کومەلگا ،ئەوە دەگەریتەوە بۆ ئەو گۆرانکاریانەی بە

---

(1) صلاح الدین بسیونی رسلان: ن.م.ص74-75؛ انعام الجندی : م.ن.ص214؛ ولید خالد الجماس: ن.م.ص59-60.

(2)البیرت عیسی :تیرگەلی دەولەت:ل142؛عمر فروغ : م.ن.ص17-18.

(3)ابن خلدون : م.ن.ص302.

بەسەر کۆمەڵگا دیت لەباریکەوە بۆ باریکی تر دە گوازیتەوە ،(1) بۆ نموونە دەمارگیری لەسەرەتا بەهیزە دواتریش لاواز دەبی ،لەو قۆناغەش بوونی نامینی ئەوەش دەردەکەوی گهورەبوونی قەوارەی دەولەتە ،وەکو سروشتی مرۆڤ و لاشەکەی و هزری هەرچەندە گهورەتربی گۆرانکاری زیاتر بەخۆیەوە دەبینی ،و لەباری پیشووی نامینی ،ئەمەش بەهۆی گۆرانی تەواوی دەوروبەر هاتنە دونیای نەوەی نوی و نەمانی دامەزرینەرو کەسانی کۆن و سەرەتا.

هەر گۆرانیکیش ماوەو کاتی خۆی دەوی کەپیدا تیپەربیت ،ئەوەی لیرەدا بەدی دەکریت ،ژیانی کۆچەری و دەمارگیری و هیرش کردن و هیز بە تەواوی لوبیر کراوە ،لەلایەن نەوەکانی ئەو هۆزو دەولەتە ،تاکو دەبنە بارگرانی بەسەر دەولەت ،وە لەبیر دەکەن چۆن پاریزگاری لە دەولەت بکەن، دەمارگیریش کەبەتەواوی هەرە–سی هیناوە .(2)

لیرەدا دەولەت بەرەوە قۆناغی پیری هەنگاو دەنی ،ئیبن خلدونیش بەدیاردەیەکی یاسای سروشت ناوی دینی بۆ قۆناغەکانی دەولەت.

---

(1)جهینه سلطان العیسی ورفاقه :ن.م.ص178–الی182؛انعام الجندی :ن.م.ص214.

(2)محمد حسین نصر:مفهوم الحچاره عند ابن خلدون و هیغل ،ط1 –1993،ب.م ،ص53.

# تەوەرەی چوارەم

## قۆناغی گەندەلی و رووخانی دەولەت

شارستانی مەبەستی عمرانیتە و کۆتای تەمەنیەتی ،ئامانجی کۆچەریش شارستانیتە ،مەلیك و دەولەت ئامانجی دەمارگیری یە ،بەلام بۆ دەولەت و شارستانیەت کۆچەري تەمەنیان هەیە .

دوای تیپەربوونی دەولەت بەقۆناغەکاندا بەرەو لووتکە ،دواتر کەشیوازی شارستانی وەرگر-ت ،ئالەو کاتە کۆمەلگا بەرەو هەلدیر و رووخان دەروات ،کۆمەلگاش نووستووە، کۆمەلیکی تر لەقۆناغی گە-نجین ،هەلدەستن بەدەسەلات و سەروەت سەندن لەو کۆمەلکایە ماندوییەی کەبە قۆناغی پیری تیپەربووە......

بەو شیوەیە خولی شارستانی خول دەخۆاتەوە ،وە ململانی لەنیوان ژیانی کۆچەری و شارستانی بەدەوام دەبیت .یاسای سروشتی پیشکەوتن خۆی زال دەکات بەسەر ئەو کۆمەلگایەی کە هەرچەندە بەهیز نامینی تاکۆتای ،گەرچی هەولی چاکسازی بدات ،ئەوە وەکو چارەسەری سروشتی وایە بۆ ماوەیەکی کاتی، هەردەبی بە قۆناغی کۆتای دا بروات ،کەئەویش رووخانە ،بۆ ئەوەی هیزیکی بەهیزتر و نویتر دەرکەوی و شوینی ئەو بگریتەوە .(1)

لەلایەکی تر کەدیکتاتۆریەت ( داپلۆسین) سەرەتایی کۆتایی دەولەت بیت ،بەلام بەلای ئیبن خلدون رۆلی مەلیك لەپاراستنی نیزامەکەی ،بوونی نیزامی سیاسی و دەسەلات بەلای ئیبن خلدون پیداویستیەکی -سروشتیە لەکۆمەلگای مرۆڤایەتی ،لیرەدا هیچ پاساویك بۆ دەولەت نامینی بۆمانەوەی گەر مەلیکیك نەبیت.(2)

هۆکاری سەرەکی کەتوشی لوتکەی هەرەمی دەولەت دیت،نەمانی دەمارگیری و لاوازی لایەنی سەربازی و زولم کردن و توند و تیژی سیاسی ،وەکو جێگرەوەیەکی دەمارگیری ،دەبیتە هۆی لاوازکردنی توانای تاك لە کۆمەلگا ،دەبیتە هۆیەك بۆ کەم و کورتی لەبەردەم گوزەران کەرتی ئابوری .نمونەش شارستانی نیوان دوو رووبارەکە و میسری کۆن و هیند و سین و صین و یۆنان و رۆمان،(3)ئەو کەم کورتیانە

(1) جهینە سلطان : م.ن.ص 181-182.

(2)ن.م.ص183.

(3)محمد حسین نصر: م.ن.ص53-54.

زۆرجار لەبنەماکانی دەولەت روودەدەن وەك گەل و هەریم و نیزامی سیاسی و ،کەدوایی ئەوەی دەکەویتە بەر شالاوی هیزیکی بە دەمارگیری تر و بەتوانا تر.(1)

لەلایەکی تر سەرۆکی ولات هەلدەستی بە سەرف کردنی ئەو سامانە کۆیکردۆتەوە ،لە حەزو ئارەزوەکانی و هاوریە خراپەکانی دەوروبەری ،وە پلەی وایان پیدەبەخشی کەتوانای جێبەجیکردنی کارەکانیان نییە ،وە ناتوانی بەشیوەیەکی یەکسان موچە بەسەربازانی بدات ،دەبیتە هۆی ئەوەی وازی لیبهینن ،ئەوەش سەرەتایەك دەبیت بۆ لەناو چوونی دەولەت.

هەندیك پیان وایە پیش ئەوەی دەولەت بگاتە بەقۆناغی پیری دەتوانی لەلایەن سەرۆکی ولات ،بەهۆی هەلبژاردنی کەسانی بەهیزو توند ،کەبتوانی چاکسازی بکات ،ئەوەش باشترین چارەسەر دەبیت بۆ –دەولەت ،بەلام هەندیکی تر بەلایان وایە ئەو تیۆرەی ئیبن خلدون ،هیچ خۆی ناگرتەوە لەگەل دویلاتی کۆچەری ،بەلام لەگەل بونی دەولەتی گەورەدا ،ئەوا هیچ گومانی تیا نییە ،کەبەپیی تیۆرەکەی ئیبن خلدون دەولەت بەو قۆناغەدا بروات .(2)

لیرە دا ئیبن خلدون ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات ،کەبەهۆی نەمانی بەرگری کەر لەولات ،ئەوا ریکا خۆش دەکات کەچینیکی تری کۆچبەر –بەهیزتر لەوان ،بین هیرش بۆ ولاتەکە بکەن و بیروخینن ،بەهۆی گەندەلی ،کەدەولەت دوایی نقوم بوونی لە خۆشی و بی ئاگای ،و سەرف کردنی پارە ،دەولوت دەگوازیتەوە قۆناغی رووخان ،(3) هەروەك ئیبن خلدون ئاماژە دەکات و دەلیت :«اڎا یعچم الترف وتکپر مقادیر الاعگیات لڎلك ،فینقص عدد الحمایە،...الی ان یعود العسکر الی اقل الاعداد ،فتچعف الحمایە ،و تسقەگ قوە الدولە ،ویتجاسر
یتجاسر علیها من یجاورها من الدول او من هو تحت یدها من القبائل والعصاب، وباڎن الله فیها بافناء الڎی کتبە علی خلیقتە».(4)

---

(1)ابراهیم عبدالکریم الغازی : م.ن.ص114؛ ساطع الحصیری : م.ن.ص373–374.
(2)ولید خالد الجماس : م.ن.ص60–61.
(3) ئەلبرت عیسی :تیرمگەلی و دەولەت ...،ل130؛ حیدەر لشکری : الکرد فی المعرفە التاریخیە الاسلامیە ،هولیر –2004،ص245–247.
(4) ابن خلدون : م.ن.ص298.

هەروەك لە بەشی پێشوو ئاماژەمان كرد ، كە دەولەت لەسەر دوو بنەمای سەرەكی دادەمەزري (الشوكە و العصبیە)

،هەركە ئەو دوو هێزە بەرو لاوازی و نەمان چوون ،ئەوا دەولەت دەست بەداكشان دەكات ، ئەو كەم و كورتیانەش بەپێی تیروانینی ئیبن خلدون ،لەگەل دەست پێكردنی قۆناغی دووەم دەردەكەویت .(1) وە كاتێك دەولەت سیستەمی باجی قورس دەخاتە كار ، كەلە سنوری بەرگەگرتنی خەلك دەچیتە دەرەوە ، هاولاتیان هەول دەدەن

رووبەرووی نیزامی باج دان ببنەوە ، بەتایبەت كاتێك كە دەولەت لاوازە ،هاولاتیان ئەو هەلە دەقۆزنەوە كاردە- كەن بۆ خستنی ،(2) بەلام سەنتەری دەولەت لەسەرەتا بەساغی دەمینیتەوە ، چونكە سەنتەر وەك دلی ئادەمیزاد وایە كە روحی لیپەیدا دەبیت ،وەكاتێك لە سەنتەر دەدریت ،ئەوا هەموو بەشەكانی تری هەلدەوەشیتەوە ، باشترین

نموونەی كلاسیكی ،وەك هەرەسهینانی ئیمپراتۆریەتی فارس ، كاتێك عەرەبە موسلمانەكان لە(مدائین)ی پایت- ەختیان دا داگیریان كرد ، ئیمپراتۆریەتەكە زوو زوو هەلوەشایەوە .(3)

هەروەها ئیبن خلدون ، هەرەسهینانی دەولەت سروشتیكی ئاساییە ، چارەنووسی دەولەتیش نووسراوە بەو شیوەیە كۆتایی بیت .ئەوەش بەشیوەیەكی دەوری لە بازنە دەوری لەبازنەی دەولەت خولدەخواتەوە ،كەلەسەرەتا گەشەدەسینی و دواتریش دەكەوی .بەلام بەلای توینبی ، رووخانی شارستانیەت پشت بەتیوری مە-

یدانخوازی دووەلامدانەوە دەبەستیتەوە ،تادەولەت توانای مەیدانخوازی هەبێ تەمەنی لەرووخان بەدوورە ، وە هەركاتێك ئەو توانایەی نەما ئەوا رووخان دەست پیدەكات .(4)

بەلام كەوتنی دەولەت لەلایەنی ئاینییەوە موعجیزەیە هەروەك لەچەند ئایەتیكی قورئانی ئاماژە دەكات ،كە هەركاتی رووخان هات ناگەریتەوە ،یاخود پیشیش ناكەویت ،كەهەروەك لە قورئانی پیرۆز هاتووە :«ولكل امە اجل ،فاذا جاء اجلها لایستاخرون ساعە ولا یستقدمون »(5)وە «وما اهلكنا من قریە الاولها كتاب معلوم »وە «ما تسبق من امە اجلها وما یستاخرون »(6)

ئیبن خلدونیش لەبەر ئەوەی بیرمەندیكی موسلمانە ،بۆیە زیاتر چارەنووسی رووخانی دەولەت بەچارەنووس دەبەستیتەوە، كەهەردەبی برووخیت.

---

(1)ساگع الحصیری : م.ن.ص370-371؛انعم الجندی : م.ن.ص207.

(2)البیرت عیسی : س.پ.ل131.؛مجلە الاستشراق :احسان محمد الحسن ، ع40،ص76.

(3)البیرت عیسی :س.پ.ل136-137.

(4)محی الدین اسماعیل :توینبی منهج التاریخ و فلسفە تاریخ،ط2، بغداد-1986،ص70.

(5)القران :(الاعراف)-ایە36.تفسیر ئاسان بۆتیگەیشتنی قورئان :برهان محیالدین امین ، چ5،-2003.

(6)القران (الحجر ایە – 4-5) ،ن.م.

## ئەنجام

.1– بۆ کەسایەتی ئیبن خلدون کەلەو سەردەمە لەسەدەی چواردەی زایینی دا ژیاوە ،ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە هەل و مەرجی ناوچەکە کاریگەری تەواویان هەبوە لە سەر پێگەیاندن و گەشەسەندنی هزری ئەو بیرمەندە ،هەروەها تیکەل بوونی بۆ ناو سیاسەت و زۆری گەران لە ناوچەکان ،وای کردووە هەلسەنگاندنی تایبەت بۆ ڕووداو بارودۆخەکان بکات ،چونکە خۆی لە ڕاستیەکانی ئەو سەردەم زیاتر نزیکتر بووە و زۆرجاریش تیدا ژیاوە لە ڕووداوەکاندا.

2– لە بواری فەلسەفەی میژوودا، ئیبن خلدون ، تی خویندنی تایبەتی بۆ میژوو کردووە ،ئەوەش لەوەدا دەردەکەویت کە تیایدا کاتیك باسي ڕووداویك دەکات تەنها گرنگی بە گیرانەوەی ڕووداوەکان نەداوە بەلکو لەسەر بنەمای لۆژیك و زانست گرنگی پیداوە ، بەپی سەردەم هەل و مەرجی بارودۆخی ڕووداوەکەی هەلسەنگاندووە ،ئەوەش بەلای زۆر لەنووسەران ،ئیبن خلدون بە دانەر لە بواری فەلسەفەی میژوو دادەنین .

3–دەمارگیری بە لای ئیبن خلدون مەرجی پیویستی دروست بوونی دەولەتە ، بەبی بوونی ئەو دەولەتە نایتە بوون ، وە دەمارگیری لە ناوچەی گەرمەکان هەروەك ئیبن خلدون ئاماژەی بۆ دەکات بە هیزو گەورەترە ،ناوچەکانی تر کە کەش و هەوایان جیایە یاخود مام ناوەندی و ساردە ،بەلام لیرەدا ئەوە لە بیر نەکەین، کە زۆر ناوچەی تر هەن بیابان نین بەلام دەمارگیریان بەهیزەو خاوەنی هۆزگەرایی بەهیزن ، وەئایین لەگەل سەرهەلدانی دەولەت ،دوایی ماوەیەکی کەم بوونی خۆی دەسەلینی و دیتە بوون کارگەری دیاریشی دەبی بەسەر کۆمەلگا و دەولەت دەبی ،زۆر جاریش دەسەلاتی بالای هەبووە ،یاخوود دەسەلاتی یەکەمی دەولەت بووە.

4–ئیبن خلدون دەولەت وەکو بونیادی مرۆڤ دەخاتە ڕوو، سروشتی سەرهەلدان تادەگاتە تەواو بوون و ڕووخان ،بەقۆناغەکانی تیپەر بوونی مرۆڤ دەچووینی لە گەشە کردن و گەنجی و بەهیزی دا ،دواتر بەرەو کاملی و پیرو نەخۆشی و مردن هەنگاو دەنی ،هەمیشە وەکو بازنەیەك خولدەخواتەوە ،وەبەچارەنووسیك بەستراوەتەوە ،گەرچی هەولی ژیان و مانەوەی بۆ بدریت ،هەردەبیت بەرەو ڕووخان و نەمان بچیت ،چونکە تەمەنیکی دیاري کراوی. هەیە

5– بەلام لیرە دا ئەوەی تیبینی بکەین مەرج نییە کەتەمەنی نەوەیەك تەنها (40) سال بیت و تەمەنی دەولەتیش (120) سال بیت ،چونکە ئیبن خلدون بەپیوەریکی ئایینی و فەلەك ناسی لیکی داوەتەوە ، بەلام دەکری بووتری تەمەنی نەوەیەك لە(40)سال زیاتر بیت بەپیی هەل و مەرجی قۆناغەکە دەکری بگۆری یا دریژتر بیت.

6– مەرج نیە چارەنووس تاکە هۆکاری ڕووخانی دەولەت بیت، بپیی ئەوەی کەباسمان کردلە قۆناغەکانی دەولەت کرد ،ئاماژەمان بە زۆر هۆکار یش کرد ،کەدەبنە هۆی ئەوەی دەولەت تووشی کەم و کوری و بەرەو نەمانی دەبەن و دەبنەهۆی لە ناوچوونی .

## لیستی سەرچاوەکان

1- قورئانی پیرۆز.
**** سەرچاوە کوردییەکان
2-ئازاد وەلەد بەگی :فەرهەنگی نیگا ،چاپی یەکەم ،هەولیر -2005.
3-البیرت عیسی : تیرەگەلی و دەولەت لە بیری ئیبن خلدون دا ،چاپی یەکەم ،سلیمانی -2002.
4-الیستایەر ادوارد وە جوفیر رۆبیرت : فەرهەنگی نوی بۆ شیکاری رامیاری ،وەرگیری عەرەبی :سەمیر عبد
الرحیم چلبی ،وەرگیری کوردی :محەمەد چیا ،چاپی یەکەم ،هەولیر -2003.
5-.برهان قانع :فەرهەنگی نوی ،بیچاپ -بەغداد-1985.
6- جەمال نەبەز: بیری نەتەوەی کوردی ،چاپی یەکەم ،سوید-1984.
7-رەحیم سابیر ،فەلسەفەی میژوو،چاپی دووەم ،سلیمانی -2001.
8-عبدولا ئۆجەلان : لەدەولەتی راهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانی دیمکراسیانە ، بەرگی یەکەم و دووەم ،بەبی
شوین -2002.
9-علی وەردی : سروشتی کۆمەلگای عیراق ،وەرگیرانی :بەرزان ئەحمەد ،بلاوکراوەی چوار چرا -2005.
**** سەرچاوە عەربیەکان:-
10-ابن خلدون :المقدمة ،دار الکتاب اللبنانی ،مجلد الاول ،بدون تاریخ.
11-ابن خلون :المقدمة ،تحقیق ،الحجر العاصی ،ب.م ،بیروت -1983.
12- ابراهیم عبدالکریم الغازی :الدولة و النظم السیاسة مع اسس النظام الحکم فی الاسلام ،ابو ظبی -1989م-1409ه.
13-ابراهیم عبدالکریم الغازی :الدولة و النظم السیاسة ،بلا الطبع ،دارالمتنبی -1989م.
14-احسان محمد الحسن و عدنان سلیمان الاحمد :المدخل الی علم الاجتماع ،بیروت-2005.
15-احسان محمد الحسن : علم الاجتماع السیاسی ، الطبعة الاولی ،بیروت -2005.
16- احسان محمد الحسن : النظربات الاجتماعیة المتقدمة ، الطبعة الاولی ، جامعة بغداد -2005.
17- إمحمد حسین نصر :مفهوم الحضارة عند ابن خلدون و هیغل،الطبعة الاولی بدون مکان.
18- انعام الجندي :دراسات في الفلسفة الیونانیة و العربیة، بیروت-لبنان بدون تاریخ.
19- الشیخ راشد الغنوشی: الحریات العامة فی الدولة الاسلامیة،الطبعة الاولی،بیروت -1993.
20- السید محمدالبدوی:مبادئ علم الاجتماع، جامعة الاسکندریة-.1986 ،الطبعة الاولی، سوریا -

.2001
21- جلال العشري و فؤاد كامل و عبد الرشيد الصادق: الموسوعة الفلسفية المختصرة،بغداد-1983.
22- جهينة سلطان العيسى و خضر زكريا و كلثم علي الغانم: موجز تاريخ الفكر الاجتماعي،الطبعة الاولى،سوريا -2001.
23- جورج حنا :قصة الانسان ،الطبعة الخامسة، بيروت -1973.
24- حسن ابراهيم حسن: تاريخ الاسلام السياسي و الديني و الثقافي و الاجتماعي ، الطبعة الاولى- الجزء الرابع ،مصر -1967.
25- حيدر لشكري : الكرد في المعرفة التاريخية الاسلامية ، دهوك -2004.
26- خليل ابراهيم السامرائي: صفحات تربوية من التراث العربي ،بدون مكان -1984.
27- د. زينب محمود الخضيري: فلسفة تاريخ عند ابن خلدون ، الطبعة الثانية، بيروت – لبنان ،1985.
28- د. سعد مرسي احمد:تطور الفكر التربوي ، قاهيرة،1993.
29- طاهر عبداللة: نضرية الثورة من ابن خلدون الى ماركس ،لبنان-1979.
30- د. عبدالقادر جغلول:الاشكاليات التاريخية في علم الاجتماع السياسي عند ابن خلدون ، الطبعة الاولى، بدون مكان -1980.
31- عبدالعزيز قباني: العصبية بنية المجتع العربى ، الطبعة الاولى ، بيروت لبنان-1981.
32- د.عبدالمنعم الحفني: علم النفس في حياتنا اليومية ، الطبعة الاولى،قاهيرة-1995.
33- د. عبدالمنعم الحفني :موسوعة الطب النفسي، الطبة الرابعة،المجلد الاول، مكتبة مدبولي-2003.
34- عبد اللطيف الطيبابي: محاضرات في تاريخ العرب و الاسلام، الطبعة الثالثة ، بدون مكان-1979.
35-على شلق: العقل السياسى في الاسلام ،بيروت –لبنان 1985.
36- د.علي عبدالواحد الوافي :عبقريات ابن خلدون ،بلاطبع و مكان،1973.
37-د.علي الوردي :منطق ابن خلدون ،الطبعة الاولى ،بدون مكان ،1380.
38-عمر فروغ :كلمة في ابن خلدون و مقدمته ،بلا طبع ،بيروت -1943.
39-د.علي عبد الكريم سعيد:اصول الضعف ،تقديم :مصطفى جمال الدين ،بلا طبع ،سوريا -1992.
40-صلاح الدين بيسوني رسلان : السياسة و الاقتصاد عند ابن خلدون ،قاهيرة -1992.
41- د.فاضل زكي محمد :الفكر السياسي العربي الاسلامي بين ماضيه و حاضره ،الطبعة الثانية ،بغداد – .1976
42-فوءاد بعلي :ابن خلدون و علم الاجتماع الحديث ،الطبعة الاولى ،سوريا- ديمشق-1997.
43-د.فاخر عقل :التربية قديمها و حديثها، جاميعة ديمشق -1974.
44-لجنة في وزارة التربية : دراسات عن مقدمة ابن خلدون ،طبعة الموسوعة ،قاهيرة -1967.
45-لجنة في الوزارة التربية :مباديء التربية لدور المعلمين ،الطبعة الثالثة ،بغداد-1983م-1403ه.
46-لجنة في وزارة التربية :مدخل الى التربية القديمة ،بلا طبع ،بغداد -2002.

47-محي الدين اسماعيل :توينبي منهج التارخ و فلسفة تاريخ، الطبعة الثانية ،بغداد-1986.

48-محمد عابد الجابري :نحن التراث،الطبعة الاولى ،بيروت -1980.

49-مجد الدين عمر خيري خمش :علم الاجتماع الموضوع و المنهج ،الطبعة الاولى ،عمان –الاردن -2004.

50- د.محمد رفعت عبدالوهاب :مبادىء النضم السياسي ،بلا طبع ،لبنان -2004.

51-محمد جلوب فرحان :الفيلسوف و التاريخ ،بلا طبع ،موصل-1980.

52-محمد راجي حسن كناس :الموسوعة العلمية مفردات من حظارة الاسلامية ،الطبعة الاولى ،بيروت – لبنان -2003.

53-د.محمد طالبي : منهجية ابن خلدون التاريخية ،الطبعة الاولى ،بيروت –لبنان -1981.

54-د.محمود عبدالمولي :ابن خلدون و علوم المجتمع ،الطبعة الثانية ،بدون مكان -1980.

55-معن خليل عمر :تاريخ الفكر الاجتماعي ،بلا طبع ،بغداد -1984.

56-پ.ناشينال شمت :ابن خلدون الموءرخ و عالم الاجتماع و الفيلسوف ،ترجمة و تقديم :ا.د.احسان محمد الحسن

،بلا طبع ،بغداد-1999.

57-د.نبيل عبد الهادي :علم الاجتماع التربوي ،الطبعة الاولى ،الاردن -2002.

58-د.نولر الدين حقيقي :الخلدو نية العلوم الاجتماعية و اساس السلطة السياسية ،ترجمة :الياس خليل ،بلا طبع ،بيروت –

بدون مكان و تاءريخ.

59- نقولا ناهض: الموسوعة العلمية،الطبعة الاولى،جنيف-سويد -1985.

60- هاشم يحيى الملاح و ابراهيم خليل احمد : دراسات فى فلسفة التاريخ ،بلا الطبع ،جامعة الموصل -1988م -1408ه.

61 -وليد خالد الجماس : مفهوم الدولة عند ابن خلدون ،بلا طبع ،بغداد-1987

62-ولتر ج .فيشل :لقاء ابن خلدون لتيمورلنك ،ترجمة :محمد توفيق وردي ،مراجع :يوسف روشا ،بلا طبع ،بيروت –

.1952

**** **گۆڤارەکان :-**

63- **گۆڤاری کاروان : وەزارەتی رۆشنبیری حوکمەتی هەریمی کوردستان : خاوەنی ئیمتیاز :وەزیری رۆنشبیری ،سەر نووسەر :کاروان عبدالله ،ژمارە** 164، **هەولیر** 2002.

64 -**گۆڤاری سەردەم :خاوەنی ئیمتیاز :شیرکۆ بیکەس ،سەرنووسەر :رووءف بیگەرد ،دەزگای. پەخشی سەردەم ،ژمارە** 180-2001

-65 **گۆ ڤاری سەردەم، خاوەنی ئیمتیاز ،شیرکۆ بیکەس ،سەرنووسەر :رووءف بیگەرد ،دەزگای پەخشی سەردەم**

،ژماره 180-2001.
66-مجلة الاستشراق :رئيس المجلس :د.محسن جاسم الموسوى ،مستشار و التحرير :عبد الامير العسمى ،و د.عماد عبد السلام ،عدد-4،بغداد -1990.
67 -مجلة افاق عربية :رئيس ت حرير : شفيق الكمالى :عدد-1،السنة الرابعة ،بغداد-1978
68 -مجلة الامة :عدد38-1404ه

*** سەرچاوەی ئەنتەرنیت

69-www.google.com\ al fustat .
70-www.google. com \ al jazira ،com.
71-www.google .com \al ajeeb

عبد المجيد الصغير (الخليفه) ام (سلطان) اين لحقيقه

72-www.google.com

-علاء بوزيدى: نضريات في الفكر المنهجي عند ابن خلدو ن.

73-www.google.com..

- على بو عزيز: التعريف بابن خلدون

74-www.google .com.\ rezgar .com.

السياسه فى الاسلام

75-www.gooogle.com.

-محمد جابر الانصارى :العلامة ابن خلدون ....ذكرى 55عاما